

**حضرت امام خمینی (ره)**

**بیان هنرهای نمایشی،بیان بسیار رسایی است**
**که در رساندن پیام از بقیه مقوله‌های هنر، بلیغ‌تر و جذاب‌تر است.**



**حضرت آیت الله خامنه‌ای**

**ظریف‌ترین و لمس‌نکردنی‌ترین احساسات و عواطف بشری**
**را هنر تئاتر و بازیگری خوب در نمایش می‌تواند ارائه دهد**
**و شما می‌توانید این کار را بکنید، این نقش شماست.**



**دکتر مسعود پزشکیان**

**هنرمندان باید مشکلات را با زبان هنر بیان کنند و**
**برای جایگاه ایران تلاش کنند**

# شورای سیاست‌گذاری بیستمین جشنواره‌ی بین‌المللی تئاتر کوردی سقز



علی اصغر دریایی، مدیر کل فرهنگ و ارشاد اسلامی کردستان



رشید محمودی، معاون امور هنری و سینمایی اداره کل فرهنگ و ارشاد اسلامی کردستان



محسن بیگلری، نماینده مردم شریف شهرهای سقز و بانه در مجلس شورای اسلامی



حمید رضا خوشبخت، رئیس اداره‌ی فرهنگ و ارشاد اسلامی سقز



ضیاءالدین نعمانی، معاونت محترم استاندار و فرماندار ویژه شهرستان سقز



کیوان بهرامی، رئیس شورای اسلامی شهر سقز



قطب الدین صادقی، دبیر جشنواره



فریدون حامدی، هنرمند



ارسطو گویلی، شهردار شهر سقز



کورش احمدی، هنرمند

بیستەمین فستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقز، لە شوێنێکدا ڕاوەستاوە کە لەوێدا میراتی ڕابردوو و کونجکۆڵی ئەمڕۆ وێڕای یەک، بە بەڕۆژترین شێوە لەگەڵ یەک تێکەڵ دەبن. زمانی کوردی بە تواناییە فراوانەکانی دەنگی، ڕیتمی و وێنەیی خۆی چیتر ئەمساڵ تەنیا کەرەستەی چیرۆکگوتنەوە نییە، بەڵکوو خۆی بووە بە بەرهەمێک بۆ لێکۆڵینەوە و دیسانەوە خوێندنەوەی هەڵسەنگاندنی هونەرمەندان. زمانێک کە لە دڵی مێژووەوە هاتووە و لە بیچمێکی نوێدا سەر لەنوێ گیان دەگرێتەوە.

ئەدەبی کوردی و جیهانی ئەفسانەکان لە کۆنەوە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند بۆ شانۆی ئەم خاکە بووگن. خوێندنەوەی سەرلەنوێی کەسایەتی و گێڕانەوە و ئەفسانەکان لە بەرهەمەکانی ئەمساڵدا نیشان دەدەن کە هۆگرانی شانۆ باشتر لە جاران تێگەیشتوون کە چلۆن دەتوانن ڕابردوو بە شێوەیەک بەکار بهێنن کە نەوەک بارێکی قورس بەڵکوو وەک باڵێکی گەورە و فڕێنەر بۆ بەرهەمهێنانی فۆڕمە نوێیەکان وەها بێت. چیتر ئەفسانەکان لەم فستیڤاڵەدا تەنیا نواندنەوەیەکی مێژوویی نین، بەڵکوو وەک زمانێکی تر بۆ تێگەیشتن لە دۆخی ئەمڕۆ لە تانوپۆی شانۆکاندا دەبیندرێن.

لەگەڵ ئەم میراتە ڕەواییەدا، زمانی جەستەی ئەکتەرەکان لەمساڵدا پتر لە پێشوو دەکەوێتە بەرچاو. جەستە وەک یەکەم ئامرازی دەربڕینی مانا وەک دەقێکی سەربەخۆ بە کار دەهێندرێت. دەقێک کە ئیتر پێش لە دەربڕینی وشە دەردەکەوێت و هەندێک جار بە هاونشینی لەگەڵ زمانی کوردی لایەنی جوان و تازەی بەیان دەدۆزێتەوە.

یەکێک لە جیاوازییە بەرچاوەکانی ئەم خولەی فستیڤاڵ پشتبەستن بە لێکۆڵینەوە و گوتارە زانستییەکان لەسەر شانۆی کوردییە. ڕێگایەک کە نیشاندەری تێگەیشتنی زیاتری هونەرمەندان و پێگەیشتنی فستیڤاڵەکەیە. ئەو توێژینەوانەی زمان، فۆڕم، ئایین، مێژووی زارەکی، ئوستوورەکان و تەنانەت کۆمەڵناسی شی دەکەنەوە، ئەمساڵ نەوەک لە پەراوێزدا بەڵکوو لە ناوەندی گوتارەکاندا دەبیندرێن. ئوو ئەم هاونشینییەی زانست و هونەر ئاسۆیەکی پڕشنگدار بە ڕووی شانۆی کوردیدا دەکاتەوە؛ داهاتوویێک کە لەودا نەریت و داهێنان دوو باڵی مەلێکن.

هیوای هەموومان ئەوەیە کە ئەم هەوڵانە لە ئاکامدا ببن بە هۆی ڕوونتربوونەوەی ڕێگای بەرهەمهێنان و ناسینی دروستی شوناسی شانۆی کوردی. ئێمە لەم بۆڵتێنەدا لەگەڵ نواندنەوەی سات بە ساتی ڕووداوەکان، هەوڵمان داوە بە پشتیوانیی ئەم لێکۆڵینەوانە خوێندنەوەیەکی قووڵتر و زانستییانەتر لە بەرهەمەکان بکەین، ژ بۆ ئەوەی لە سەر ئەو بڕوایەین کە تۆمارکردن و دایکیۆمێنتاریی زانستی، بەردی بناغەی بەردەوامی و پێشکەوتوویی ئەم ڕەوتە بە بایەخە کولتوورییەیە.

جاوید ڕۆح فەدا




**خاوەن ئیمتیاز**

دایەرەی فەرهەنگ و ئێرشاد ئیسلامی سەقز

**سەر دەبیر**

جاوید ڕوحفەدا

**دەستەی نووسەران**

ئیبراهیمی ئیبراهیمی

کاوان فەتحی

دیاکۆ ئەحمەدی

نسا خانی

ئارام ئەمینی

**گرافیک**

حامید حەسەنی

**چاپ**

پەنجەرە

چاپخانەی پەنجەرە

ناوەندی چاپ و رۆشنبیری پەنجەرە





## ڕێـزنامـــــــــه

دبیر بیستمین جشنواره تئاتر کوردی سقز

دکتر قطب الدین صادقی

برگزاری بیستمین جشنواره تئاتر کوردی سقز، فرصتی مغتنم بود تا این گردهمایی بار دیگر انگیزه‌ای شود برای خلق دهها اثر نمایشی و تجمع شمار کثیری از هنرمندان شهرهای گوناگون، تا هر کدام در ترکیبی از احساس و اندیشه، پیامی روشن و نیکو را با تکنیکی سنجیده در فضای تالارها پراکنده، و شرکت کنندگان را به ارتباطی مهرآمیز دعوت کنند.

تلطیف عواطف، انگشت نهادن بر کژیها، شناخت اجتماعی بیشتر، ستایش راستی و عدالت، و تحلیل مصائب و رنج‌ها به منظور عبور از آنها، از اهم درون مایه‌های آثاری بود که از عمق جان و دل هنرمندان برآمده بود.

و از آن مهمتر فراهم آوردن جوی بود سرشار از دوستی و تخیل و تغزل، تا روح و روان آدم‌ها به پیوندی عمیق‌تر برسند. بنابراین جشنواره پلی است برای تفاهم، فرصتی است برای خلاقیت، بهانه‌ایست برای دوستی، و مناسبتی برای هرچه بیشتر فرهنگی کردن فضای شهر و زمانه.

بر خود واجب می‌دانم تا از جمیع مسئولان، هنرمندان، حامیان و قاطبه‌ی اهالی شریف سقز که از ابتدا تا انتهای جشنواره مشوق، همراه پشتیبان ما بودند از صمیم دل سپاسگزاری می‌کنم، زیرا بدون یاری و یاوری آنها برگزاری این جشنواره محال می‌نمود.



پیام مدیرکل هنرهای نمایشی

به مناسبت بیستمین جشنواره تئاتر کُردی سقز

تئاتر، آیینه تمام‌نمای فرهنگ، زبان، هویت و اندیشه یک ملت است و جشنواره تئاتر کُردی سقز، در طی دو دهه برگزاری مستمر، به‌درستی توانسته است جایگاهی شایسته در پاسداشت فرهنگ غنی مناطق کُردنشین و تقویت همبستگی ملی به دست آورد.
بیستمین دوره این جشنواره، در سالی برگزار می‌شود که با شعار «مشارکت برای سرمایه‌گذاری» نام‌گذاری شده است؛ شعاری که در عرصه فرهنگ و هنر، بیش از هر چیز، بر هم‌افزایی ظرفیت‌های مردمی، مشارکت هنرمندان، نهادها و سرمایه‌گذاری اندیشه‌محور برای اعتلای هنرهای نمایشی دلالت دارد. بی‌تردید، جشنواره تئاتر کُردی سقز نمونه‌ای روشن از این مشارکت فرهنگی و سرمایه‌گذاری ماندگار در حوزه هویت، زبان و هنر بومی است.
توجه ویژه به زبان و ادبیات کُردی به‌عنوان پشتوانه‌ای ارزشمند و الهام‌بخش، فرصتی مغتنم برای تشویق نویسندگان و نمایشنامه‌نویسان است تا با تکیه بر اصالت‌ها، ارزش‌های فرهنگی و میراث ملی ـ اسلامی مناطق کُردنشین، متونی فاخر و ریشه‌دار خلق کنند. همچنین نگاه نو و خلاقانه به فرهنگ عامه، رسوم، بیت‌ها، آیین ها و سنت‌های کهن این دیار، می‌تواند پلی میان گذشته پربار و آینده پویای هنر نمایش ایجاد کند.
این جشنواره، بستری شایسته برای تبادل اندیشه‌های خلاق و نوگرایانه میان هنرمندان و نیز تعامل سازنده با عموم مردم فراهم آورده و با جلب مشارکت اجتماعی، زمینه رشد و اعتلای هنرهای نمایشی در مناطق کُردنشین را بیش از پیش مهیا ساخته است.
از دیگر کارکردهای ارزشمند این رویداد، کشف و پرورش استعدادهای نسل جوان و ایجاد فضایی سالم، امیدبخش و هنرمندانه برای آنان است؛ امری که در کنار توجه به موضوعات مهمی چون خانواده، فرزندآوری و جوانی جمعیت، می‌تواند نقش مؤثری در ترسیم آینده‌ای پویا و بالنده برای جامعه ایفا کند.
اینجانب ضمن قدردانی از تلاش‌های تمامی دست‌اندرکاران، هنرمندان، دبیرخانه و حامیان این جشنواره، امیدوارم بیستمین جشنواره تئاتر کُردی سقز، گامی مؤثر در مسیر توسعه متوازن فرهنگی، تقویت هویت ملی و شکوفایی هنر نمایش در ایران عزیز باشد.

با آرزوی توفیق روزافزون

رضا مردانی دبیرکل هنرهای نمایشی

# پیام



محسن بیگلری
نماینده مردم فرهیخته سقز و بانه

بیستمین جشنواره تئاتر کوردی سقز، پاسداشت هویت، فرهنگ و هنر مردمانی است که روایت زندگی را با صداقت، احساس و اصالت بر صحنه جاری می سازند. تئاتر کوردی نه تنها آینه‌ای از تاریخ و رنج‌ها و شادی‌های این سرزمین است، بلکه پلی است میان نسل‌ها؛ پلی برای انتقال ارزش‌های فرهنگی و روایت‌هایی که ریشه در دل مردم دارند.

تلاش‌های هنرمندان شریف، کارگردانان خلاق، گروه‌های نمایشی، داوران‌و برگزارکنندگان کوشای جشنواره را ارج می‌نهم.

امید است ثمره این جشنواره، شکوفایی استعدادهای جوان، تقویت همدلی و اعتلای هنر تئاتر در دیارمان باشد و شاهد درخشش بیشتر هنرمندان کورد در عرصه‌های ملی و بین‌المللی باشیم.

با آرزوی موفقیت و بهروزی برای تمامی هنرمندان این سرزمین.



علی اصغر دریایی
مدیرکل فرهنگ و ارشاد اسلامی و
دبیر شورای فرهنگ عمومی استان کردستان

با سلام و احترام،

جشنواره بین‌المللی تئاتر کردی سقز، یکی از بزرگ ترین رویدادهای فرهنگی و هنری است که نه تنها در سطح منطقه‌ای، بلکه در سطح جهانی نیز جایگاه ویژه‌ای دارد. این جشنواره فرصتی طلایی برای نمایش و معرفی فرهنگ غنی و ریشه‌دار اقوام کرد، می‌تواند نقش مؤثری در تقویت هویت فرهنگی و اجتماعی ایفا کند. هدف از برگزاری این جشنواره صرفاً نمایش آثار هنری نیست، بلکه یک حرکت فرهنگی عظیم، تقویت روحیه همبستگی، وحدت ملی و هویت جمعی در میان مردم است. در این راستا، از تمامی اقشار جامعه، نهادها و ادارات می خواهیم که با مشارکت فعال خود در این رویداد، همراهی و همدلی خود را با این هدف عالی به نمایش بگذارند. جشنواره تئاتر کردی در واقع جشن فرهنگ، تاریخ، زبان و هنر اقوام کرد است.

این جشنواره به ما این امکان را می‌دهد که در سطح جهانی، فرهنگ غنی و متمدن کردستان را معرفی کرده و در کنار هنرمندان برجسته، به نمایش بگذاریم. این رویداد فرصتی است برای تجلی هویت فرهنگی ما و پاسداشت میراث هنری و اجتماعی ایران زمین که در طول قرن‌ها به یادگار مانده است.



ضیاالدین نعمانی
معاون استاندار و فرماندار ویژه شهرستان سقز

فرهنگ، جان زنده هر سرزمین است و هنر، زبان گویای آن و تئاتر، نه تنهاَ جلوه‌ای از زیبایی و خلاقیت هنرمندان ماست، بلکه پلی است میان گذشته و امروز. تئاتر کُردی روایتگر بخشی از گذشته، امروز و آینده است که در طول سالیان، با روایت رنج‌ها، شادی‌ها، امیدها و حماسه‌های مردم خود، نقش مهمی در تقویت همبستگی اجتماعی و اعتلای سرمایه فرهنگی منطقه ایفا کرده است؛ امروز نیز این هنر، همچون گذشته، می‌تواند مسیر گفت وگو، همدلی و توسعه فرهنگی را هموارتر سازد. اینک که به همت هنرمندان، اندیشمندان و دوستداران فرهنگ و اعضای دبیرخانه دائمی از جمله دبیر، دبیراجرایی، بیستمین دوره جشنواره تئاتر کُردی آغاز می‌شود، اینجانب ضمن ادای احترام به پیشکسوتان عرصه هنر نمایش و ارج نهادن به تلاش همه برگزارکنندگان و هنرمندان، آغاز این رویداد ارزشمند را به جامعه هنری، فرهنگی و مردم فرهنگ‌دوست شهرستان سقز تبریک عرض می‌نمایم. یستمین دوره جشنواره تئاتر کُردی سقز، فرصتی ارزشمند برای پاسداشت فرهنگ غنی این مرز و بوم است. این جشنواره، نه تنها آیینه‌ای از هویت و اصالت این سرزمین کهن است، بلکه بستری پویا برای بروز خلاقیت، اندیشه‌ورزی و هم‌افزایی هنرمندان جوان و پیشکسوت به شمار می‌آید. بی‌تردید، برگزاری چنین رویدادهایی می‌تواند زمینه‌ساز پویایی فرهنگی، همبستگی اجتماعی و شناخت دوباره ریشه‌های معنوی ما باشد؛ زیرا جامعه‌ای که آیین‌ها و سنت ها خود را گرامی می‌دارد، آینده ای روشن‌تر برای فرزندانش می‌سازد. با قدردانی از تلاش خستگی‌ناپذیر هنرمندان، برگزارکنندگان، داوران و تمام دست اندرکارانی که در شکل‌گیری این رویداد فاخر سهم داشته‌اند، امید دارم که این دوره از جشنواره، گامی مؤثر در ارتقای جایگاه تئاتر کُردی در سطح ملی و بین‌المللی باشد و شاهد درخشش هر چه بیشتر هنرمندان شایسته این دیار باشیم. امید دارم حاصل این برنامه، نه تنها تماشای اثری نمایشی، بلکه فرصتی برای تبلور فرهنگ و وحدت و گامی در مسیر معرفی غنای هنری و آیینی و تجربه‌ای معنوی و فرهنگی برای مردم شریف شهرستان سقز و همه دوستداران هنر باشد؛ تجربه‌ای که در آن، صدای نیاکان، طنین ایمان، و رنگ‌های زندگی در کنار هم طنین‌انداز شوند امسال برای اولین بار در تاریخ این رویداد کلان و شاخص فرهنگی و هنری، ردیف اعتباری از محل سرفصل جاذبه های گردشگری و میراث فرهنگی شهرستان سقز تعریف شد که نشان دهنده توجه به این مهم است. انتظار می رود که متولیان و سیاستگذاران این برنامه در وزارت فرهنگ و ارشاد اسلامی و اداره کل فرهنگ و رشاد اسلامی کردستان ضمن درج تئاتر کردی در تقویم جشنواره ها، با برگزاری هوشمندانه و به دور از جشنواره زدگی، تولید حتوای فاخر را رصد و با تقویت نقدنویسی و نمایشنامه نویسی، هگشای این هنر فاخر باشند.



**ارسطو گویلی**

**شهردار کهن شهر سقز**

بیستمین دوره جشنواره تئاتر کُردی سقز در حالی برگزار می‌شود که این جشنواره امروز به یکی از معتبرترین رویدادهای فرهنگی منطقه و یکی از مهم ترین سرمایه‌های هویتی کهن شهر سقز به عنوان پایتخت تئاتر کُردی تبدیل شده است. سال گذشته در مراسم افتتاح گذر هنر شانو و رونمایی از المان تئاتر کُردی تأکید کردم که رقابت امروز میان شهرهاست، نه میان کشورها؛ و این مزیت‌های فرهنگی، تاریخی، روایی و توانایی‌های شهروندان هستند که جایگاه یک شهر را در رقابت سازنده و پایدار مشخص می‌کنند. امروز خوشحالم که می‌بینم جشنواره تئاتر کُردی سقز به یکی از روشن‌ترین جلوه های همین مزیت‌ها بدل شده است.

«فستیوال شانوی کوردی» نه تنها بزرگ‌ترین برند فرهنگی شهر سقز است، بلکه صحنه‌ای برای دیده شدن خلاقیت، اصالت و صدای مردم ماست. این جشنواره آینه‌ای است که فرهنگ کردی، روایت‌ها، دغدغه‌ها و زیبایی‌های آن در آن بازتاب می‌یابد و همین هویت است که سقز را در میان شهرهای فرهنگی ایران متمایز می‌سازد. به عنوان شهردار سقز با افتخار اعلام می‌کنم که شهرداری و شورای اسلامی شهر همچون سال‌های گذشته، با تمام توان در کنار جشنواره ایستاده‌اند و حمایت از آن را وظیفه ای فرهنگی، اجتماعی و هویتی می‌دانند. گشایش گذر هنر شانو، ساخت و نصب المان شانو، و سرمایه گذاری مادی و معنوی در حوزه فرهنگ، بخشی از تعهد مدیریت شهری به توسعه فرهنگی پایدار بوده است و این مسیر با قدرتِ ادامه خواهد یافت. بیستمین دوره جشنواره تئاتر کُردی سقز تنها یک رویداد هنری نیست؛ نقطه عطفی در مسیر بلوغ و گسترش هنر کُردی است. این جشنواره از سقز آغاز می‌شود، اما متعلق به همه مردم فرهنگ‌دوست کرد است؛ به هنرمندانی که بی‌وقفه آن را زنده نگه داشته‌اند و به شهروندانی که با عشق و همراهی خود آن را به یک رخداد ماندگار تبدیل کرده‌اند.



**دکتر کیوان بهرامی**

**رئیس شورای اسلامی شهر سقز**

جشنواره بین‌المللی تئاتر کوردی سقز، نه تنها یک رویداد هنری، بلکه آیینه‌ای روشن از فرهنگ، هویت و توان خلاقانه مردمانی است که هنر را شیوه بیان زندگی خویش قرار داده‌اند. این جشنواره، همچون گذشته، سقز را به کانون توجه هنرمندان، پژوهشگران و دوستداران تئاتر از سراسر جهان تبدیل می‌کند و فرصتی گران‌بها برای گفت‌وگو، هم افزایی و نمایش ظرفیت‌های فرهنگی این شهر است.

شورای اسلامی شهر و شهرداری سقز، با باور به نقش تعیین‌کننده هنر در توسعه فرهنگی و اجتماعی، حمایت از رویدادهای فاخر و هویت‌ساز را رسالت خود می‌داند. امروز، برگزاری منظم و پربار این جشنواره، نتیجه تلاش هنرمندان، استانداری و فرمانداری ویژه شهرستان سقز ،دبیرخانه جشنواره، اداره فرهنگ و ارشاد اسلامی، شورای اسلامی و شهرداری سقز و همه نهادهایی است که با عشق و مسئولیت پذیری در مسیر اعتلای فرهنگ کوردی گام برداشته اند.

ضمن تبریک به تمامی هنرمندان، داوران، میهمانان و مردم فرهنگ‌دوست سقز، امیدوارم این دوره از جشنواره نیز آغازی باشد بر فصل تازه‌ای از رشد فرهنگی، توسعه گردشگری و معرفی هرچه بیشتر ظرفیت‌های هنری کهن شهر سقز در سطح ملی و بین المللی.



**حمیدرضا خوشبخت**

**رئیس اداره فرهنگ و ارشاد اسلامی سقز**

تئاتر عرصه ای گسترده برای نیل آدمی به ادراک خویش و جهان پیرامون است. در ساخت متون نمایشی و تئاتر است که مفهوم انسانیت می تواند به حد اعلای خود برسد و لابه لای این آفرینش ها بوسیله خود انسان کشف شود.

جشنواره بین المللی تئاتر کردی سقز به مثابه رسانه ای فاخرفرصتی است برای تبادل اندیشه ها در بین اساتید و هنرمندان مناطق کردنشین و در مسیر آگاه ساختن جامعه.

بیستمین جشنواره بین‌المللی تئاتر کردی سقز با حضور و حمایت پرشور مردم، اساتید، پیشکسوتان و تولید آثار ارزشمند هنرمندان هنرهای نمایشی جلوه ای زیبا به خود گرفته است. این جشنواره فرصتی است برای توسعه فرهنگی و هنری شهرستان سقز و معرفی این شهر بعنوان پایتخت تئاتر کردی. ضمن تشکر از حمایت مردم ، مسئولین و هنرمندان گرانقدر از تمامی اعضای دبیرخانه که چهارماه تلاش کردند تا میزبان خوبی برای این عزیزان باشیم نهایت تقدیر و تشکر را بعمل می آورم.

## پەیامی هونەرمەندان



بەختیار عەلی

لەم سەردەمەدا کە تا دێت هونەر زیاتر فڕێدەدرێتە پەراوێزەوە، کارکردن بۆ زیندوو ڕاگرتنی شانۆ، وەک کارە بۆ زیندووڕاگرتنی مانای ژیان خۆی. ئەم جۆرە ڤێستیڤاڵانە کە بە توانای کەم و مۆراڵی بەرزەوە سازدەکرێن، وەک ئەوەیە هونەرمەندان بە مشتی ڕووتی خۆیان بە دەرگاکانی مێژوودا بکێشن. لەم ساتەدا کە هونەر لە هەرێمی ئێمەدا لە شەڕێکی سەختتدایە لەگەڵ پوچی و شەڕانگێزی و دواکەوتندا، ئێرە تەنیا مەیدانی پێکدادان نییە، بەڵکو دەبێت بەڵگەی هەرەسهێنانی مەحاڵ بێت لە بەردەم تینی هونەردا... ئەفسوس کە ئێمەمانانی دوور وڵات، لە بینینی ئەو ساتانە بێبەشین، هیوای ڕۆژانێکی جوان و نمایشگەلێکی پڕچێژ و پڕ مانا بۆ شارە ئازیزەکەتان دەخوازم. لە یادتان بێت، تەنیا ئەو ڕاستییانەلە مێژوودا وننابن و ناسڕدرێنەوە کە هونەر دەیاننوسێتەوە.



دانا ڕەئووف

ئێمە لە باشوور هەمیشە بزووتنەوەیەکی شانۆیی بەهێزمان هەبووە، تیپە شانۆییەکانی کوردستان، بە تایبەتی لە شاری سلێمانی هێندە بەهێز و جۆراوجۆر بوون، ڕووبەڕووی شانۆکانی بەغدا دەبوونەوە. ئەمە لە هەشتاکاندا، بەداخەوە لەم سەردەمەدا شانۆ پاشەکشەی کردووە و هەمان هێز و وزەی جارانی نەماوە، بەڵام لە ڕووی نووسینی دەقی شانۆییەوە، هەرچەندە هەوڵی زۆر جدیش هەبووە، نەمانتوانیوە زەمینەیەک بۆ دروست کردنی داب و نەریتێکی دەقی شانۆیی، بۆ شانۆی کوردی بخوڵقێنین. لە ڕۆژهەڵات بە پێچەوانەوەیە؛ هێندەی من ئاگادارم جووڵانەوەیەکی بەهێز بۆ بەرهەمهێنان و دروستکردنی زەمینەیەکی پتەو بۆ خوڵقاندنی دەقی شانۆیی هەیە، کە ئەمەیش ڕۆڵێکی گەورەی دەبێت لە دروستکردنی شانۆیەکی کوردیدا. ئایندەی دەقی شانۆی کوردی لە ڕۆژهەڵاتەوەیە و هیوادارم ئەو هێز و وزە و دیدە ئایندەییە بۆ شانۆی کوردی لە ڕۆژهەڵات دانەمرکێتەوە و کاریگەرییەکانی بەسەر باشوور، باکوور و ڕۆژئاواوە بەدی بکەین.





صابر دل بینـــــا

## از صحنه به جهان

شاید دیگر زمان آن رسیده که اندکی بی تعارف و مجامله با هم حرف بزنیم که آیا جشنواره ی تئاتر کردی در این بزنگاهِ تاریخی توانسته است راوی آمال، تاریخ و فرهنگ و تمدن انسانِ کرد باشد؟ آیا اساسا توانسته ایم به تعریفی از تئاتر کردی برسیم؟ تئاتری که دارای مبانی نظری و فرم پیشنهادی خود باشد؟ یا هم چنان در حالِ بازتولید آثار اجرا شده در مرکز کشوریم و براین گمان ناصوابیم که همه ی اتفاقات خجسته در تهران اتفاق می افتد؟ بی گمان ما به عنوان بخشی از جامعه ی کرد مسائل و مشکلات خود را داریم، تاریخی داریم که هنوز روایت نشده است و اگر شده است یا توسط دیگران با نیات مغشوش و مشکوک شده است یا ابتر روایت شده است. ادبیاتی( کلاسیک و معاصر) غنی داریم که هنوز به سراغ آن نرفته ایم و معضلاتی داریم که هنوز روایتش نکرده ایم.در آستانه ی بیستمین جشنواره ی تئاتر کردی امیدوارم هنرمندان کرد مرغ همسایه را غاز نپندارند و براین باور باشند که رسالتی بس عظیم بر گرده ی آنان است به نامِ فرهنگ و تاریخ کرد که باید راوی صادق آن باشند. زمان آن رسیده است که از این صحنه که خانه ی ماست به جهان مان نگاهی بیفکنیم.



شۆعلە عەزیزی

دیسانەوە شانۆیە و دڵەتەپە و بێقەراری لە ناخمدا سەری هەڵدا. خۆشەویستییەکی سەیرە، تەواو ڕۆحم داگیر دەکات. تەختەی شانۆ ئەفسوونێکە بەرەولای خۆ دەمکێشێت و منیش توانای بەرەنگاری وخۆڕاگریم بۆ نامێنێ. ساڵەهای ساڵە ئەم خۆزگەیە وەک عەشقێکی پیرۆز دڵ و دەروونم زاخاو دەدا و هەستێکی پاراو دەخولقێنێت. هانم دەدا کیژێ لە کیژانی سەر شانۆ بم، بەرامبەر بە بەردەنگ‌هونەرو جوانی بنوێنم. هزر و ئاواتوخۆزگەکان لە ڕێگەی شانۆی بەرزەوە لەگەڵ بینەر دابەش بکەم. شانۆی کوردی و شاری جوانم سەقز ئەم دەرفەتەی بۆ ڕەخساندم. یەکەم فستیڤاڵی کوردی وەک کۆرپەیەک دەستی گرتم و بەرەوخۆی ڕایکێشام و هەوڵی دا پەروەردەم بکات. سەقز شاری مێژوو و ئەدەب بووەتەمەڵبەندیڕووناکی.بەختەوەرم وەک هەموو شانۆکاران لە بیست خولی فستیڤاڵی شانۆی کوردی بەشدار و لایەنگر بم و هەوڵم داوە ڕۆڵە ی باشی ئەم شانۆیە بم. لە ئەزموونی ئەم ساڵانە سەرهەڵینم و گەشە بکەم، چونکە بە دڵ لەو باوەڕەدام کە شانۆی کوردی ناوی سەقز بەرز دەکات و ئێمەش بووینەتە ڕۆڵەی ئەو.



**فریدون حامدی:**

**جشنواره تئاتر کوردی سقز باید نفس تازه‌ای بکشد و خون تازه‌ای در رگ‌هایش جریان یابد.**

اینک که در آستانه بیستمین دور این رویداد ارزشمند فرهنگی هنری ایستاده‌ایم و 27 سال از برگزاری اولین جشنواره را پشت سر می‌نهیم، جای آن دارد با نگاهی موشکافانه و پرسشگر عملکرد و دستاوردهای 19 دوره پیشین را واکاوی و با انصاف و عدل به قضاوت بنشینیم. این واقعیت که جشنواره طی این سالیان، فراز و نشیب‌های فراوان به خود دیده و بی‌مهری‌ها و بدعهدی‌های متعدد را آزموده، بحثی مفصل است که در این مقال نمی‌گنجد. اینکه چه کسانی با دلسوزی و تعصب بسیار و برحسب وظیفه و علاقه شخصی، مرارت‌های بسیاری را برای سرپا نگاه داشتن این نهال نوپا تحمل نمودند را نیز نمی‌توان انکار کرد... آنچه به عنوان یک علاقمند و دوستدار تئاتر کوردی ذهن پرسشگرم را به چالش می کشد، سوالات و ابهاماتی است که پس از 19 دوره جواب مشخصی برای آن ندارم. پرسش‌هایی که مخاطب بخشی از آن، هنرمندان و بخش دیگر، مسئولان و متولیان فرهنگی استان و شهرستان‌اند... اگر پس از 27 سال و برگزاری 19 دوره موفق جشنواره، هیچ تضمین و اطمینانی برای برگزاری دور بعدی وجود ندارد چه کسی یا کسانی باید پاسخگو باشند؟ در انبوه اعتبارات و هزینه‌های ساری و جاری، سهم استان فرهنگی کردستان و شهرستان سقز برای برپایی جشنی 5 روزه با حضور 250 هنرمند شرکت کننده چقدر است؟ مجموعه شهرداری و متولیان فرهنگ عمومی شهر، چه زیرساخت و مقدماتی را برای این برند دهن پرکن و پرطمطراق- پایتخت تئاتر کوردی جهان- فراهم کرده اند؟ طی این سالیان چه بر سر بودجه‌های تخصیصی و تکلیفی برای شور و نشاط اجتماعی و توسعه فضای فرهنگی و... آمده است؟ جواب این همه کاستی و کژی فرهنگی اجتماعی سطح شهر را چه کسانی باید بدهند که از حمایت رویدادهای فرهنگی هنری سطح شهر خودداری کرده و شانه خالی می‌کنند؟ مگر نه این است که هنر و فرهنگ از شاخصه‌های شهرنشینی و از مولفه‌های ارزیابی میزان پیشرفت یک ملت است؟ و اما سوزنی بر خود... چه بر سر ما آمده است که توان و پتانسیل و قدرت اراده و عشق جوانان را نادیده انگاشته و هیچ سهمی در تصمیم گیری و عمل برای آنان قائل نیستیم؟ چه چیزی این توهم خود بزرگ بینی و انحصار را به وجود آورده که چنان حس مالکیتی بر جشنواره و فعالیت‌های هنری شهرستان داریم، که به جز خود، کسی را لایق و سزاوار آن جایگاه نمی‌دانیم؟ مگر در این دو دهه چه کرده‌ایم که دیگران از انجام آن عاجزند؟ چه میزان راه را برای بروز و شکوفایی استعدادهای بکر و جوان هموار کرده‌ایم که انتظار رشد و تعالی هنری داشته باشیم؟ دستاورد چندین سال برگزاری جشنواره - به عنوان عوامل و دست‌اندرکاران اجرایی جشنواره- چه بوده است که مدام برای دستیابی به آن به هر ترفندی متوسل می‌شویم؟ چقدر از پتانسیل این 19 دوره گذشته بهره جسته ایم؟ از هنر هنرمندان بزرگ، توشه‌ای برگرفتیم؟ آزمودیم و تجربه اندوختیم؟ و برای اعتلای فکری و ارتقای توانایی‌های اجرایی خود چه تلاش شاخصی کرده ایم؟ از میان خیل عظیم جوانان علاقمند و عاشق این هنر ناب، چند گروه حرفه‌ای و جدی شناسایی و برای خلق آثار هنری، هدایت و حمایت شدند؟ چرا همواره بیرون گود نشسته و توانایی و خلاقیت دیگران را با نگاهی مغرضانه انکار می‌کنیم؟ دیکته نانوشته غلطی ندارد... چشم‌ها را باید شست جور دیگر باید دید. پی نوشت: مطلبم را به زبان رسمی کشور نوشتم تا برای همه مسئولین و متولیان، مفهوم‌تر و هم اینکه مهمانان کورد زبان، که از درد و مشکلات ما آگاه نیستند و دل در گرو این رویداد مهم دارند و دلخوش به آنند، متوجه نشوند.

# لیژنـــەی هەڵسەنگاندن

# لیژنەی هەڵبژاردنی شانۆکان

دوکتور موحەمەد ڕەحیمیان



پەرویز ئەحمەدی



کامران شەهلائی



ڕەسولی بانگین



فەرزاد حەسەن میرزائی



## لیژنەی هەڵسەنگاندن شانۆ

ڕەحیم عەبدول ڕەحیم زادە



گۆران عەلی کەریم



عەلی زەفەر قەهرەمانی نژاد



## لیژنەی هەڵسەنگاندن شانۆ نامە

**باقر سرووش**



**کوورش زارع رەمشتی**



**کیانووش موحەممەدی**



# لیژنەی هەڵسەنگاندن بەشی وێنە



**خالێد سەعیدپوور**

سکرتێری بەشی وێنە

شۆرش موباشری



ژاڵە بەهرامی



فەربۆد باوەبی



| ردیف | نمایشنامه | نویسنده | شهر |
|---|---|---|---|
| 1 | به کری بینه ر | رضا رستمی | سقز |
| 2 | من جونەیدم | مەحمود نەجمەدین | سلیمانیه |
| 3 | خانزاده چکۆل | رضا رستمی | سقز |
| 4 | ڕاپۆرتی سیخوڕێک | هەردی شەفیق | انگلستان |
| 5 | کام زیندان راستەقینەیه | ارین یوسف | سنندج |
| 6 | هیراد | فریدون محمدزاده | سقز |
| 7 | سپی ره ش سوور | سیمین چایچی | سنندج |
| 8 | دوایین نواندن | هدایت کریم زاده | بانه |
| 9 | گومان به روانینیکی دیکه وه | دلیر عزیزی | بانه |
| 10 | تابلۆکەی باپیره عەلی | مەتین هێژا عەلی | سلیمانیه |
| 11 | خەونی داروین | ستار محمدپور | سقز |
| 12 | وڕینه ی وەهم | شهرام ملازم | سقز |
| 13 | پلنگ و ماه | محمدرضا زندی | کرمانشاه |
| 14 | داوەڵەیکی سووتاو | شورش احمدی | بوکان |
| 15 | مشتێ ژاڵانه | موسی هدایتی | قروه |
| 16 | کەژوان و دوو براکه ی | ستار محمدپور | سقز |
| 17 | ئەفسانەی ئەسپان ئازاد | رسول بانگین | ارومیه |
| 18 | دواهەمین قاوه خانه وڵات | جاوید روح فدا | سقز |
| 19 | خۆری دیل کراو | جاوید روح فدا | سقز |
| 20 | دواهه مین رۆل | ساسان مفاخری | سنندج |
| 21 | کیش | سمیه یوسفیان | سقز |
| 22 | ارین | مجید درویش نژاد | ارومیه |
| 23 | ساکار | مبین خدری | بانه |
| 24 | زینی نقشی | سعید پاکزاد | کرمانشان |
| 25 | پورتریکی خیزانی | تریفه کریمیان | تهران |
| 26 | ڕەنگی ڕووبار | فرمیسک مسته فا | آلمان |

| ژماره | ناوی بەرهەم | دەرهێنەر | شار |
|---|---|---|---|
| 1 | ژماره 33 | زمناکو عەبدولکەریم | کەرکووک |
| 2 | روح دماڵ بچۆکین شێکسپێر دا | کاروان سیلۆ | دهۆک |
| 3 | یەک فیشەک | شوان فواز مەحموود | سووریا |
| 4 | بویه چیاکان هیچ یادگاریەکیان نیه | گۆران عەدنان | |
| 5 | موسیقای سوور | گەزیزه عومەر | سلێمانی |
| 6 | شەوێکی لەبیرنەکراو | خەڵات نەوزاد | هەڵەبجە |
| 7 | قەلای دم دم | ڕەجەب ئیچەن | بەتمان |
| 8 | سەلمە | نەژاد نەجم | کەرکووک |
| 9 | نوکته چی | مەریوان زەنگەنە | کەرکووک |
| 10 | مێلوّدیێن سەر پێ ژیانێ | سیزار محەمەد ئەمین | دهۆک |
| 11 | پینگاف ئانوگریا | حسێن عەبدولواحد | دهۆک |
| 12 | شەهناز | وەلید عومەر | سووریا |
| 13 | هنین | عەبدولرەحیم ئیبراهیم | سووریا |
| 14 | پارانۆیا | محەمەد عومەر | سووریا |
| 15 | ئازی ئاوا | یسر هاشم زاده و کامران جەباری | بیجار |
| 16 | ژیان | ئەمیر ئیسماعیل نەژاد | جوانرۆ |
| 17 | ژنی بەردینه | جەعفەر پاک نیا | ورمێ |
| 18 | ڕێگای بێ ڕێبوار | موختار موحەمەدی | مەریوان |
| 19 | چەرمەسەریەکانی پیاوێکی مردوو | فەرزاد سرووش-کاویان مەعرووفی-بەهاره خزره سواره | مەهاباد |
| 20 | سندوقی داوابەر | سیاوەش بیدارمەنش | مەهاباد |
| 21 | هەساره | عەلیرەزا نەورۆزی | سنه |
| 22 | ته نیا امویست زیندوو بمینم | شاهو یاراحمدی | سەقز |
| 23 | شانویه ک بو فستیوال | محەمەد سەلیمی | دیواندەره |
| 24 | بەساڵاچوویی | ئەفشین خدری | سنه |
| 25 | پلنگ و مانگ | محمد زندی | کرماشان |
| 26 | تووه سووره | حەمیدڕەزا ئەحمەدی کوردستانی | سنه |
| 27 | تاسانن | نیلوفر قلعه شاخانی | کرماشان |
| 28 | مرگی ئه وین | چیاکۆ ئەمین وەزیری | بانه |
| 29 | شیرین | لەیلا مەهدی ئابادی | کرماشان |
| 30 | شەباهەنگ | عەلی زیستی | کرماشان |
| 31 | ئاژدیهاک | ئارمین دزفوولی زاده | کرماشان |
| 32 | تۆپان | پەردیس پوورقەهرمان | ئیلام |

# شانۆکانی بەشـــدار لە فیستیڤاڵ



موحەممەد سەلیمی






مائده دارلەکی





حەمیدرەزا ئەحمەدی کوردستانی



سیزار موحەممەد ئەمین








## نیلوفر قلعه شاخانی




## ولید هومر





کاروان سیلو






یاسر هاشمزادە



کامران جەباری





محەممەد عومەر






خەڵات نەوزاد





ئەفشین خدری






سامان ئێرەمی



## لێژنەی بەڕێوەبەری بیستەمین خولی فیستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز

دوکتۆر قوتبەدین سادقی
بەڕێوەبەر فستیڤاڵ





حەمیدرەزا خۆشبەخت
سکرتیری بەڕێوەچوونی فیستیڤاڵ



کوورش ئەحمەدی
نوێنەری بەڕێوەبەر فستیڤاڵ



شۆعلە عەزیزی
بەرپرسی هاوئاهەنگی بەشەکان



ئومید نیکرۆژ

**نوسینگەی فیستیڤاڵی نێو دەوڵەتی شانۆی کوردی سەقز**



شۆعلە عەزیزی



نازیلا ئەمینی



ئەسما ماجیدی



سەعدی سلێمانی



سامان داروەند



هاوڕێ ڕەزایی



جاوید ڕووح فەدا

# کۆمیتەی پێوەندییە گشتییەکان



سادق زارع

**کۆمیتەی نیشتەجێکردن**

کەژاڵ ڕۆستەمی

عێرفان عەلایی



خالید وەلی پور

**کۆمیتەی ماڵی**

هیوا حاجی موحەمەدی

خەلیل ئەحمەدی



**کۆمیتەی بەشی تکنیکی هۆڵەکان**

بەهمەن کەریمی

کارۆ (فەردین) فەرج پوور



سامان داروەند

**کۆمیتەی لێکۆڵینەوە**

بهزاد حاجی باپیر

کیان نەوجوان



نەوید مۆرتەزایی

**کۆمیتەی بەشی هۆڵەکان**

نگار دەرباری

شاهەنگ عەزیزی

کامران کەریمی

فەرزین ئیران نژاد

پەیام مەجیدی

موحەمەد دەرویشی

پەرهام ئامادەکار



جاوید ڕووح فەدا

**کۆمیتەی بوڵتەن**

حامید حەسەنی :گرافیست

دەستەی نووسەران

ئیبراهیم ئیبراهیمی

کاوان فەتحی

دیاکۆ ئەحمەدی

نسا خانی

ئارام ئەمینی



سامان ئرەمی

**کۆمیتەی بەشی تکنیکی هۆڵەکان**

موحەمەد عەزیزی



سەعدی سلێمانی

**کۆمیتەی پێوەندییە گشتییەکان**

ئەسما ماجدی

ئاریەن ئازاد

هوشمەند ئسفەندی

یاوەر `عەلیزادە

ئەمیر شەهسەواری

مۆبێن عەبدووڵازادە

ڕێژوان ملاوەیسە

مەهیار سیادپور

پەیمان شێخ ئسلامی



هاوڕێ رەزایی

**کۆمیتەی ڕێوڕەسم و میوانداری**

نازیلا ئەمینی

ساریە ئەمینی

# وتارەکان



## ئاستەکان و ئاستەنگەکانی دیالۆگ لە شانۆنامەی کوردی دا

■ ڕەحیم عەبدولڕەحیم زادە ( دوکتۆرای شانۆ ، دەرهێنەر و لێکۆڵەر)

### پوختەی وتار:

ئەگەر نەڵێین گرینگترین یەکێک لە گرینگترین چەمکەکانی هەر شانۆنامەیەک دیالۆگە؛ بەڵام دیالۆگ تەنیا گوتوبێژی نێوان کەسایەتییەکانی شانۆیە یان دەتوانین باس لە ئاستە جیاوازەکانی دیالۆگ لە شانۆنامەدا بکەین؟ لەم وتارەدا ، سێ ئاستی جیاواز و لە هەمان کاتدا تێکتەندراو لە دیالۆگ دەخرێتە بەرباس کە بریتین لە: دیالۆگ وەک گوتوبێژی کەسایەتی کە لەم بەشەدا زیاتر ئاوڕ لە بابەتی زمان و راوێژ ((Tone دەدرێتەوە، لە ئاستی دووهەم دا بابەتی بەردەنگ و دیالۆگی شانۆنامە لە گەڵ بەردەنگ دەخرێتە بەرباس و لەو روانگەیەوە باس لە سەر پەیوەندی شانۆنامە لە گەڵ کۆمەڵگا و کاریگەرییەکانی کۆمەڵگا لە سەر شانۆنامە دەکرێ کە زیاتر لە گۆشەنیگای چەمکی
(Dialogism)ی باختینەوە لێک دراوەتەوە. لە سێهەمین ئاستیشدا دیالۆگی شانۆ لە گەڵ نواندن دێتە ئارا کە تیشک دەخرێتە سەر بابەتی دراماتۆرژی (Dramaturgy) و کاردانەوەکانی لە شانۆ و نواندندا ،هەروەها حەول دراوە ئەم ئاستانەی دیالۆگ لە شانۆنامەی کوردی دا بخرێتە بەر باس و وڵامی ئەم پرسیار بدرێتەوە کە شانۆنامەی کوردی تا چەندە لە هەرکام لەو ئاستانە کەڵکی وەرگرتووە و ئاستەنگەکانی لەم رێیەدا کامانە بوون. وشە سەرەکییەکان :دیالۆگ،شانۆنامە، زمان، دراماتۆرژی، بەردەنگ.

### پێشەکی:

دیالۆگ بەردی بناغەی شانۆنامەیە و بەشی هەرەزۆری هەر شانۆنامەیەک لە دیالۆگ پێک دێ. ئەم رستەیە سەرەتا وەک رستەیەکی سادە و ئاسایی و حاشاهەڵنەگر دێتە بەرچاو کە هەرکەس سووکە ئاوڕێکی لە جیهانی شانۆ و شانۆنامە دابێتەوە دەیزانێ، بەڵام لە پشت ئەم رواڵەتە سادە و ساکارە چەندەها پرسیاری گرینگ و بابەتی قووڵ و ئاڵۆز سەبارەت بە دیالۆگ خۆ دەردەخەن: ئەوەی کە دیالۆگ چییە؟ هەر قسەیەکی نێوان کاراکتێرەکان بە دیالۆگ دێتە ئەژمار؟ دیالۆگ تەنیا لە ئاستی گوت و بێژی نێوان دوو کەسایەتی ڕوو¬دەدا یا خۆ ئاستی شاراوەی¬تری هەیە کە لە ئاستی کەسایەتی شانۆنامە دەچێتە سەرتر؟ کاردانەوەی دیالۆگ تەنیا لە شانۆ و شانۆنامەدا خۆ دەردەخا یان دەتوانێ پەل بهاوێژێتە سووچەکانی تری هزر و ژیان؟ شانۆنامەی کوردی چۆن کەڵکی لە دیالۆگ وەرگرتووە و ئاستەکان و ئاستەنگەکانی دیالۆگ لە شانۆنامەی کوردی دا کامانەن؟ ئەمانە و دەیان پرسیاری تر لەم چەشنە بابەتێکی وەک دیالۆگ وەگ بابەتێکی گرینگ نەک بۆ شانۆنامە بەڵکوو بە هەموو ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە بە گشتی و گێڕانەوە بە تایبەت گرێ دەدەن کە ئەم وتارە حەول دەدا بە دووی وڵامی هێندێک لەم پرسیارانەوە بێ و بە بۆنەی ئاوڕ دانەوە لە دیالۆگ لە شانۆنامەی کوردی دا هێندێ بابەتی گرینگ سەبارەت بە دیالۆگ لە جیهانی مرۆڤی کورد بورووژێنێ. دیارە ناکرێ لە دووتوێی وتارێکی کورت دا هەموو مێژووی سەد ساڵەی شانۆنامەی کوردی بخەیە بەرباس هەر بۆیە ئەم وتارە دەپەرژێتە سەر شانۆنامەنووسیی رۆژهەڵاتی کوردستان و

لەو ناوەش دا 28 شانۆنامە کە لە سێ بەرگی کتێبی ڕۆژژمێری شارەکەم لە لایەن ناوەندی کوردستان ناسیی زانکۆی ئازاد بڵاو کراوەتەوە وەک نموونە هەڵبژێردراون. بۆ ئەم هەڵبژاردەیە دەبێ چەن خاڵێک لە بەرچاو گیرێ یەکەم هەرچەن ئەو باسانەی لە مەڕ ئەم شانۆنامانە دەکرێ دەتوانین لە زۆربەی شانۆنامە کوردییەکان دا بدۆزینەوە بەڵام بە دڵنیایی ناکرێ هەموو شانۆنامەی کوردی بە پێودانگی ئەم کۆمەڵە شانۆنامەیە هەڵسەنگێندرێ بەڵکوو ئەمە سەرەداوێکە بۆ کرانەوەی ئەم باسە و هەروەها بەراوردی لە گەڵ شانۆنامەی پارچەکانی تری کوردستان و زاراوەکانی تری زمانی کوردی. دووهەم ئەم کارانە زۆربەیان هەڵبژاردەی ئەم بیست ساڵەی دوایی شانۆنامەی کوردین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرچەن لەم وتارەدا و لە گۆشەنیگای دیالۆگەوە سەرنجێکی ڕەخنەگرانە دراوەتە ئەم شانۆنامانە بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە ڕەوتی شانۆنامە نووسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕەوتێکی لاواز بێ یان ئەم شانۆنامانە شانۆنامەی لاواز بن دەکرێ لە زۆر لایەنی-ترەوە زۆر سەرنجی ئەرێنی بدرێتە ئەم شانۆنامانە و ئەزموونی بە هێزیان تێ دا بەدی بکرێ. سێهەم و کۆتاییش ئەوەی کە پێنج شانۆنامەی ئەم کۆمەڵە شانۆنامەیە بە هۆی ئەوەی وەرگێڕانن لە بازنەی خوێندنەوەی ئەم وتارە هاتوونەتە دەرێ، چما باسی سەرەکیی وتارەکە پەیوەندی بە زمان و دیالۆگەوە هەیە و لەوانەیە ئەم تایبەتمەندییە زمانییانە لە وەرگێڕان دا فەوتابن.

## بنەماکانی دیالۆگ:

میخاییل باختین بیرمەند و ڕەخنەگری مەزنی ڕووسی کە تا ئێستاش چڕترین بابەتەکانی لە سەر دیالۆگ هێناوەتە ئارا، درام وەک چەمکێکی مۆنۆلۆگیک دەستەبەر دەکا و پێی وایە کراوەترین پانتا بۆ دیالۆگ ژانری ڕۆمانە.(1) ئەم گریمانەیە کاتێک سەیرتر دەنوێنێ کە دەزانین دیالۆگ سەرەکیترین پێک هێنەری شانۆنامەیە و مەگین بە دەگمەن ئەگینا شانۆنامەی بێ دیالۆگ بوونی نییە. هەرچەن دەبێ ئەو ڕاستییەمان لە بیر بێ کاتێک باختین بۆچوونەکانی خۆی لە مەڕ دیالۆگیسم دەنووسی؛ شانۆنامە هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی جیابوونەوە لە شێعر و هەنگاونان بەرەو زمانە جیاوازەکان بوو و هێشتا شانۆنامەی مۆدێرن کە لە سەر بنەمای زمان و دیالۆگ دامەزرابوو نەهاتبووە ئاراوە، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانین سەر لەم دژوازەی باختین دەربێنین، سەرەتا دەبێ بزانین دیالۆگ چییە ،ئەمجار بزانین مەبەستی باختین لە دیالۆگ چییە و ئەوەی شانۆنانەمەی کوردی توانیویە پێ بنێتە دیالۆگەوە یان هێشتا شانۆیەکی بە کەڵک وەگرتن لە چەمکی باختینی، مۆنۆلۆگیکە. سەرەتا پێویستە بڵێین هەر گوتوبێژێک دیالۆگ نییە، ڕەنگە گوتوبێژ بەشێکی گرینگی دیالۆگ بێ بەڵام دیالۆگ شتێکی سەرتر لە گوت و بێژ لە خۆی دا هەڵگرتووە. بۆ ناسینی زیاتری دیالۆگ سەرەتا دەبێ لە دوو چەمکی(Dialogue) و (Conversation) یان گوتوبێژ لێک هەڵبوێرین. " وشەی دیالۆگ لە دوو بەش پێک هاتووە؛ دیا (Dia) کە بە هەڵە زۆرتر وەک دوو مانا کراوەتەوە بەڵام لە ڕاستی دا مانای بەرامبەر(across)ی هەیە، ... و لۆگ(logue) کە لە وشەی لۆگۆس(logos) بە واتای هزر و ئەندیشە وەرگیراوە. کەوابوو دیالۆگ یانی ڕاوەستانی دوو هزر بەرامبەر یەک.... بەڵام ریشەی وتوویژ (conversation) لەم دوو بەشە پێک هاتووە: con کە لە وشەی لاتینی com بە مانای لە گەڵ یەک و versare کە خۆی لە versus بە واتای دژی یەک بوون وەرگیراوە." (2) کەوابوو لە دیالۆگ دا ئەندیشەکان گوتوبێژ دەکەن بەڵام لە قسە کردن دا دوو هێز دژ بە یەک و لە گەڵ یەک دەدوێن. لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەندێشەکان دا هزری نوێ دەخولقێ واتە پەیوەندییەکی دیالکتیکی ساز دەبێ، بەڵام لە قسە کردن دا مەرج نییە ئەندێشەیەکی نوێ ساز بێ و زیاتر پێکەوە لکانی دوو هێزی دژبەرە. بەو پێیە لە زمانی کوردی دا تا ئەوڕۆ و لە بەر زۆر هۆکار کە دواتر ئاماژەیان پێ دەکەین هیچ وشەیەکمان نییە کە پڕبەپێستی هەموو واتاکانی دیالۆگ بێ. بۆ conversation نزیکترین دەستەواژە گوتوبێژ،قسە کردن و دواندنە کە تەنیا لایەنێک لە خۆ دەگرێ و تێی دا دەدوێ، بێ ئەوەی گرینگی بدا بە بەرامبەر یاخۆ ئەندێشەیەکی تێ-دا بەدی بێ. هەر بۆیە " ئەو قسانەی خەڵک لە ژیانی ڕۆژانەدا دەیڵێن دیالۆگ نییە زۆرتر گۆڕینەوەی هێندێ زانیاری ئاساییە"(3) بەڵام جیا لەم بۆچوونانە کە زۆرتر پەیوەندییان بە لایەنی فەلسەفی

دیالۆگەوە هەیە و بنەمایان لە سەر یەکەم گوت و بێژەکانی جیهانی ئەندێشە واتە فایدروسی ئەفلاتوون دامەزراوە؛ لە بواری گێڕانەوەش دا بۆ ئەوەی دیالۆگ لە قسە کردن جیا بێتەوە هێندێ مەرجی سەرەکیی هەیە و هەر شێوازێک لە گفت و گۆ ناچێتە چوارچێوەی دیالۆگەوە. کەوا بوو دیالۆگ لە بەهەمێک کە سەر بە جیهانی گێڕانەوەیە هێندێک تایبەتمەندی هەیە و یەکەم ئاستی دیالۆگ لە گێڕانەوەدا بەدی دێنێ کە دواتر لە سەری دەدوێین.
هەروەها بە پێی بۆچوونی باختین لە لایەنە شاراوەکانی گێڕانەوە بە تایبەت رۆمان جۆرێک لە دیالۆگ لە نێوان راوێژەکان و زمانەکان لە گۆڕێ دایە، دیالۆگێک کە لە ئاخێزگە جیاوازەکانی کۆمەڵگاوە سەرچاوە دەگرێ و لە گێڕانەوەدا خۆی دەبینێتەوە. " دەکرێ رۆمان ئاوا پێناسە بکەین: رەنگاڵەیەک لە گوتارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا ( تەنانەت رەنگاڵەیەک لە زمانە جیاوازەکان) و هەروەها لە دەنگە تاکەکەسییەکان کە بە شێوازێکی هونەرمەندانە پاڵ یەک خراون". (4) کە ئەمەش ئاستێکی تری دیالۆگە.
جیا لەمانە شانۆنامە وەک دەقێکی ئەدەبی بۆ خوێندنەوە جیاوازە لەو شانۆنامەیەی کە دێتە سەر تەختەی شانۆ و تەنانەت ئەگەر دەرهێنەر و گرووپی شانۆیی دەقاودەق شانۆنامە راگوێزنە پانتای نواندنەوە دیسان هەندێ ئاڵ و گۆڕی بنەڕەتی دێتە گۆڕێ، هێندێ شت زیاد دەبێ و هێندێ شت کەم دەبێتەوە، کە ئەمە خۆی ئاستێکیتری دیالۆگ لە نێوان دەق و شانۆ دێنێتە ئارا کە لە ژانرەکانی تری گێڕانەوەدا بەدی ناکرێ. کەوابوو بە پێی ئەم بنەمایانە دەکرێ باس لە سێ ئاستی جیاوازی دیالۆگ لە شانۆنامەدا بکەین:

## ئاستەکانی دیالۆگ:

### 1. دیالۆگی کەسایەتیەکان:

ئاشناترین ناسیاری سەبارەت بە دیالۆگ گوت و بێژی کەسایەتییەکانە لە چوارچێوەی دەقێکی ئەدەبی دا، خوێنەر یاخۆ بیسەر بەردەوام چاوەڕوانی وت-و-وێژێکی ئاسایی و باوەڕپێکراو دەکا؛ واتە ئاخافتنی هەر کەسایەتییەک لە گەڵ ئەو کەسایەتییە و بارودۆخی و چوارچێوەکانی شوێن و کاتی رووداوەکان یەک بگرێتەوە و لە هەمان کات دا پەیوەندی بە دیالۆگی بەر لە خۆی و دوای خۆیەوە هەبێ. دیالۆگێک کە بتوانێ ئەم مەرجانە وەدی بێنێ دەتوانێ گێڕانەوەیەکی بە هێز و و هەروەها کاریگەر لە سەر بەردەنگ بەدی بێنێ بێ ئەوەی بهێڵێ بەردەنگ ماندوو بێ، بەڵام سەرتر لەمانە دیالۆگێکی دروستی ئەدەبی چەندین مەرجی تریشی هەیە و بە پێک هاتنی هاوکاتی هەموو ئەم مەرجانەیە کە دەتوانین باسی دیالۆگێکی سەرکەوتوو بکەین، ئەو مەرجانەی ویلیام نۆبل (1388) وەک شاکلیلەکانی دیالۆگ نووسی پێناسەیان دەکا:
" دیالۆگ لە گێڕانەوەیەکی سەرکەوتوو شەش شاکلیلی هەیە کە دەبێ لە بەرچاو گیرێن: خولقاندنی رووداو، خولقاندنی کەسایەتی، خولقاندنی شوێن و کات، بەرەو پێش بردنی گەڵاڵە، متمانە پێکردن، پەیوندی دیالۆگ و شێواز" (5)
وەک دەبینین خولقاندنی دیالۆگێکی سەرکەوتوو نەک کارێکی سانا نییە بەڵکوو یەکێک لە دژوارترین ئەزموونەکانی نووسینە وەک نۆئێل گرێگ (1388)یش ئاماژەی پێکردووە: " کاتێک شانۆنامەیەک دەخوێنینەوە یەکەم شتێک کە هەستی پێ دەکەین دیالۆگ و چەندیەتی بە کار هێنانیەتی بەڵام لە هەمان کاتدا بارەها بیستوومانە کە دەڵێن نووسینی دیالۆگ مەترسیدارترن ئەرکە " (6)

بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە لەم بەشەدا گرینگە و هەروەها خاڵێکە کە دەتوانێ هەموو ئەم مەرجانە پێکەوە گرێ بدا سەرەتا زمانە؛ چون دیالۆگ لە زمان دا دەخولقێ و و بە شیوازی تایبەتتر و لە چوارچێوەی زمان¬دا راوێژ (Tone) ئەم ئەرکەی لە ئەستۆیە، چما راوێژە کە بارودۆخی رووداوەکان و کەش و فەزا رادەگوێزێ بۆ بەردەنگ و لە هەموو ئەمانە گرینگتر، وردەکارییەکانی کەسایەتی وەدەردەخا و لە کەسایەتییەکانیتری هەڵدەبوێرێ. ئەگەر لە چیرۆک و رۆمان دا راوێژ پەیوەندی راستەوخۆی بە بێژیار یان بگێڕەوە هەیە، لە شانۆنامەدا دەکرێ و دەبێ هەر کەسایەتییەک راوێژی تایبەتی خۆی هەبێ راوێژێک کە رەنگە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر لە گۆڕان دابێ.

بۆ بەدیهێنانی ئەم راوێژە جیاوازانە شانۆنامەنووس پێویستە دەسەڵاتی بە سەر زمان و زاراوەکان و زمانی شاراوەی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دا هەبێ زمانی رۆژەزار و ئەدەبی لێک هەڵبوێرێ و بزانێ لە هەرکامیان دەبێ لە کوێ کەڵک وەرگرێ. لە هەمان کات زمانی کۆنینە لە سەردەمە جیاوازەکان و تایبەتمەندییەکانیان بناسێ.

یەکێک لە کێشە گەورەکانی گێڕانەوەی کوردی(چیرۆک، سینەما و شانۆ) نەبوونی راوێژی جیاوازی گێڕانەوەیە واتە کاتێک گێڕانەوە دەبێتە کوردی هەموو راوێژەکان لە یەک دەچن و هەمووی دەڵێی شاعیرێک دەیانگێڕێتەوە. ئەم قەیرانە کاتێک دەگاتە زمانی رۆژەزارو واتە ئەو زمانەی چیرۆک لە دیالۆگدا و شانۆنامە و سینەما بە تایبەت پێویستییان پێیەتیک ئیتر تەواو قەیرانەکە قووڵتر دەنوێنێ. لە دیالۆگ و زمانی رۆژەزار نووسەر یا ناچارە رێئالیتەی زمانی بە کار بێنێ و ئەودەم نووسراوەکانی ئاوێتەی وشەی فارسی و عەرەبی و تورکی دەبن کە دیارە زۆری نووسەر و خوێنەری ئێمە پێیان خۆش نییە و نایانهەوێ وا بنووسن یان دیسان دەبێ پەنا بەرێتە بەر زمانێکی ئارکاییک یان شاعیرانە، کارێک کە زۆربەی نووسەرانی ئێمە تا ئێستا کردوویانە.

با پێکەوە چاوێک لەم نموونانە بکەین:

"پیرەژن: دەست خۆش. سپاس. شەڕەکانی من یانی گرژ و مۆنی تۆ؟

پیرە پیاو: ئەو شەڕانەی تێکڕا لە سەر لاساری و ناکۆکیی تۆ بووم. بەڵام بڕوات هەبێ تۆ نازدارترین بوونەوەری لاساری جیهانی."(7)

(شانۆنامەی چوار گێڕانەوەی کورت لە مەرگ، سابر دڵبینا، بەرگی یەکەمی رۆژژمێری شارێک)

"ژن: بەڵام سەرما کۆتایی پێ نەهاتووە.... خۆر ئەوەندە تینی نییە تەپۆڵەی زێوینی بەفرەکان وەسەما خات. بەهار ئەو کاتە دێت کە برایمۆک سەوەتە خۆڵەکەی بە سەر کێوەکاندا بکا. کاتێک کە هەورە رەش و گەورەکان لابچن، کاتێک کە بۆنی ئارەقەی لەشی برایمۆک لە گەڵ سۆزی ساردی زستان بە شەڕ بێت و ئارەقەی نێوچاوانی بە سەر کێوەکاندا بچۆڕێتەوەو لە بەفرەکان رۆ بچێ، ئەوەندە کە سڵاوێک لە خاک و وڵامی سڵاوەکەی چرۆی گیایەک بێت کە لە ژێر بەفرەکان سەر بێرێتە دەرەوە..." (7)

(شانۆنامەی پەریخان، بەهار لەتافەتیان، بەرگی یەکەمی رۆژژمێری شارێک)

" دلۆ: بەڵام من تژیم... تژیی قسە کردن. شتێک وەک بوغز لە ناو قوڕگم دایە، کاتێک ئەوە گەشە دەکات، تۆ ئیدی وەک خۆت نیت... ئیدی نازانی چ دەکەیت، ناتوانی خۆت گرد¬و¬کۆ بکەیت.. حەز دەکەیت لە گەڵی رووبەڕوو بیتەوە... ناگریت بەڵام دەتخنکێنێت." (8)

( شانۆنامەی خانووی سێهەم، تریفە کەریمیان، بەرگی دووهەمی رۆژژمێری شارێک)

" ژن: کوا ئەو هەموو بەڵێنانەی کە پێت دابووم؟ خۆ منیش هەر خەڵکی ئەم وڵاتەم. خۆ منیش هەر کچی ئەو کتێبانەم. ئەی کێ هاواری منی گوێ لێ دەبێت؟ لەم غوربەتەدا کێ دەنگی من دەبیسێت؟ کێیە سووتانی من دەبینێت؟ کێیە، کێ...؟" (8)
( شانۆنامەی ژانی ژن، موختار موحەممەدی، بەرگی دووهەمی رۆژژمێری شارێک)
" رەحمان: چون من خۆم نیم. ئەو هەموو ترسنۆکی و ئەنگوستی لەرزۆک و خزمەتکردنانە لە بەر ئەوەیە کە خۆم نەبم، بەڵکوو ئامرازێک بم لە مووسڵدا. من ئەمەم جگە لەمە هیچ نیم. نە چاوێکم هەیە و نە دەمێک. دڵێکم نییە و هەروەها دەست و پێیەک بۆ رۆیشتن..." (9)
( شانۆنامەی باڵندەکانی گەرمیان، سابر نیکبەخت، بەرگی سێهەمی رۆژژمێری شارێک)
هەموو ئەو کەسایەتییانە بە هێندێ ئاڵ-و-گۆڕی بچووک، دەڵێی یەک کەسن و ئەوەی بزرە راوێژی تایبەتی کەسایەتییە لە هەموویان دا دەڵێی شاعیرێک خەریکە دەدوێ نەک کەسایەتی شانۆنامە. رەنگە پاساوێکی ئەوە بێ کە هێشتا زمانی گێڕانەوەی کوردی لە بەر زۆر هۆکار نەیتوانیوە زمانی رۆژەزار بەدی بێنێ و هێشتا زمانێکی پاراوی ئەدەبی زاڵە بە سەر پانتای گێڕانەوەی کوردیدا، بەڵام پرسیار ئەوەیە کێ بڕیارە ئەم زمانە بخولقێنێ؟ دەبێ چاوەڕوان بین لە دەرەوە بۆمان بخولقێ یان پێویستی بە حەول و گەڕانی خۆمانە لە هە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی زمان دا؟
نووسەری کورد کە بەدەوام زاڵەیەتی لە نەبوونی ئەم راوێژە جیاوازانە لە زمانی کوردیدا؛ تا چەندە ئاوڕێکی جیددی لە دەقە کۆنینەکان داوەتەوە تا ئەو پتانسییەلە زمانییەیان لێ هەڵێنجێ. وەک شرۆڤەی دەقە کۆنەکان یان کۆنینە-خوێنی. بۆ وێنە دەقەکانی یارسان و ئەدەبیاتی گۆران بۆ ناسینی راوێژی ئارکاییک یان بەیتەکان بۆ ناسینی راوێژی حیماسی و تەغەزولی یان دەقی وەک چێشتی مجێور و رشتەی مرواری بۆ زمانی رۆژەزار (محاوره) کە لێکدانەوەی هەموو ئەمانە دەتوانن کۆمەڵێک ئولگووی زمانی بۆ نووسەری ئێمە بخاتە روو.
یەکێک لەو دەقە سەرنموونانەی بۆ دیتنەوەی راوێژی جیاواز دەتوانێ بە هانای نووسەری کوردەوە بێ و کەمتر لەو روانگەیەوە چاوی لێ کراوە، چێشتی مجێوری مامۆستا هەژارە. رەنگە هەموومان دوای خوێندنەوەی چێشتی مجێور دانمان بەوە دانابێ کە چ نەسرێکی خۆش و پاراوی هەیە، بەڵام دەکرێ لەو روانگەیەوە سەیری کەی کە نەسری هەژار دەکرێ وەک چارەسەرێک بۆ قەیرانی دیالۆگ نووسین و زمانی رۆژەزار سەیری کرێ. چما هەژار توانیویە لە گەڵ ئەوەی زمانێکی رۆژەزار بەکار بێنێ بە کەمترین ئەژمار کەڵک لە وشە و ئیدیۆمی فارسی و عەرەبی و تورکی وەرگرێ و کاتێک نەسری هەژار دەخوێنییەوە هەست دەکەی لە گەڵ کەسێکی ئاشنا لە کووچە و کۆڵان دەدوێی.
یان وەک پێشنیارێکی گرینگیتر، کەڵک وەرگرتن لە زمانی شاراوەیە: یەکێک لە کەلێنە شاراوەکانی زمان کە زۆر جار وەک لادانێک لە نۆرمە زمانییەکان سەیری دەکرێ ئارگۆ یان زمانی شاراوەیە و مەبەست لە زمانی شاراوە ئەو بەشە لە زمانە کە چین و توێژێکی تایبەت یان نەسلێکی تایبەت پێی دەدوێن و کۆمەڵێک زاراوە و دەستەواژەی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ وێنە رەنگە بەنناکان یان شۆفیرەکان زاراوەی تایبەتی خۆیان هەبێ کە تەنیا خۆیان تێی بگەن یان تەنانەت هەر لە لایەن ئەوانەوە رەنگە بێتە ناو پانتای زمانی گشتییەوە. یان زمانی ئەو کەسانەی لە سۆشیال میدیادا چالاکن کۆمەڵێک ئیدیۆمی تایبەتی خۆی هەیە یان مێرمنداڵەکان و ئەوانەی ئەمڕۆ پێیان دەوترێ نەسلی زێد، یان زمانی نێو ژنان و..
ئێمە زۆر نامانهەوێ رۆ بچینە لایەنی زمانناسانە یان کۆمەڵناسانەی ئەم باسەوە، ئەوەی بۆ ئێمە وەک نووسەر گرینگە، کاریگەری زمانی شاراوە لە سەر راوێژ و داڕشتنی کەسایەتییە،

چما هەرکام لە کەسایەتییەکانی شانۆنامەکانی ئێمە سەر بە یەکێک لەو چین و توێژانەن کە زمانی شاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە و بێ گومان کەڵک وەرگرتن لەم زمانە شاراوەیە نەک یارمەتییەکی گەورەی نووسەر دەدا بۆ داڕشتنی کەسایەتی بەڵکوو دەبێتە هۆی ئەوەی شانۆنامەی کوردی لە بواری راوێژیش دا تووشی دووپات بوونەوە نەیە و راوێژی جیاواز لە کەسایەتییە جیاوازەکانی شانۆنامەی کوردی دا ببینین و چیتر کەسایەتییەکانی شانۆنامەی ئێمە وەک یەکدی نەدوێن.
هەڵبەت پێویستە بڵێم من هیچ کێشەیەکم لە گەڵ راوێژی شاعیرانە بەو مەرجەی لە شوێنی دروستی خۆی بە کار بێ نییە، بەڵام ئەوەی بە لای منەوە گرفتە ئەوەیە بۆ هەموو کەش و بارودۆخ و کەسایەتییەک لەو زمانە ئەدەبی و رەسەن و شاعیرانەیە کەڵک وەرگرین. هەموو ئەمانەش لە کاتێک دایە کە بە وتەی رەیمۆن کێنان (1387) لە دیالۆگ دا نووسەر بەردەوام تێ دەکۆشێ وەهمێک ساز بکا لەوەی کە خۆی خەریک قسە کردن نییە بەڵکوو کەسایەتییە کە دەدوێ (10)
با هەر لێرەشدا ئاماژە بەوە بکەم و ئەو رەخنەیە لە خۆم بگرم کە من وەک نووسەرێک کە دوو شانۆنامەی لە سێ بەرگی کۆمەڵە شانۆنامەی رۆژژمێری شارێکدا بڵاو بۆتەوە؛ نەمتوانیوە ئەم ئامانجانەی خۆم ئاماژەیان پێدەکەم، بپێکم و ئەمەش ئەو راستییەمان لا دەردەخا کە ئەم کارە و گەیشتن بەو راوێژە جیاوازانە تەنانەت ئەگەر ئاگاداری گرفتەکەش بین؛ پرۆسەیەکی دژوار و درێژخایەنە و لەوانە کارێکی تاکەکەسیش نەبێ.

## 2 دیالۆگی شانۆنامە و بەردەنگ:

دیالۆگی شانۆنامە و بەردەنگ لە کاتی خوێندنەوە یان کاتی نواندنی شانۆنامە سازدەبێ. واتە خوێندنەوەی هەر دەقێک جۆرێک دیالۆگە لە نێوان خوێنەر و دەق، چما وەک باسمان کرد دوو ئەندێشە بەر یەک دەکەون و وت و وێژ دەکەن. یان ئەو جۆرەی بابەک ئەحمەدی ئاماژەی پێدەکا کە لە هونەردا و بە تایبەت لێرەدا شانۆنامە مۆنۆلۆگ هەرگیز بوونی نییە، چون بەردەوام، تەنانەت لە دڵی هەر مۆنۆلۆگێکی کراوەدا توانستێک هەیە بۆ دیالۆگ لە گەڵ بەردەنگ.(11)
بەڵام لێرەدا پرسیار ئەوەیە خوێنەری کورد تا چ رادەیەک شانۆنامە دەخوێنێتەوە یان بەردەنگی کورد چەندە شانۆ دەبینێ تا لەم رێیەوە رووبەڕووی شانۆنامە بێتەوە؟ وڵامەکە لای هەموومان هێندە روونە کە پێویست ناکا باسی کەین. ئەوەی کە گرینگە هۆکارەکانن؛ رەنگە بەشێکی زۆری ئەو هۆکارانە بگەڕێنەوە سەر گرفتە فەرهەنگییەکانی ئێمە یان نەبوونی پێکهاتەیەکی پرۆفیشناڵی شانۆیی و نەبوونی کولتووری خوێندنەوە و دەیان هۆکاری گرینگی لەو چەشنە کە نکۆڵییان لێ ناکرێ بەڵام لە هەمان کاتدا ناکرێ ئەوەش بشارینەوە کە شانۆنامەی کوردی نەیتوانیوە کۆمەڵگا راگوێزێتە ناو شانۆنامەوە.
هەر ئەوەندەی ئێمە کەسایەتییەکی کرێکار یان کچێکی خوێندکار یان شۆفیرێکی هەژار وەک کاراکتێر هەڵبژێرین بە تەنیا نابێتە راگوێستنی کۆمەڵگا بۆ ناو دەق، بەڵکوو ئەوەی گرینگە راگوێستنی دەنگ و راوێژی ئەوە بە هەموو پاڵپشت و توانستەکانییەوە و هەروەها بەریەک کەوتنی هاوکاتی ئەم دەنگانە بە جۆرێک کە پانتای شانۆنامە دیالۆگی ئەم دەنگە جیاوازانە بێ لە دۆخە جیاوازەکان دا. هەر لێرەش دایە کە ئەم باسە پەیوەندی لە گەڵ باسی پێشوو واتە راوێژە جیاوازەکان دەگرێ و هەروەها لە گەڵ دیالۆگیسمی باختین. چما لای باختین دیالۆگیسم یانی هاتنە ئارای هاوکاتی دەنگە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بە تایبەت دەنگە دوورخراوەکان و دەنگە وەلانراوەکان. " شانۆنامەی دیالۆگیک شانۆنامەیەکی فرەدەنگییە بەو واتایەی نووسەر بۆ پێکهێنانی دەق لە شێوازە جیاوازەکانی زمان، دەنگە جۆراوجۆرەکان و سەرچاوەی جیاواز کەڵک وەردەگرێ" (12).

و هەر ئەمەشە کە دەبێتە هۆی ئەوەی کۆمەڵگا خۆی لە دەقی شانۆیی دا بدۆزێتەوە و دیالۆگێکی راستەقینە لە نێوان دەق و کۆمەڵگا بەدی بێ؛ هەر ئەو شتەی کە یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی شانۆی برێشت بووە: "لە شانۆی برێشت دا دیالۆگ لە ناو شانۆنامەدا نییە بەڵکوو دیالۆگێک هەیە کە شانۆنامەی تێدایە" (1) کە مەبەستیی سەرەکی دیالۆگی شانۆ و ژیان یان شانۆ و کۆمەڵگایە هەر ئەو جۆرەی برێشت خۆی ئاماژەی پێ دەکا: " جۆرێک شانۆی رۆژانە، فرە رەهەندی، نەناسراو بەڵام زیندوو پەیوەست بە دونیاوە کە لە ژانی خەڵکەوە سەرچاوە دەگرێ و سەکۆی شانۆکەی سەر شەقامەکانە" (13)هەڵبەت مەبەست لەم رستانە ئەوە نییە کە شانۆی دیالۆگیک حەتمەن دەبێ شانۆیەکی برێشتی بێ بەڵکوو باس لەو دیالۆگەیە کە برێشتیش بە شێوەی خۆی خوازیاری بووە و ئێمە پێمان وایە شانۆی دیالۆگیک یان شانۆیەک کە بتوانێ هاوکات دەنگە جیاوازەکان بێنێتە گۆڕێ دەتوانێ ئەم مەبەستە بپێکێ یان لێی نزیک بێتەوە.

کەوابوو بەشێکی ئەم قەیرانە لە شانۆنامەی کوردی دا دیسان پەیوەندی بە کەمتەرخەمی نووسەری کورد لە هەمبەر زمان دا هەیە و ئەوەی نووسەر تاقە دەنگی شانۆنامەی کوردییە بۆ وێنە چاوێک لەم نموونەیە دەکەین:

شانۆنامەی دەڤەری نامۆ باسی سێ کرێکارە لە کە لە پرۆژەیەکی بیناسازی لە تاران کار دەکەن و هەر یەکەی باکگراوندی تایبەتی خۆیان هەیە؛ ئەوە نموونەیەکە لە دیالۆگی کرێکارەکان:

"عیسا: کا رەحیم دە بەسییە شەرم بکە.

کا رەحیم: شەرمم کرد. ساڵەهایە شەرم دەکەم. ئیتر ناتوانم نا، دەمەوێ قسە بکەم. دەمەوێ هاوار بکەم، دەمەوێ ئەو شتەی ساڵەهایە لە سەر دڵمە بیڵێم. هاواری بکەم، بیقیرێنم." (8)

( دەڤەری نامۆ، شارام میرزایی، بەرگی دووهەمی رۆژژمێری شارێک)

لەم شانۆنامەیەدا نووسەر حەولی داوە لە زمانی رەسمی و ئەدەبی خۆ بپارێزێ و لە زمانی رۆژەزار نزیک بێتەوە و تا رادەیەکیش سەرکەوتوو بووە، بەڵام کەسایەتییەکان وەک کرێکار نادوێن، زمانی شاراوەی کرێکارەکان بزرە و تەنانەت هەر سێ کەسایەتی بە باکگراوندی جیاوازەوە وەک یەک دەدوێن و لە زۆر شوێن وەک ئەو نموونەی هێنامانەوە زمانی نووسەر زاڵ دەبێ. کە وابوو تا کاتێک نەتوانین کۆمەڵگا بە دەنگە جیاواز و وەلانراوەکانییەوە بکێشینە پانتای شانۆوە؛ ناتوانین چاوەڕوانی دیالۆگی شانۆ و کۆمەڵگا بین. هەرچەند ئەمە رەنگە جیاوازیی لە گەڵ مەبەستیی راستەقینەی باختین لە دیالۆگیسمی نێو رۆماندا بێ کە هەموو دەنگەکان لە یەک کەس و لە چوارچێوەی یەک نیزام دا کۆ دەبنەوە، بەڵام بە بڕوای من دەتوانێ شانۆنامە هەنگاوێک لە دیالۆگیسمی باختینی نزیکتر کاتەوە.

## 3 دیالۆگی شانۆنامە و نواندن:

شانۆنامە شێوازێک لە گێڕانەویە کە هەم دەتوانێ وەک دەقێکی سەربەخۆ وەک ئەدەبیات بخوێندرێتەوە و پەیوەندی لە گەڵ بەردەنگ بگرێ و هەم لە نواندندا رواڵەت و شێوەی تازە بگرێ و نوێ ببێتەوە. هەرچەن لە ناو شانۆکاران دا بەردەوام دەکوترێ کە شانۆنامە بێ نواندن لایەنێکی کەمە و هەر شانۆنامەیەک تا نەیەتە سەر سەکۆی شانۆ تەواو نییە بەڵام دەیان و سەدان دەقی سەربەخۆ کە جیا لە لایەنی شانۆیی توانیویانە وەک دەقێکی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبیات دا بخوێندرێنەوە لە کارەکانی سۆفۆکلیسەوە تا شێکسپیەر و ئیبسێن ئەمەمان بۆ دەسەلمێنن کە شانۆنامە چەندە سەر بە جیهانی نواندنە ئەوەندەش سەر بە جیهانی ئەدەبیاتە.

هەرچەن نواندنی شانۆنامە بەریەک کەوتنی دوو دەقە، دەقێک کە پێشتر نووسراوە و دەقێک کە لە لایەن ئەکتەر و دەرهێنەرەوە سەرلە نوێ دەخولقێتەوە. کە واتە شانۆنامە و نواندن بەر یەک کەوتنی دوو ئەندێشەیە و هەر لەم رووەوە جۆرێک دیالۆگە کە لە نێوان شانۆنامە و نواندن پێک دێ.
لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە لەم دیالۆگەدا مافەکانی دەق کامانەن و مافەکانی نواندن کامانە؟ نووسەر بۆی هەیە دەسەڵاتێکی تەواو لە سەر نواندن بنوێنێ و بچووکترین وردەکارییەکانی نواندن دیاری بکا یان لەو لاوە دەرهێنەر دەتوانێ ئەو جۆرەی دەیهەوێ لە گەڵ دەق رووبەڕوو بێتەوە و چۆنی پێ خۆشە گۆڕانکاری تێ دا بکا بە شێوەیەک کە شتێک لە دەقە سەرەکییەکە نەمابێ؟ لە هەرکام لەو دوو دۆخەدا دیالۆگی نێوان دەق و نواندن چیی بە سەر دێ و دەکرێ باسی دیالۆگێک بکەین؟
ئەم دوو دوو دۆخە بەردەوام لە دیالۆگی شانۆنامە و نواندن دا لە مێژووی شانۆدا بووە کە ناسراوترینەکەیان دەمەتەقەی ئیستانسلاڤسکی و چێخۆف بووە لە کاتی نواندنی باخی بەڵاڵووک.
بۆ چارەسەریی وەها گرفتێک بووە کە چەمکێکی تازە لە شانۆی دونیادا هاتۆتە ئارا بە ناوی دراماتۆرژ. هەرچەن لە سەر مانا و واتای دراماتۆرژ لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان هێشتا زۆر گرفت هەیە و ڕەنگە ئەمەش سەرلێشواوییەک ساز بکا، بەڵام بە گشتی لە سەر خاڵێک داکۆکی هەیە ئەویش ئەوەیە کە دراماتۆرژ پردی پەیوندی شانۆنامە و نواندنە ئەو کەسەی لە پێناو ئەدەبییەت (Literariness)ی شانۆنامە و هاوکات شانۆیی بوون (Theatricality) نواندن حەول دەدات و بە واتایەکی تر دیالۆگی شانۆنامە و نواندن لە ئەستۆی دراماتۆرژە. "ئەرکی سەرەکیی دراماتۆرژەکان بریتین لە: 1 هەڵبژاردن و ئامادە کردنی دەق بۆ نواندن 2 راوێژکاری لە گەڵ ئەکتەر و دەرهێنەر 3 راهێنان و پەروەردە کردنی بینەر" (14) وەک لەم تاریفەی کاردۆلۆ (2000) دا دەبینین دراماتۆرژ نەک لە سەر دیالۆگی نێوان دەق و نواندن بەڵکوو لە سەر پێکهاتنی دیالۆگی دەق بەردەنگیش دا دەستی هەیە و بە چۆرێک دەتوانین وەک گرینگترین کەسایەتی بۆ ساز بوونی هەر سێ ئاستەکەی دیالۆگ باسی بکەین چون لە شانۆ پرۆفیشناڵەکان دا تەنانەت دراماتۆرژ لە نووسین و خولقاندنی شانۆنامەش دا یارمەتیی نووسەران دەدا.
هەرچەن شانۆی کوردی پێکهاتەیەکی پرۆفیشناڵی بە تایبەت لە بواری ئابووریی شانۆوە نییە بەڵام لە گەڵ ئەوەش بۆشایی دراماتۆرژ لە شانۆی کوردی دا هەست پێ دەکرێ. لە زۆربەی شانۆگەرییەکانی ئێمەدا یان دراماتۆرژ هەر نییە یان ئەگەر هەیە بە هەڵە بۆتە پاساوێک بۆ نەقوستان کردن و لەت و کوت کردنی شانۆنامەکان. نەبوونی دراماتۆرژ دوو کاردانەوەی گرینگی لە سەر شانۆنامەی کوردی و دیالۆگی نێوان شانۆنامە و نواندن بووە: یەکەم وای کردووە لە هێندێ لە شانۆنامەکان دا نووسەر وەک دەرهێنەر بێتە کایەوە و هیچ مەجاڵێک بۆ نواندن نەهێڵێتەوە واتە جاری وایە بارستایی شەرحی دیمەنەکان تەنانەت لە دیالۆگەکان زیاتر دەبێ و بە جۆرێک دەقەکە لە جێی شانۆنامەیەکی ئەدەبیی سەربەخۆ دەبێتە دەقێکی ئیجرایی چاوێک لەو نموونەیە بکەن: " عەبدولعەزیز: وا دیارە قسە کردن لە گەڵ تۆ کات بە فیڕۆ دانە... (بە دەست ئاماژە دەکا سەیدەوان بڕوا) سەیدەوان: شەو خۆش باوکە گیان ( سەیدەوان دەڕوا. عەبدولعەزیز تەزوویەکی پێدا دێ. پاڵتۆکەی لە خۆیەوە دەپێچێ.) عەبدولعەزیز: ( بە دەنگی بەرز ) لە سەر رێگات بەو پیرە خەرەفاوەی بڵێ بێت و ئەم ئاگرە خۆش کاتەوە. سەیدەوان: ( لە سەر پلیکانان ڕا ): بە چاوان باوکە گیان.

( سەیدەوان دەڕوا و عەبدولعەزیز نائارام لە گۆشەیەکی ژوورەکە ڕادەمێنێ. کاکەمیر دێتە ناو و بۆ لای شوومینە دەڕوا و ئاگرەکە خۆش دەکا. بە وردی و لەوپەڕی بێدەنگی دا کارەکەی تەواو دەکا و دەیهەوێ بڕوا کە دەنگی عەبدولعەزیز رایدەگرێ)" (8)

( چریکەی چیای هاڵۆز، بەختیار پەنجەیی، بەرگی دووهەمی رۆژژمێری شارێک)

دووهەمێش ئەوەی وا دەکا شانۆنامەکە یەکسەر ببێتە دەقێکی ئەدەبی کە توانستێکی ئەوتۆی بو نواندن نابێ و زیاتر شانۆنامەیەکە بۆ خوێندنەوە بە جۆرێک کە دیالۆگێک لە نێوان دەق و نواندن دا ساز نابێ.

## دەرئەنجام:

لە وتارەدا باسی سێ ئاستی دیالۆگ لە شانۆنامەی کوردی دا کرا کە بریتی بوون لە دیالۆگی نێوان کەسایەتییەکان لە شانۆنامەدا و هەروەها باسی پێداویستییەکانی داڕشتنی ئەم جۆرە دیالۆگە، دیالۆگی شانۆ و بەردەنگ و چۆنیەتی راگوێستنی کۆمەڵگا بۆ شانۆنامە و لە کۆتایی دا دیالۆگی شانۆ و نواندن و پردەکانی سازدانی پەیوەندی ئەم دوانە و بە پێی خوێندنەوەی هێندێ دەقی نموونە گەیشتینە ئەو ئاکامەی شانۆنامەی کوردی هێشتا لە سازکردنی ئەم سێ ئاستەی دیالۆگ نەیتوانیووە سەرکەوتوو بێت. بەڵام لێرەدا پرسیارێکی گرینگ دێتە گۆڕی هۆکارەکانی سەرنەکەوتنی دیالۆگ لە شانۆنامەی کوردی دا چییە و تەنانەت لە چیرۆکی کوردیش دا بە رێژەیەکی کەم کەڵک لە دیالۆگ وەردەگیرێ؟

وەک لە وتارەکەش دا ئاماژەی پێ کرا بەشێکی ئەم خەسارە دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی نووسەری کورد هێشتا نەیتوانیوە لە توانستەکانی زمانی کوردی بە تایبەت لە بواری زمانی رۆژەزاردا کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە دیالۆگەوە هەیە کەڵک وەرگرێ، بەڵام بەشێکی ئەم خەسارەش لە ناو فەرهەنگ و مێژوودا ریشەی داکوتاوە.

ئەگەر یوونانی کەونارا یەکەم ژیارێک بوو کە توانی شانۆنامە بەدی بێنێ؛ لەوەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دیالۆگ لە سەدان ساڵ پێشترەوە بەشیک بووە لە کولتووری یوونانی و بنەماکانی دێمۆکراسی یوونانی لە سەر ئەو بونیادە دامەزرابوو. " لە ئاتێن قسە کردنی ئازاد یان پاریشیا باوی بووە. پاریشیا واتە قسە کردن بێ کۆت و بەند و ئەمە تایبەتمەندیی سیستەمی دیمۆکراتیک بووە. چەمکی پاریشیا بۆ بەرگری لە دیمۆکراسی لە سەدەکانی چوار و پێنجی بەر لە زایین بە کار هاتووە و لە گفت و گۆکانی ئەفلاتوون دا کەڵکی لێ وەرگیراوە. سوقرات بەردەنگەکانی بانگهێشت دەکا بە پاریشیا چون خەریکن لە شاری دیمۆکراتیکی ئاتێن دا وت و وێژ دەکەن"(15) کە ئەمە وەبیرمان دێنێتەوە سەدەی چوار و پێنجی بەر لە زایین سەدەی زێڕینی شانۆنامەنووسی یوونانی کەونارایە و شانۆنامەنووسانی گەورەی یوونان وەک ئاشیل و سۆفۆکل و ئۆریپید و ئاریستۆفان هەر لەو سەردەمەدا بەرهەمەکانیان خولقاندووە. سەردەمێک کە سەردەمی دیالۆگ بووە و سوقرات وت¬و¬وێژە ناودارەکانی تێدا کردووە و ئەفلاتوونیش وەک شێوازی سەرەکیی نووسراوەکانی کەڵکی لێ وەرگرتووە.

ئەمە بەڵگەیەکە کە پەیوەندی دیالۆگ لە کۆمەڵگا و فەرهەنگ بە شانۆ شانۆنامەنووسی وەدەردەخا و ئەوە دەسەلمێنێ کە دیالۆگی شانۆیی بەرهەمی دیالۆگ و بیری دیالۆگیکە لە کۆمەڵگا دا. وەک چۆن لە لایەکی تر بەهرام بەیزایی(1380) بە دروستی ئاماژە بەوە دەکا ئەگەر شانۆ لە یوونانی کەونارا سەری هەڵداوە بەڵام لە رۆژهەڵاتی ناوین بە هەموو ژیارە درەوشاوەیە نەتوانیوە سەر هەڵدا هۆکارەکەی لە میتۆلۆژی تاکدەنگی و سیاسەتی تاکدەنگیی ئەم ناوچەیە بە درێژایی مێژوو بووە. (16)

کەوابوو کاتێک بە راستی دەتوانین چاوەڕوانی بەدی هاتنی ئاستەکانی دیالۆگ لە شانۆنامەی کوردی دابین کە دیالۆگ و فەرهەنگی دیالۆگ بێتە پانتای ژیانی مرۆڤی کوردەوە و گفت-و-گۆ و لێک تێگەیشتنی هزرەکان بێتە جێی تاکدەنگیی و بیرۆکە ویشکەکان.

## سەرچاوەکان:


1 Womack, P, Dialogue, Translated by Mojhdeh Sameti, Tehran, Iran. Nashre Sina, 2018 (in Persian)

2 Sameti, M, Introduction of Translator in: Dialogue by Womack, p, Tehran, Iran. Nashre Sina, 2018 (in Persian)

3 Bocca, G, you can Write a Novel, US, Prentice Hall Direct, 1983

4 Bakhtin, M, M, The Dialogic Imagination, Translated by: Pourazar, R, Tehran, Iran, Nashre Ney, 2008(in Persian)

5 Noble, W, a Writer Guide to the Uses and Misuses of Dialogue, Translated by: Akbari, A, Tehran, Iran, Nashre Soroush, 2009(in Persian)

6 Greig, N, Playwriting: A Practical Guide, Translated by: Alizad, A, A, Tehran, Iran. Nashre Bidgol, 2009 (in Persian)

7 Kurdish Studies Center, the Calendar of a City, Vol1, Islamic Azad University and Nashre gotar, Sanandaj, Iran, 2014, (in Kurdish)

8 Kurdish Studies Center, the Calendar of a City, Vol2, Islamic Azad University and Nashre gotar, Sanandaj, Iran, 2018, (in Kurdish)

9 Kurdish Studies Center, the Calendar of a City, Vol3, Islamic Azad University and Nashre gotar, Sanandaj, Iran, 2108, (in Kurdish)

10 Kenan, Sh, R, Narrative Fiction: Contemporary Poetics, Translated by: Horry, A, Tehran, Iran, Nashre Niloofar, 2008 (in Persian)

11 Ahmadi, B, Dialogue and Monologue, Shargh newspaper, 10 May 2015, (in Persian)

12 Castagno, P, C, New Playwriting Strategies, Translated by Nasrollahzadeh, M, Tehran, Iran, Nashre Samt, 2008 (in Persian)

13 Brecht, B, about Theater,3rd ed, Translaetd by: Behzad, F, Tehran, Iran, Nashre Kharazmi, 2020 (in Persian)

14 Cardullo, B, what is Dramaturgy? 3rd ed, US, Peter lang Inc. international Academic Publishers, 2000

15 Saxonhouse, A, W, Free Speech and Democracy in Ancient Athens, Translated by: Tajik Neshatie, N, Tehran, Iran, Nashre Negahe Moaser, 2017 (in Persian)

16 Beizaee, B, a Study on Iranian Theatre, 2nd ed, Tehran, Iran, Nashre Roshangaran, 2001, (in Persian)



## ئەزموونی نووسینی شانۆییم و پانۆرامای شانۆی ئەورووپی

■ دانا ڕەئووف

لە هەشتاکاندا، کە قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان بووم، دواتریش، کە لە سلێمانی تیپی شانۆی ئەزموونگەریمان دامەزراند، شانۆیەکی فیزیکی، کە لەسەر بنەماکانی جەستە و جوولەی ئەکتەر و بونیادی وێنەی شانۆیی و دەنگ و بەکارهێنانی سینۆگرافیایەکی بزۆزوە ڕۆ نرا بوو، جێگای سەرنجم بوو. هەر بەو ئاراستەیەشدا کارم دەکرد. نمایشی "چیرۆکی باخچەی ئاژەڵان"ی ئەدوار ئەلبی، نموونەیەکی کارەکانم بوو.

سەرچاوەکانی ئەم دیدە شانۆییە دەگەڕایەوە بۆ نموونە، سەرسامیم بە ئەنتۆنان ئارتۆ لەلایەک و گرۆتۆڤسکی، جۆلیان بێگ و دواتریش پیتەر برووک و ڕەوتە شانۆییەکانی تر، کە ئەوانیش بە شێوەیەک لە شێوەکان لەژێر کاریگەری ئارتۆدا بوون، لەلایەکی ترەوە.

ژیانی تاراوگە و تێکەڵاوبوونم بە شانۆی ئەوروپییەوە، زۆر شتی لا گۆڕیم. لە نزیکەوە ئەو شانۆیەم بینی، کە تا ئەو کاتە، هەر لەنێو بەرگی کتێبە عەرەبییەکاندا بەریان کەوتبووم و هیچ ئەزموونێکی کردەیی و ڕاستەوخۆم، تەنانەت وەک بینەریش بە شانۆی ئەوروپییەوە نەبوو. لێرە بەر شانۆیەکی تر کەوتم، ئێستاتیکایەکی تر، دیدێکی تر بۆ شانۆ، کە زیاتر لەنێو بێدەنگییەوە، لەنێو جۆرە نادیاری و ڕەوشێکی پڕ لە ڕاز و نیازەوە کاری دەکرد.

لە کوردستان بێکێت-م خوێندبووەوە، لە برێشت گەیشتبووم، کتێبێکیشم لەسەر ئارتۆ نووسی بوو، بەڵام لێرە، کە ڕاستەوخۆ بەر شانۆی ئەورووپی کەوتم، لەوە گەیشتم لە بێکیت نەگەیشتووم، برێشت ئەوە نەبوو، کە من تێگەیشتبووم، ئارتۆ، کە تا ئێستایش سەرسامم بە کارەکتەرەکەی، بە میتۆدەکەی، کاریگەرییەکانی بەسەر شانۆی ئەوروپییەوە لە چەندین ئاراستەی تردا کۆ دەبنەوە، نەک تەنیا تەکنیک و تیۆر و پراکتیک، بەڵکوو پەلی هاویشتووە بۆ زۆر بوار و لایەنی تری هزری و فەلسەفی. ئەوەی من لەسەرەتای نەوەدەکاندا لە ستۆکهۆڵم، لەندەن، بەرلین و پاریس دەمبینی، بەلامەوە نامۆ بوون، نەمدەزانی بە چ شێوەیەک شیکاری بۆ بکەم، چونکە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەو وێنەیەی من بۆ شانۆی ئەورووپی لە کوردستان، لە هزر و ئەندێشەی خۆمدا دروستم کرد بوو، یەکی نەدەگرتەوە!

هەندێک جار دەچووم بۆ بینینی نمایشی دەرهێنەرێکی گەورە، لە شانۆیەکی ڕووت، چەند دیمەنێکی ساکار، سێ، چوار ئەکتەر بەولاوە هیچی ترم نەدەبینی. دیالۆگی کارەکتەرەکان و ئەو ڕووداوانەی دەقەکەی پێکهێنابوو، لە ڕەوتێکی ژیانی ڕۆژانەدا دەسووڕانەوە، بۆ نموونە پانتاییەکی تەواو داماڵراو لە هەموو شتێک، لەپڕ بە کورسییەک دەبووە نەخۆشخانەیەک، یان کەنیسە و هۆڵی ماڵێکی دوو کەسی گەنج، یان سەرەڕێگایەک.

هیچ جۆرە تەم و مژ و نادیارییەک لەئارادا نەبوو. هەموو شتێک لە ڕووکاری دەرەوە ڕیالیزمێکی داماڵراو، ئێستاتیکایەکی سمبولیزم، بەڵام دوور لە هەموو جۆرە ئاڵۆزییەکەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا، کە لە هۆڵی نمایشەکە دەهاتمە دەرەوە، چەندین پرسیارم لا دروست دەبوو، بۆ نموونە ئەو کارەکتەرە یان ئەویتریان کێ بوون؟ بۆ لەپڕ لەوێدا دەرکەوتن، یان چوونە

دەرەوە؟ بۆ دیمەنەکە، بەتایبەتی لەوێدا کۆتایی هات؟ هەندێک کارەکتەر هیچ جۆرە جووڵەیەکی دەرەکی و ناوەکییان نەبوو، ئەی بۆچی لە کۆتاییدا بەو شێوەیە دەرکەوت. ئەم جۆرە لە ڕیالیزمێکی سەمبۆلیزم لە شانۆنامەکانی بێکێت-یان نزیک دەکردمەوە، زیاتر لە کاریگەرییەکانی ئەو بێدەنگییەی بێکێت خولقاندبووی دەگەیشتم.

لێرەوە زیاتر لە پیتەر بروک نزیک بوومەوە، بەتایبەتی لە ڕووە هزرییەکەوە، کە چۆن لە شەستەکاندا، کە "شالیر"ی خستە سەر شانۆ، بە یارمەتی لێکۆڵینەوەکانی ڕەخنەگری پۆڵۆنی "یان کۆت" گەڕابووەوە بۆ بێکێت. بروک لە بێکێت-دا دیدی خۆی بۆ تێڕوانینە هونەرییەکانی، لە خوێندنەوەی شالیردا دۆزیبووەوە.

ئەو نمایشانەی لە سوید یان لە وڵاتانی تری ئەورووپادا دەمبینین، بەتایبەتی بەرلین، کە لەم سی ساڵەی دواییەدا بۆتە گرینگترین پایەتەختەکانی شانۆ لە ئەورووپادا، تووشی سەرسووڕمان دەهاتم. لەو نمایشانەی، کە نووسەرە شانۆییەکانیان، گەنجەکانی ئەمڕۆی ئەورووپان، هیچ جۆرە سەرەتا و ناوەند و کۆتاییەکم نەدەبینی، هێڵێکی لۆژیکی بۆ ڕووداوەکان نەبوون، کێشە و ململانێ بوونی نەبوو، کارەکتەرەکان بوونێکی دیاریکراوییان لەخۆ نەدەگرت.

لە بەریتانیا، کە بە بۆچوونی من بە مەڵبەندی شانۆی جیهانی دادەنرێت، نەک هەر لەبەر ئەوەی خاوەنی "شەکسپیر"ن، بەڵکو لەبەر ئەوەی هونەری نواندن، دەرهێنان، تەکنیک لەم وڵاتەدا گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، ئەمە جگە لەو مێژووە دێرینەی ئەم شانۆیە، کە بووە بە داب و نەریتێکی گرینگ و لایەنێکی بەبەهای ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی. شانۆ ببووە شتێک، کە ڕەخنەگر و تەنانەت شانۆکارانیش بە in-yer-face theatre ئاماژەیان بۆ دەکرد. هارۆڵد پینتەر و سارا کین و شانۆی "ڕۆیاڵ کۆرت" ڕۆڵێکی گەورەیان لەم بوارەدا گێڕاوە. لە نەوەدەکاندا، بە حوکمی ئەوەی دراماتۆرگ بووم لە شانۆی گەل لە سوید، چەند جارێک سەردانی شانۆی ڕۆیاڵ کۆرت-م کرد و لەگەڵ دەرهێنەر و دراماتۆرگەکانیاندا باسی ئەوەمان دەکرد، کە شانۆ دەبێت چۆن بێت؟ چ ڕۆڵێکی هەبووە و ئێستا چ ڕۆڵێکی هەیە. هەر ئەم شانۆیە ساڵانە وۆرکشۆپیان بۆ نووسینی دەقی شانۆیی دەکردەوە، چەندین شانۆکاری ئەورووپی لەم وۆرکشۆپانەدا بەشدارییان کردووە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، دەقە کلاسیکییەکانی شەکسپیر، مولیر، ئیبسن، ستریندبێرگ، چێخەف... هتد لە نمایشە نوێیەکاندا، دەبوونە شتێک بە هەموو شێوەیەک دوور لە بنەما کلاسیکییەکانی شانۆوە، ئەو دیدە مۆدێرن و دواتریش پۆستمۆدێرنەی شانۆ، ئەم دەقانەی تەواو هەڵوەشاند و سەرلەنوێ لە نمایشێکی، هەندێک جار ئێجگار جواندا پێشکەش دەکران.

ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر کاریگەرییەکانی بێکێت-م بۆ دەردەکەوت، ئەم کاریگەرییانە، هێدیهێدی لە جەستەی شانۆی ئەورووپیدا، لە ڕووی فۆرم، تەکنیک، دیدی دەرهێنەرەکان، ناوەڕۆکی دەقە نوێیەکانی شانۆنامەنووسە گەنجەکانی ئەمڕۆی ئەورووپا بڵاو دەبوونەوە.

لەم ڕووەوە "سارا کێن" لە لەندەن وەرچەرخانێکی گرینگ بوو، "پینتەر" بەر لە "کێن"، کەوتبووە نێو تەڵەکەی بێکێت-ەوە، بەڵام پینتەر زۆر بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ ئەم هزرە بێکێتییە کرد، لەو ڕووەوەی پینتەر توانی هزرە ڕەشەکەی بێکێت و تەکنیکە تەواو ئەبستراکتەکەی لە تەکنیکێکی تردا بنووسێتەوە. پینتەر توانی تەکنیکێکی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە، کە کاری کردە سەر نەوەیەک لە شانۆنووسانی نوێی دنیا. پینتەر هزرە سەخت و قووڵە ڕەش و فۆرمە ئەبستراکتەکەی بێکێت-ی هێنایە ناو ژیانی ڕۆژانەی کارەکتەرەکانییەوە. ئەم ڕەوتە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی بەسەر زۆربەی شانۆکارانی ەورووپاوە بەجێهێشت،

بۆ نموونە لە ئەڵمانیا "ماریۆس ڤۆنماینبۆرگ" لە سوید "لاش نۆرێن" و لە دانیمارک "پیتەر ئاسموسن" لە نەرویژ "یۆن فۆسە" و دواتریش "ئارنە لێری". ئەوەی خاڵی هاوبەشی ئەم شانۆنامەنووسانەیە، ئەوەیە کە باسی ئەو مرۆڤانە دەکەن، کە لە پەراوێزی کۆمەڵگەدا دەژین، ئەو مرۆڤانەی هەرگیز جێ پێی خۆیان ناکەنەوە و لە پەراوێزی کۆمەڵگەیەکی ڕواڵەتئاسا و بێبەهادا ون دەبن. نەوەیەکی بێلانە و بێدەرەتان.

ئەوەی لەم دەقە نوێیانەی شانۆی ئەورووپیدا گرینگە ئاماژەی بۆ بکەم، ئەوەیە ململانێی نێوان پاڵەوانەکان و ڕووداوەکانی نێو دەقەکانیان ئاراستەیەکی تر لەخۆ دەگرێت، یان دەتوانین بڵێین پاڵەوان بوونی نییە. شەڕی نێوان ئەم دەقانە، شەڕی ململانێی چینایەتی و بورژوازییەت نییە بەو شێوەیەی لە شانۆنامە تەقلیدییەکاندا دەخرانە ڕوو، یان شەڕی نەوەکان و پەردەهەڵماڵینی درۆکانی نێو کۆمەڵگە و خێر و شەڕ، بەڵکوو جیاوازییەکانی بیرکردنەوەی منداڵ و دایک و باوکەکان چ ئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە، نەبوونی تێگەیشتن، کەس لە کەس ناگات، بێدەنگی و تەنیایی. ململانێکان زیاتر ناوەکین، وەک لەوەی لە ڕووکاری دەرەوە بتەقنەوە. ئەم دەقانە گەڕانەوەیەکە بۆ ناوەوە و پێداگرییەکە لەوەی، کە ڕاستییەکان لە قووڵاییەکاندان.

لەم تەکنیکەدا دووبارەبوونەوە، بێدەنگییەکی ترسناک، هەندێک جار ڕیتمێکی هێمن، ترسێکی گەورە، هەروەها کۆمیدیایەکی ڕەش وێنای ئەو ململانێیە دەکات، کە شانۆی مۆدێرنی ئەورووپی لە ستریندبێرگ، ئیبسن و چێخەفەوە بۆی ماوەتەوە. بێگومان ئەم کولتوورە دەوڵەمەندە، لای بێکێت، کە دەبێتە سەرەتایەکی تر بۆ نەوەکانی دوای خۆی، ئاراستەیەکی تر وەردەگرێت، وەک لای سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردووە.

لەم تەکنیکە نوێیەی شانۆنامەنووسە ئەورووپییەکاندا، کات ڕۆڵێکی گرینگی هەیە، بەڵام بە جۆرێکی تر. ستریندبێرگ لە شانۆنامەی "خەونەنمایشێک"دا دەرگایەکی فراوان بە ڕووی شانۆیەکی مۆدێرن و دواتریش پۆستمۆدێرندا دەکاتەوە. ئەم دەقەی ستریندبێرگ بەتەواوی یەکەی کات و شوێن تێک دەشکێنێت. شانۆنامەنووسەکانی ئەمڕۆ شوێن پێی ستریندبێرگ-یان هەڵگرتووە و یەکەی کات، هەروەها شوێنیش تێک شکێنراوە. کات چیتر ئەو کاتە نییە، کە لە شەو و ڕۆژێکدا، لە مانگ و ساڵەکاندا ژیانمان ڕێک دەخات، بەڵکوو کات ئامرازێکی ترە، هەندێک جار فەلسەفییە و نامێنێ، هەندێک جار ڕەوتی کرۆنۆلۆژی خۆی لە دەست دەدات، هەندێ جاریش هەموو شتەکان لە دەرەوەی کاتەوە بەرجەستە دەبێت. لەم پانتاییەدا، زۆر ئاساییە کارەکتەرەکان ڕۆڵەکانییان بگۆڕنەوە، شوێنەکان بگۆڕن، تەنانەت ڕەگەزی پیاو و ژن ئەو گرینگییەی نەمێنێ. هەموو شتێک لەم دراماتۆرگییە نوێیەی شانۆی ئەورووپیدا لێکدانەوەی بۆ ناکرێت؛ ڕوونتر بدوێم، شانۆنامەنووسەکان هۆکارێک نادەن بە دەستەوە، ئەو کارەکتەرە، یان ئەویتریان بۆ بەو شێوەیە ڕەفتاریان کردووە. ئەمەیش ڕەوتی ڕووداوەکان لە دنیایەکی نادیاردا دەهێڵێتەوە، یاوەخود ئاوێزانی چەند چارەسەرێکی کراوەی دەکات. ئەم تەکنیکە بۆ نموونە لای "یۆن فۆسە" زۆر دووبارە دەبێتەوە.

کارەکتەرەکانی فۆسە هیچ جۆرە شوناسێکیان نییە، بەڵام بنەمایەکی قووڵی سیکۆلۆژی لەخۆ دەگرن، کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەنگەژە دەروونییە قووڵەی مرۆڤی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی ئەورووپی تووشی هاتووە. ئەم کارەکتەرانە، لە زۆربەی دەقەکانی شانۆنامەنووسەکانی ئەمڕۆی ئەورووپادا دووبارە دەبنەوە، ناتوانی بزانی بە چ دەردێکی دەروونییەوە گیرۆدە بوون، ئەمانە لەوێدان، لە شوێنێکی نادیاردا گیریان خواردووە، چۆن دەردەکەون، بە هەمان شێوەیش ون دەبن و دیار نامێنن. زۆر جار ئەم کارەکتەرانە وەڵامی هیچ پرسیارێک نادەنەوە، یان هیچ جۆرە پرسیارێک لە خۆیاندا هەڵناگرن،

وەک "ئێستراگۆن" و "ڤلادیمێر" چاوەڕوانی گۆدۆیەکن، کە هەرگیز نایەت. خاڵێکی تری هاوبەشی، بەشێکی زۆری ئەم شانۆنامەنووسانە، ئەوەیە، کارەکتەرەکانیان هیچ ناوێک هەڵناگرن، بێناون: پیاو، ژن، کوڕ، دایک، باوک، کچ... هتد، ئەمەیش وا لەم کارەکتەرانە دەکات، شوناسێکی گەردوونی هەڵبگرن، پێناسەیەک بۆ ونبوونی مرۆڤی ئەم سەدەیە، بۆ نامۆبوونێک، کە ڕەگەکەی لە قووڵایی ڕەوتی مرۆڤایەتیدا داکوتیوە.
مان لەم دەقانەدا لە لێواری سنوورەکانی نەبووندایە. زمان لە هەموو شتە زیادەکان پاک کراوەتەوە و داماڵراوە؛ زمانی پەیوەندی نێوان مرۆڤایەتی، ئەوەی لە پەنجاکاندا "ئۆژین یۆنسکۆ" و دواتریش بێکێت بە قووڵی کاریان لەسەر دەکرد، لەم دەقە تازانەی ئەم نەوە نوێیەی شانۆنامەنووسەکاندا، پێگەی خۆی لە دەست داوە، ماناکانی ون کردووە، بەهای زمانی گفتوگۆکردن نەماوە و کەس لە کەس ناگات. لێرەدا دووبارەبوونەوەکان، وشەی پچڕپچڕ و ڕستە و دەستەواژەی ناڕێک و تەواونەکراو، وەک کارەکتەرەکان لە خەونێکی قووڵدا بن، پێوەدانگە درامییەکە و ستراکتوری کارەکتەرەکان دروست دەکات. ئەوەمان لە بیر نەچێت، زمانێکی شیعری، شیعرییەتێک، کە ڕیتمێک بەم زمانە دەبەخشێت، کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان، چەندە قووڵ دەکاتەوە، هێندەیش دەوڵەمەندییان دەکات.
سەرەتا ڕەخنەگرەکان، بینەرانیش ئەم تەکنیکە نوێیە و ئەم دراماتۆرگییەیان بە گران وێنا دەکرد، زۆر کەس ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد، لەمە ناگەم، بەدحاڵیبوونێک لەنێو ناوەندە شانۆییەکە و لای بینەرانیش دروست ببوو، دواتر هەر زۆر زوو ڕەخنەگرەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە ئەم واقیعە هێندە بە ئاشکرا، هێندە بە قووڵی خراوەتە ڕوو، سەختە بۆ ئێمە ددان بەوەدا بنێین، کە ئەوە ئێمەین؛ بەرگەی ئەو دۆزەخە بگرین، کە ئەم شانۆنامەنووسانە بۆمان باس دەکەن. لەبەر ئەوە، هەموو لەو ئاوێنەیەدا خۆمان دەبینین، هەر لەبەر ئەوەیشە پێویست ناکات بڵێین "بۆچی؟" بەڵکوو هەموو دەڵێن "بێ هیچ بۆچییەک". هیچ شتێک پێویست بە ڕوونکردنەوە ناکات، هیچ شتێک ڕوون ناکرێتەوە، هیچ شتێک بە ڕوونکردنەوە ڕوون نابێتەوە.
ئەوەی فۆسە لە دەقە شانۆییەکانیدا نووسیویەتی، ئەوەی بەر لەو لای بێکێت و هەروەها سارا کێن نووسراوە، ئەوەی لاش نۆرێن بە قووڵی کاری لەسەر دەکرد، هەمووی لەوەدا کۆ دەبێتەوە، کە ئێمەی مرۆڤ دەبێت لە خودی خۆمان جیا بینەوە، بێینە دەرەوە، تا بتوانین لە خۆمان بگەین؛ ئەمە کارێکی ئاسان نییە، سەختە، زۆریش سەختە. سەختی ئەم کارەیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خۆویستییەی مرۆڤی ئەمڕۆ دوچاری بووە. هیچ شتێک لە دەرەوەی منەوە بوونی نییە، هەموو شتێک سەبارەت بە منە و من لە ناوەندی هەموو شتەکاندام.
ئەوەی منیش تا ئێستا نووسیومە، ئەو ئەزموونە کورتەی ئەم چەند ساڵەی منیش لەگەڵ نووسینی دەقی شانۆییدا، درێژکراوەی ئەم کولتوورەیە، چەند و تا چەند خزمەتی شانۆی کوردی دەکات، زۆر زەحمەتە لە ئێستادا بتوانم هیچ وەڵامێکی لۆژیکی بدەمەوە. دەتوانم بڵێم؛ ئەم دەقانەی من نووسیومن، لە ڕووی زمان و تەکنیک و دراماتۆرگی و ڕۆنانی درامییەوە، بە شانۆی کوردی نامۆن و بۆ ئەزموونی نووسینی دەقی شانۆنامەی کوردی تازەن. دەقەکان بە زمانێکی شیعری و شانۆیی نووسراون و هەر چەندە بە ڕواڵەت واقیعین، بەڵام بە دیوەکەی تریدا ئەبسێردن و لە دنیای واقیع و ژیانی ڕۆژانە دوور کەوتوونەتەوە.
ئەم دەقانە شیعری شانۆیین، نەک شیعر بێت لە شانۆدا، شیعرێکی بینراوە، نەک شیعرێک گوێی لێ بگریت.

کارەکتەرەکان بە پلەی یەکەم وەک مرۆڤ لە دەرەوەی هەموو جۆرە جوگرافیا و کات و نەتەوە و شوناسێکی دیاریکراوەوە، مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە، دەکرێت هەموو مرۆڤێک لە هەر شوێنێکی ئەم دنیایەدا بێت، خۆی لەم دەقانەدا بدۆزێتەوە. ئەوە گرینگ نییە ئەم کارەکتەرانە چی دەڵێن، بەڵکوو چۆن دەیڵێن.

من لەم دەقانەدا، بێ ترس دەست بۆ شتە ساکار و ئاسانەکان دەبەم، ڕواڵەتێکی تەنک، هاوکات هەست بە هێزی ڕاکێشانی شتە قووڵەکانیش دەکرێ، کە بەرەو قووڵایی خۆی ڕاماندەکێشێت. بێگومان بێ چینەکانی سەرەوە قووڵاییەکانیش هیچ مانایەک نابەخشن، هیچ قووڵاییەکیش بێ چینی سەرەوە بوونی بۆ نییە و لە سەرەوە بەرەو قووڵاییەکان دەڕۆین. زۆر جار من لەسەرەوە دەمێنمەوە تا ئەو ڕێگایە بۆ ئێوە بکەمەوە بە قووڵاییەکاندا ڕۆبچنە خوارەوە، بە ناوەوەدا بڕۆن تا دواتر بتوانن، بە شتەکانی ناو قووڵاییەوە بێنەوە سەرەوە، ئەوەی لە قووڵاییەکاندا دۆزیوتانەتەوە، کە ڕەنگە جیاوازتریش بێت لەوەی من بیرم لێکردۆتەوە.

هەموو یەکێک لەم دەقانەی من نووسیومن، چیرۆکێکی تایبەتی دەگێڕێتەوە، بەڵام هەندێک جار لەوانەیە ئەم چیرۆکانە دیار نەبن و پێویستیان بەوە بێت بدۆزرێنەوە؛ لەوانەیە لەسەرەتاوە هەست، بۆ نموونە، بە ڕووداو، شوێن و پێوەدانگە درامییەکە نەکەین، بەڵام هەموو ئەو شتانە لە دەقەکاندا هەن و ڕێچکە و فۆرم و شێوازێکی تریان وەرگرتووە و لە تەکنیکێکی نوێدا داڕێژراون. ئەم دەقانە بۆ جەستە و دەنگی ئەکتەر نووسراون، هاوکات بۆ خوێندنەوە و تێڕامان و چوونە نێو دنیای کارەکتەرەکانەوە.

بە بڕوای من شتگەلێکی زۆر لەم دەقانەدا ڕوو دەدەن، کە لەوانەیە بە یەک خوێندنەوە هەموو ئەو ڕووداوانە نەبینین و زمانەکەیش وەک جەستەی ئەکتەر لە جووڵەدایە و ڕووداوەکان و کارەکتەرەکانیش دەجووڵێنێت.



# دەربارەی شانۆی سەردەم

■ د. فازل جاف

لەم سەردەمەدا کە ناوی لێ نراوە "سەردەمی پێشکەوتنی خێرای تەکنۆلۆژیای و پیشەسازیی" پیشەگەرانی شانۆ و کارمەندانی پشت نمایش، کەسانێکی پسپۆڕن، کەسانێکن لە بوارەکانی خۆیاندا تابلێی کارامە و بەتوانا و داهێنەرن، بەبێ ئەوان پرۆسەی نمایش ناچێت بەڕێوە. ئەوانیش بەبێ شارەزایی و پسپۆڕێتی لە تەکنۆلۆژیا ناتوانن کارەکانیان ئەنجام بدەن. لە هەموو شانۆیەکی گەورە و فەرمی و دەوڵەتیدا چەندین سینۆگرافەر و پسپۆڕی ڕووناکی و مۆسیقا وجل وبەرگ و ئێکسسوار کاردەکەن . شانۆی ئەمرۆ بێ ئەمانە تەنیا شانۆیەکی ئارەزوومەندانەی پڕ لە کەموکوڕییە. تەنانەت، نەک هەر پسپۆران و تەکنیککاران، بگرە شانۆکاری ئەم سەردەمە( ئەکتەران و ڕێژیسۆران) پێویستە، کەم تا زۆر و بەگشتی شارەزای سەرجەم لایەنەکانی شانۆ بێ، واتە ئەکتەر ناکرێ تەنیا شارەزای هونەرەکەی خۆی بێت و بێئاگا بێت لە هەموو هونەرەکانی دیکەی هونەر بەگشتی و شانۆ بەتایبەتی. ڕەنگە ئەم بۆچوونە بۆ دەرهێنەرانی شانۆ جیهانی ئەمڕۆی شانۆ، لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، لە سەر سیستەمێکی پیشەمەندانەی چڕ و پێشکەوتوو زۆر قورستر بکەوێتەوە.

بۆ نموونە خوێنکارانی هونەری ڕێژیسۆری لە ئەکادیمیای شانۆ لە شاری سانت پیتەربوورک، کە پێیان دەڵێن ڕێژیسۆری قوتابی، چەند وانەیەکی فرە لایەنانەی سینۆگرافیا و ڕووناکی و جل و بەرگ و ماکیاج و ئێکسسوار دەخوێنن. ئەمە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئەزموون و شارەزایی، ڕێژیسۆر لە هونەری دەرهێنانی شانۆییدا، قوتانی دەرهێنانی شانۆیی، لە قۆناخی خوێندنیدا، کە دەکاتە پێنج ساڵ، چەند بەرهەمێک بە ئەنجام دەگەێنێ ،کە خۆی نەخشەی سینۆگرافیا و ڕووناکی و دەنگ و جل و بەرگ و ئێکسسواری بۆ سازدەکات. ڕێژیسۆر لەم سەردەمەدا چەند ئاگاداری بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا بێت، ئەوەندە کارەکەی ئاسانتر دەبێت و بواری داهێنانی بۆ دەڕخسێت. گەلێ بیرۆکەی هونەرییانەی نایاب لە هزر و ئەندێشەی ڕێژیسۆردا سەرهەڵدەدەن، بەڵام ڕێژیسۆری نەشارەزای دونیای تەکنۆلۆژیا پێی وایە بەئەنجامگەیاندنیان گەلێ سەختە، بۆیە دەستیان لێ هەڵدەگرێت. لەکاتێکدا کە بۆ سینوگرافەرەکەی یان بۆ پسپۆری ڕووناکی باسی دەکا، لەوانەیە بە شێوەیەکی ئاسان ئەنجام بدرێت. هەر بۆ نموونە کاتێک کە لەگەڵ سینۆگرافەکەم( ئیڤۆن ئێریکسۆن) لە شانۆ هێلسیگبورگ لە سوێد، نەخشەی سینۆگرافیای شانۆنامەی (هەزار و یەک شەوەمان) ئامادە دەکرد، دەموویست چوار ستوونی گەورە لە سەر شانۆدا هەبن، بە مەرجێ ستوونەکان لە جووڵەدا بن و لە کاتی لابردنیاندا بەرەو سەرەوە هەڵکێشرێن و بە چەند چرکەیەک لە بەرچاودا وون بن، واتە لەهەندێ دیمەندا هەبن و لە زۆربەی زۆری دیمەکانی دیکەی شانۆنامەکدا نەبن. هاوکات دەمان ویست مەلەوانگەیەک لەسەر شانۆکەدا دروست بکەین، کە ئەم هزرەش وەک ئاماژەیەک بۆ ژینگە و کەشەکانی کەیف و سەفا و ڕابووردنی هارون ئەرەشید لەلام دروست ببوو. دواتر هەر خۆم دەستم لە دروستکردنی مەلەوانگەکە هەڵگرت، پاش ئەوەی کە زانیم گەلێ ڕێژیسۆری وەکوو ڕۆبێرت لێپاژ، لە خەونی نیوەشەوێکی هاوینی شەکسبیردا لە لەندەن، ڕێژیسۆری ڕووسی بەناوبانگ لێڤ دودن، لە شانۆنامەکانی چیخۆڤ لە (ماڵی تیاتر) لە سانت پیتەربوورگ و ڕێژیسۆری نەرویجی ستەین ڤینگە، لە ڕیچاردی سێیەمی شەکسبیردا.

هتد، تەنانەت ئێستا حەوزی مەلەوانی بووە بە کڵێشە و مۆدەیەکی سواو. بۆیە ئەو هزرەم فەرامۆش کرد. بەڵام سینۆگرافەکەم بۆی ڕوونکردمەوە، کە بیرۆکەی ستوونەکانی گەلێ پێ باشە و زۆریش کاریگەرە زۆر بەئاسانیش ئەنجام دەدرێت. لە ڕووی دارایی و جێبەجێکرنیشەوە هەر هیچی تێ ناچێت، چونکە هەر هەمووی بەتوولێکی تەنک( قوماشی تەنک) جێبەجێ دەکرێ و چەند پارچە کارتۆنی بریقەداری دەوێ، کە بنەماکەی ڕادەگرێ و بە تیشکی ڕووناکی ئەو هەستە دروست دەکەین کەمن دەمەوێ، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە ستوونی ڕاستەقینەیش جوانتر و کاریگەرتر دەدەکەون. تەنیا بە توول و بە کارتۆن! ئەم شێوازە جوانترین گاریگەرێتی لە نمایشەکەدا هەبوو، سەرەرای ئەوەی کە وەکوو ئامرازێکی شانۆیی کاریگەرتر بوو. ئا ئەمەیە سنیۆگرافەری داهێنەر، بەمە دەگوترێت تەکنۆلۆژیای شانۆ. یەکێ لە هەرە نمایشە گەورە بەناوبانگەکانی نەوەتەکانی سەتەی ڕابووردوو نمایشی (حەوت ڕووباری ئۆتو)ی دەرهێنەر کەندی رۆبیرت لێپاژە. ئەم نمایشە کە دەربارەی هیروشیمایە حەوت سەعاتێکی دەخایاند، سەرەڕای نمایشکردن لە کەنەدا و ئەمریکادا، لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەوروپادا نمایشکرا. ئەم نمایشەم لە شانۆی نەتەوەیی لەندەن بینی. نمایشەکە درۆ نییە گەر بلێیم بە قەد (مەهابارەتا)ی پیتەر بروک لە فێستیڤاڵکاندا برەوی پەیدا کردبوو، هەر چەندە لەگەڵ هەموو جوانی و نایابی و جیاهەڵکەوتوویی شێوازەکەی لەو باوەڕەدا نیم هاوسەنگی یەک بن (مەهابارات‌ەی بروکم بەڤیدیو بینیوە). بەڵام شێوازی شاعیرانە و ناسکی دیمانەکانی، کە لە ڕێگای تەکنۆلۆژیایەکی بەرز و سادەوە، بەبێ ئەوەی کاربکاتە سەر شێوازی شانۆگەرایەتی(Theatricalty ) نمایشەکە و زمانە شانۆیەکە ئەنجام درابوو. سەرنج بدەن ئەمە خاڵیکی گەلێ گرنگە کە شانۆگەرایەتی دەبێ مەبەستی سەرەکی بێ لە کاری شانۆکاردا و نابێت بکرێ بە قوربانی تەکنیک و کاریگەرێتی تەکنۆلۆژیا. یەکێ لە دیمەنە بە ناوبانگەکانی ئەم نمایشە دیمەنێکە، گوزارە لە خەڵکێکی زۆر و ئاپۆڕە دەکات. دیمەنەکە بریتی بوو لە هاتووچووی خەڵک و جووڵەی زۆری ئاپۆڕە. سەرلەبەری سینۆگرافیای دیمەنەکە بە ئاوێنە هەڵچنرابوو. من لەوە دەگەیشتم کە ئاوێنەکان ژمارەی کەسەکان دوو ئەوەندەو سێ ئەوەندە دەکەنەوە. بەڵام لە تەکنیکی جێبەجێکردنی تێ نەدەگەیشتم، تەکنیکەکە بۆ من زۆ ئاڵۆز دەهاتە بەرچاو، لەمەشدا من تەنیا نەبووم. ئەوەبوو پاش نمایشەکە لەگەڵ لێپاژدا زۆر گفتوگۆی لە سەر کرا و بەردەوام پرسیاری ئەم تەکنیک و تەکنۆلۆژیایان لێ کرد. باری تەکنیکی و تەکنۆلۆژیای نمایشەکە لە کفتووگۆیەکاندا پشکی شێریان هەبوو. لێپاژ خۆی هەر بەوە ناسراوە کە لە بواری تەکنیک و تەکنۆلۆژیای شانۆدا ڕیژیسۆریکی بەتوانا و لێهاتووە. هاوکات سینیوگرافەرێکی کارامەشە. لێپاژ گوتی دەزانن ئەنجامدانی ئەم دیمەنە کارێکی گەلێ ئاسانە. ئەو تەکنیکەی من بەکارم هێناوە لەم دیمەندا ( دیمەنی ئاوێنەکان) کە زۆر سەرنجراکێشە، بریتییە لە پرۆجێکتەرێکی فیلم پیشاندان و چەند ئامێرێکی سادەی ڕووناکی و دەنگ و کۆمەڵە عەدەسە( Lens)یەک و چەند ئاوێنەیەک. بە وتەی لێپاژ کارەکە زۆر ئاسانە بەڵام شارەزایی و کارامەیی دەوێ. کە باس لە شانۆی کوردی دەکرێت، کە باس لە چۆنیەتیی گەشە و پێشخستنی دەکرێت، من پێم وایە ئەم باسانە هیچ ئەنجامێک نادەنە دەستەوە ئەگەر حیرەفیەت( پیشەمەندێتی) و پسپۆرێتی لە شانۆدا پیاد نەکەین. باسکردنی تێورەکان و لایەنی ئەدەبی بێگومان گەلێ گرنگە، بەڵام بەچی دەچێ کە تاکوو ئێستا سینۆگرافەرێکی پسپۆرمان نەبێت. باسکردنی سیمۆلۆژیا و سیموتیک و پۆست مودێرنیزم و کۆنستروکتیڤیزم و کۆنستورالیزم وهتد... باشن، بەڵام بەچی دەچێت کە ئێمە تاکوو ئێستا یەک تەکنیکاری پسپۆرمان لە بواری ڕووناکی و دەنگ و جێبەجێکردنی دیکور و جل و بەرگدا نەبێت، دەی ئاخر ئەمانەن کە هزڤ و بیرۆکە و داهێنانەکانی ڕیژیسۆر بەرجەستە دەکەن، سەرەڕای داهێنانی خۆیان( تەکنیککاران) کە هەندێ جار فەنتازیا و ئەندێشەی ڕیژیسۆریش دەبەزێنێ.

خۆی ئەمانەن کە یارمەتی ڕێژیسۆر دەدەن لە بەرهەمهێنانی مانا  و هیما و ئاماژە و سیمبول  و کەرەستەی پێویستی بۆ دەخولقێنن. بیهێننە پێش چاوتان لە کوردستانی باشوور دوو کۆلیژی شانۆ و چەندین پەیمانگای شانۆ هەن، بە سەتان کەس پسپۆڕێتی تیورییان، هەر لە دیپلۆمەوە تاکوو دکتۆراە بەدەستهێنانەوە، بەڵام لە هەولێری پایتەختدا یەک شانۆ، یەک ستەیجی ڕاستەقینەی لێ نییە، شانۆیەک کە کەرەستەی تەواوی تەکنۆلۆژیای شانۆی تێدا بێت. من لە دیدارو چاوپێکەوتنەکانمدا هەمیشە جەخت لەسەر پیشەمەندێتی دەکەم، چونکە دەزانم تەنیا بە پسپۆڕێتی و پیشەمەندێتی شانۆیەک دێتە گۆڕێ، کە بناخەکەی بۆش نەبێت و وەک دیواریکی پتەو خۆی ڕابگرێت و نەمر بێت.



# دارمانی ماڵی بێرناردا

## (خوێندنەوەیەکی فێمینیستی-ژێستی[1] بۆ شانۆنامەی لە ماڵی بێرناردائاڵبا پرۆڤەمان هەیە)

■ توێژەر: کوورش زارعڕەمشتی (نووسەر و وانەبێژی شانۆ)

پوخته:
ئەم توێژینەوە شانۆنامەی لە ماڵی بێرناردائاڵبا پرۆڤەمان هەیەی فرمێسک مستەفا لە ڕوانگەیەکی فێمینیستی-ژێستی و لەسەر بنەمای تیۆری ئیلین دایمۆند شیکاری دەکات. شانۆنامەکە پڕۆسەیەکی دووقات پیشان دەدات: ڕاهێنان بۆ نمایشێکی ڕیالیستی، هەمان کات دەبێتە گۆڕەپانێک بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی باوکتەوەر لە هونەری شانۆ. توێژەر دەری دەخات کە نووسەری پیاو وەک ئاپاراتووسی باوکتەوەر کاردەکات و ژنە ئەکتەرەکان لە ڕێگەی تەقلید و بەکارهێنانی ژستوس (وەک کارکردن لەسەر بووکەڵە) ڕێکارێکی بەرگرییانە جێبەجێ دەکەن بۆ ئاشکراکردنی لۆژیکی سیستەمەکە. کۆتایی شانۆنامەکە، کە تێیدا ژنەکان واز لە دەقی نووسەر دێنن، وەک کردەیەکی سیاسیی دارمان و دروستکردنی شوێنێکی دیکە لێکدەدرێتەوە.
وشەی سەرەکییەکان: ئاپاراتووسی باوکتەوەر، ئێستا-کات، دارمانی تەقلید، ڕێکارە ژێستییەکان، میز-ئەن-سێنی فێمینیستی.

### دەستپێک:

لەم وتارەی بەردەستدا هەوڵمداوە کە دارشتنی فرمێسک مستەفا لە شانۆگەری لە ماڵی بێرناردائاڵبا پرۆڤەمان هەیە لێکبەمەوە. لیرەدا هاوکات لەگەڵ شیکردنەوە شانۆنامەکەدا، بیردۆزە تایبەتەکانی ڕەخنەگەرێکی تایبەت بۆ خوێنەری کورد شی دەبێتەوە. بۆیە ئەم دەقە هەم لێکدانەوەی تێدایە هەم بەجۆرێک لە گەڵ تێڕوانینی ئیلین دایمۆند و کتێبە تایبەتەکەیدا ئاشنا دەبین. لە کۆتاییشدا دەزانین کە داهێنانەکانی فرمێسک مستەفا چەندە قووڵ و سەردەمیانەیە. لە ڕاستیدا شانۆنامەی لە ماڵی بێرناردا پرۆڤەمان هەیە ڕەخنەیەکی دووقات لە تەقلیدی شانۆیی پێشکەش دەکات: ئەم بەرهەمە لە یەک کاتدا، هەم ڕاهێنانێکە لەسەر نواندنی ماڵی بێرناردا و هەم درامایەکە لەسەر چۆنیێەتیی کارکردنی دەسەڵاتی جێندەر لە ئاپاراتووسی شانۆدا . ئەگەر ئەم شانۆگەرییە لە ڕوانگەی بیردۆزەکانی ئیلین دایمۆند لە کتێبی دارمانی تەقلید بخوێنرێتەوە، دەبێتە نواندنێکی ڕاهێنانە کە دایمۆند پێی دەڵێت ڕێکارێکی فێمینیستی بۆ دارمانی دەزگای نواندنەوە لە ڕێگەی ئاشکراکردنی ئاماژە داگیرکارییەکانی ڕیالیزم، جێبەجێکردنی ڕەخنەیەکی فێمینیستی-ژێستی لەسەر شانۆ[6] و بەکارهێنانی تەقلید وەک تاکتیکێک بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتی نووسینی باوک تەوەر.[7]

### دۆخی شانۆگەرییەکە: ڕاهێنان وەک ڕەخنە[8]

بە ڕواڵەت، شانۆگەرییەکی سادەیە: چوار ئەکتەری ژن، دەرهێنەرێکی ژن، و نووسەرێکی پیا کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی ماڵی بێرناردا ئامادە بکەن بۆ پێشکەشکردن. بەڵام کردارەکان بە خێرایی، ڕاهێنانەکە دەگۆڕێت بۆ شوێنی دەرکەوتنی کۆمەڵایەتی. ژنەکان لە کاتی ڕاهێناندا و چێ کردنی بووکەڵەکانیان (کە ڕاستەوخۆ پەیکەری نێرینەن)،

1. Gestic-feminist reading
2. Theatrical-mimesis
3. Gendered-power
4. Theatrical-apparatus
5. Unmaking mimesis: Essays on feminism and theater
6. Representational-machine
7. Gestic-feminist criticism
8. Patriarchal-authorship

باسی کاری ڕۆژانە، خیانەتەکان و بەسەرهاتەکانی ڕابردوویان دەکەن (دەق زۆربەی کات ڕاهێنانەکە دەوەستێنێ! واتا ڕاهێنان لە ماڵی بێرناردا ڕادەوستی و شانۆ دەبێتە شوێنی کێشە و گرفتەکانی ئەو ژنانەی لە کۆمەڵگادا تووشی هاتوون). دەرهێنەر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەزموونی ژنان لە پێشەوە دابنێت و بێرناردا وەک دەسەڵاتێکی کۆمەڵایەتی نەک تەنها ئەخلاقی دووبارە بنووسێتەوە. دەقەکە خۆشی بەردەوام ڕاهێنانەکە دەوەستێنێ و کرداری ڕاهێنان دەکات بە بڕیارێکی سیاسی. دایمۆند شانۆ وەکوو گۆڕەپانی زانیاریی ناو دەبا و هاوکات وەکوو گۆڕەپانی خەسارناسی ڕیالیزم دەیبینێ، گۆڕەپانێک کە ئەگەر پرسیار ئامێز نەبێت، هەموو ئەو ڕەنجە ژنانەی کە بانگەشەی نواندنیان دەکا، بەرهەم ئەهێنێتەوە (Diamond, 1997). ئەم شانۆنامەیە ئەوەمان پیشان دەدات کە ، ڕاهێنانی ڕیالیستی بە بێ ڕەخنە، ژنەکان دەکاتەوە هەمان کەسایەتی ئاماژە پێکراو، واتا هەمان رەنج و هەمان کەس دووپات دەبنەوە، بە هەموو ڕەنج و ئازارەکانیانەوە. دایمۆند پێیوایە کە ڕاهێنانی فێمینیستی دەبێ پرسیار بکا لە تەقلید و نواندنەوە نەک تەنیا وەکوو ئاوێنە بارودۆخی کۆمەڵایەتیی پیشان بدات، واتا ئەو ڕەوتەی وەکوو پێکهاتەیەک جێگر و مسۆگر باو بووە بخاتە ژێر پرسیارێکی گەوەرەوە. شێوەی داهێنانی ئەم شانۆگەرییە دارمانی ئەو ڕیالزمەیە کە تەنیا نواندنەوە دەکات. واتا دەق بە هەندێک ڕێکاری داهێنەرانە هەوڵ دەدا ئەونواندنەوە ڕیالێزمە کە وەکوو پێکهاتە و ڕەوتێکی باو جێگر بووە بڕووخێنێ و ڕێکارێکی تازە و کارامە پێشنیار دەکا.

## نووسەری پیاو وەک ئاپاراتووسی باوک تەوەر[9]

نووسەر لە شانۆگەرییەکەدا وەک فەرمانڕەوایەکی فەرهەنگی بە پێوەرێکی بچووک کاردەکات: دەنووسێ، دادوەری دەکات و پەیوەندییە سۆزداری لەگەڵ ئەکتەرە ژنەکاندا دەبەستێتەوە. واتە خاوەن دەسەڵاتی نێو ئەو ئاقارەیە. خیانەتی نووسەر، کە لە ئاهەنگێکدا ئاشکرا دەبێت، لە ڕاستیدا ئەکتەری یەکەم بۆی دەردەکەوێت نووسەر لە کاتێکدا پەیمانی پەیوەندییەکی سۆزداری پێداوە کە لەگەڵ دەرهێنەرەکەدا پەیوەندییەکی نزیکی هەبووە، تەنیا درامێکی تاکەکەسی نییە؛ بەڵکو ئەم شانۆگەرییە، پیشاندانی ڕەوتێکە کە تێدا ئیلهامی هونەری لە ڕێگەی داگیرکردنی خۆشەویستی و جەستەی ژنانەوە بەرهەم دێت. واتا داهێنانی ناوەندی دەسەڵات بەرهەمی داگیرکارییە. داگیرکردنی جەستە و هەستی خۆشویستنی ژنان دەبێتە سەرچاوەی ئیلهام ئەکتەری ناوبراو کاتێک پەیوەندی بە نووسەرەوە دەگرێ دەڵێت: هەرکاتێک لەگەڵ مندا دەچوویتە جێگەوە، بۆ بەیانییەکەی دەرهێنەرەکەمان جوانترین شاکاری نووسینی تۆی بۆ دەهێنانین... ئای! چەند دڵخۆش دەبووم، ٩
چەند زیاتر خۆشم دەویستیت و پێتەوە پەیوەست دەبووم، لەلای خۆمەوە وام لێکدەدایەوە، کە وزە و تینی خۆشەویستی منە بۆتە هاندرەی ئیلهامەکانت... بەڵام تۆ دوو ژنت هەڵنەخەڵەتاندووە، بەڵکوو خۆتت خەڵەتاند تا بۆ چەند مانگێک سەرچاوەی ئیلهام و هەوەسبازی خۆت تێربکەیت... تۆ منت وێران کرد، ویستت ببیە ئەو پیپەی لۆرکا نووسەری بوو، بەڵام تۆ ڕۆشنبیرێکی بودەڵەی، بازرگانێکی قەڵەم فرۆشی گەندەڵی... من ڕاستی تۆم بۆ دەرکەوت... داخەکەم کەسێکی تر هەیە لەناو دەستی چەپەڵتدایە... من ئازاد بووم لێت. کەسێکی تر هەیە پێتەوە بەندە... (مستەفا، 2025: 112، 111) شێوازی قسەکردنەکەی هەوڵ دەدات خۆی وەک هونەرمەندێکی بریندار دووبارە لە ناوەندا دابنێت، لە کاتێکدا ڕێسا و ڕەوتە چەوسێنەرەکانی پشتی ئەو پەیوەندییە دشارێتەوە. شانۆگەرییەکە ئەم شێوازە ئاشکرا دەکات کە دەسەڵاتی جوانی ناسانەی نووسەر، گرێدراوە بە چەوساندنەوەی سابجێکتیڤیتی[10] (خەون/ئەندێشە)ی ژنان و هێنانییانە سەر شانۆ وەک مۆزەخانەی خۆی.

9. Patriarchal-apparatus
10. Subjectiveity

خوێندنەوەکانی دایمۆند بۆ هایستریای ڕیالیزم[11] و ئەو ڕێگایانەی کە دەقە ڕیالیستییەکان، جەستە و نیشانەکانی ژنان دەگۆڕن لە ئاستی نیشانەی خوێندنەوەدا بچووکە دەکەنەوە، یارمەتیمان دەدات کە نووسەر لێرەدا تەنیا وەک کەسێکی خراپ نەبینین، بەڵکو وەک نوێنەرێکی ڕێکخراوێکی تەقلیدی پیاودۆستانە[12] ڕێکخراوێک کە ڕۆڵی ئاماژەپێکراو بە ژنان دەدات لە کاتێکدا پیاو لە ناوەندی شیکردنەوەدا دەمێنێتەوە. بەم شێوەیە، شانۆگەرییەکە، ڕەخنەی دایمۆند لە دەسەڵاتی نواندنەوە[13] جێبەجێ دەکات.

## ڕێکارە ژێستییەکان[14] و تەقلید: چۆن ژنان وەڵام دەدەنەوە

گرینگی شانۆنامەکە لەوەدایە کە لە جیاتی خۆبەدەستەوەدان، ئەکتەرە ژنەکان شێوازێکی بەرگری جێبەجێ دەکەن کە دایمۆند وەک ڕەخنەیەکی فێمینیستی-ژێستی و تەقلیدی بەرهەمدار باسی دەکات. لەم دەقەدا ئەو شتەی پیشاندەری ئەمەیە جوڵە دووبارەبووە فیزیکییەکانی گرووپەکەیە، بووکەڵەکان و ئامادەکردنیان وەک ژستوس[15] کاردەکـەن: ئەو جووڵە و کارانەی کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ئاشکرا دەکەن، نەک تەنیا هەوڵێک بن بۆ دووبارە دەکەنەوەی دۆخی دەروونی[16] کەسەکان. شانۆنامەکە ئەم تابلۆیە ژێستییانە[17] بەکاردەهێنێت بۆ مێژوویکردنی دەسەڵاتی بێرناردا (بۆ ئەوەی وەک پراکتیکی کۆمەڵایەتی نیشانی بدات)، هەر لەسەر بنەمای ڕوانگەی شیکردنەوەی ژستوسی برێشتی[18] کە دایمۆند پشتگیری دەکات(Dia–mond, 1997). لە هەمان کاتدا ئەکتەرەکان وێنەکانی بێرناردای لۆرکا و زمانی نووسەر بە قەرز وەردەگرن و کاریان لەسەر دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئۆپەراسیۆنە ئایدیۆلۆژییەکانی ژێرەوەیان ئاشکرا بکەن. ئەمە ڕێک تەقلیدی ئیریگارایە[19] وەک ئەوەی دایمۆند شرۆڤەی دەکات: ژنان بە ئەنقەست تەقلیدی سەپێنراو ئەنجام دەدەن و زیادەڕەوی دەکەن بۆ ئەوەی ئەو لۆژیکە فالیکە[20] دیار بێت کە نوێنەرایەتی پێکهاتە، یاریکردنێک بە تەقلید[21] کە دەمامک دەکاتەوە و بەرەنگاری دەبێتەوە. کردەی پرۆڤەکردنی ماڵی بێرناردا لە هەمان کاتدا نواندنەوە ئەو دەقە ڕەتدەکاتەوە، دەبێتە وەرچەرخانێکی تەقلیدی[22]: ژنەکان ئەوەندە ملکەچی نواندنەوە دەبن کە درزەکانی ئاشکرا دەبێت، پاشان ئەوەی کە ژیانی خۆیان لە جیاتی دەقی نووسەر جێگیر بکەن ڕەتدەکەنەوە. بۆ باشتر تێگەیشتن لە ئێریگاری پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کە ئیرگاری لە تیۆری زمان و جەستەی مێینەدا دەڵێت کە ژنان دەبێ خۆیان لەو شوێنە دوور بخەنەوە کە فەرهەنگی پیاوتەوەر بۆیان پێناسەی کردووە (وەک ئۆبژە یان وێنە). ئەو بیرۆکەی شوێنی دیکە[23] پێشنیار دەکات، کەش و هەوایەک لە دەرەوەی لۆژیکی باڵادەستی فالیک– شوێنێک کە ژنان دەتوانن خۆیان تێدا دروست بکەنەوە، بەبێ ئەوەی تەنیا وەک ئاوێنەیەک یان ئەویتری پیاوان پێناسە بکرێن (Iri–garay, 1985). دایمۆند ئەم بیرۆکەیە بە شانۆوە دەبەستێتەوە: کە شانۆ دەتوانێت شوێنێک بێت بۆ دروستکردنی شوێنێکی دیکە، کە ژنان لە ڕێگەی تەقلیدکردن یان ڕێکارەکانی ژێستییەوە، لۆژیکی نواندنەوەی پیاو تێکدەدەن و ئەگەرێکی نوێ پیشان بدەن(Diamond, 1997) . لە کۆتاییدا دەبینین کە چۆناوچۆن ژنان لە شوێنێکی دیکە دەست دەکەن بە پێکهێنانەوەی خۆیان.

## دەرهێنەری دووگیان و ناڕوونی بەرهەمهێنانەوە[24]

بەڵام سەرەڕای ئەو هەوڵانە بۆ پێکهێنانەوەیەکی تازە، وێنەی کۆتایی– دووگیانی دەرهێنەر لە نووسەر– سەرکەوتن ئاڵۆز دەکات. دووگیانی واتە بەرهەمهێنانەوە: زاڵبوونی پەیوەندییەکانی نووسەر ژیانێکی نوێی بەرهەمهێناوە کە هەم تاکەکەسییە و هەم هێمایین. گێڕانەوەی دایمۆند ئاگادارمان دەکاتەوە لەو مەترسییەی کە ڕێکارە تەقلیدییەکان دەتوانرێت بەهۆی ئەو میکانیزمە کۆمەڵایەتیانەی کە ڕەخنەیان لێدەگرن، وەربگیرێتەوە؛ شوێنێکی دیکە کە ئیریگارای باسی دەکات (دایمۆند ئێستا–کات[25] بە هاوسۆزی لەگەڵ بنیامین[26] بەکاردێنێ)

11.Realism's hysteria
12.Masculinist mimetic order
13.Representational–authority
14.Gestic–strategies
15.Gestus
16.Psychological–interiority
17.Gestural–tableaux
18.Brechtian gestic analysis
19.Irigaray's mimétisme (Louise Irgary)
20.Phallic–logic
21.Playing with mimesis
22.Mimetic–détournement
23.Elsewhere

هەرگیز بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بەدی نایەت. بۆ ئەوەی باشتر تێ بگەین لێرە پێویستە ئەوە بڵێم کە واڵتەر بنیامین چەمکێکی هەیە بە ناوی ئێستا-کات. مەبەستی ساتێکی مێژوویی شۆڕشگێڕانەیە کە کاتی هێڵیی و بەرەو پێش[27] دەشکێنێت. ئەو ساتەیە کە ڕابردووی سەرکوتکراو لەناکاو لە ئێستادا دەردەکەوێت و گۆڕانکاری ڕیشەیی دەخولقێنێ. ئێستا-کات ساتێکە کە کاتی هێڵی و هاوشێوە دەشکێت و ڕابردوو و ئێستا لە وێنەیەکی دیالێکتیکیدا پێکدا دەگەن. ئەم کاتە، تێکەڵەیەکی کاتییە کە لەوێدا شۆڕشێک ڕوو دەدات. لە ئێستا-کاتدا، ڕابردوو وەک شتێکی مردوو فام ناکرێت، بەڵکو وەک بابەتێک تێگەیشتنی بۆ دەکرێت کە پڕە لە هەنووکە. ئەم بیرۆکە کارگەری تیۆری وێنەی دیالێکتیکی و هەروەها بیروکەی سۆڕڕیالیزم و عێرفانی جولەکەی (بە تایبەتی چەمکی ڕزگاربوون)ی لەسەرە (Benjamin, 1968). کاتێک دایمۆند ئاماژە بەم چەمکە دەکات، مەبەستی ئەوەیە کە (لە شوێنێکی دیکەی ئیرگاری) تەنیا خەونێکی دەرهەست نییە، بەڵکو دەتوانێت وەک ساتێکی بنیامینی لەسەر شانۆش ڕوویدات: ساتێکی لەناکاو کە مێژوو و سیاسەت دەنووسرێتەوە. کە واتە دووگیانی دەرهێنەرەکە ئەوە پیشان دەدات کە تەنانەت کاتێک ژنان بەرگریی تەقلیدکردن یان ئاماژەدان بە یاسا دادەنێن، دەسەڵاتی ڕەگەزی دەتوانێت خۆی لە تۆمارە چاوەڕواننەکراوەکاندا بەرهەمبهێنێتەوە - سۆزداری، بایۆلۆژی، دامەزراوەیی. بەڵام ڕەتکردنەوەی بەکۆمەڵی نواندنی دەقی ماڵی بێرناردا و بڕیاردان بۆ نمایشکردنی ماڵی بووکەڵە[28] لە کۆتاییدا، نیشانەی دارمانێکی سیاسی و شانۆییە: ئەوان دەقی پیاوتەوەری لە نواندن بێبەش دەکەن، تایبەتمەندییەکانی ئۆبژەی نواندنەوە[29] دەگۆڕن و ئەگەری سیاسەتێکی شانۆیی جیاواز دەکەنەوە.

## کۆتایی: ڕاهێنانی دارمان وەک میز-ئەن-سێنی فێمینیستی[30]

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین شانۆنامەکە پراکسیسێکی فێمینیستی یەکگرتوو دەخاتە ڕوو: ئاماژە ڕیالیزمەکان مێژوویی دەکات بە خستنەڕووی ئەوەی کە چۆن کۆنترۆڵی نووسەر پەیوەستە بە فڕێدانی ژنان؛ بەکارهێنانی تابلۆی ژێستی و بەرجەستەکراو لە جیاتی نواندنەوەی دەروونی و ناخی؛ هەروەها تەقلیدکردن وەک بەرکەوتنێکی ڕێکاری قۆناغبەندی دەکات نەک هاوسۆزییەکی سادە. بڕیاری کۆتایی گرووپەکە بۆ وەستاندنی نمایشەکە و لەبری ئەوە کارکردن لەسەر دەقێکی دیکە، هەڵهاتن نییە بەڵکو دارمانێکی بە ئەنقەستە. کە واتە سێ ڕەهەندی دارمانی دایمۆند پیشان دەدات: بێبەرهەم کردنی دەسەڵات[31]، گۆڕینی تایبەتمەندییەکان[32] و ڕەتکردنەوەی بەرهەمهێنانەوەی لوتکەی دۆخی ئێستا[33] (Diamond, 1997). بەم کارە شانۆنامەکە دەبێتە تاقیگەیەکی سادە بەڵام بەهێز بۆ ئەو ڕێکارییە شانۆییانەی کە دایمۆند دیاری دەکات: ژوورێکی ڕاهێنان یان پرۆڤەکردن کە تیۆری فێمینیست تێیدا نمایش دەکرێت، تاقیدەکرێتەوە و (بە شێوەیەکی کاتی) سەردەکەوێت.

## سەرچاوەکان


- مستەفا، فرمێسک. (2025). لە ماڵی بێرناردائەلبا پرۆڤەمان هەیە. ڕەهەند.
- Benjamin, W. (1968). Illuminations: Essays and reflections (H. Zohn, Trans.; H. Arendt, Ed.). Harcourt, Brace & World.
- Diamond, E. (1997). Unmaking mimesis: Essays on feminism and theater. Routledge.
- Irigaray, L. (1985). This sex which is not one (C. Porter & C. Burke, Trans.). Cornell University Press.


24.Reproduction
25.Now-time
26.Walter Benjamin
27.Linear and progressive time
28.The Doll's House
29.Representational-object
30.Feminist mise-en-scène
31.Depriving authority
32.Altering characteristics
33.Refusing the climactic reproduction of the status quo

# دەروازەیەکی پێویست سەبارەت بەسەرهەڵدان و گەشەکردنی دەرهێنانی شانۆیی

■ نووسەر: گۆران عەلی کەریم



پرۆسەی دەرهێنانی شانۆیی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ لەمەو پێش، دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدانی شانۆدا کاری دەرهێنانی شانۆیش سەری هەڵداوە، بەڵام ئەوکات لەڕێگەی نوسەرە شانۆییەکانەوە کاری دەرهێنان ئەنجام دەدرا. (هەرسێ کەڵە نوسەری یۆنانی کۆن (ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس و یۆرپیدس) خۆیان نوسەری شانۆکانیان بوون و خۆشیان نواندنیان تێدا دەکرد و هەربۆخۆشیان دەرهێنەری شانۆییەکانیان بوون)(اردش:1979: 28) .

دەرهێنەر لە درامای یۆنانی کۆندا رابەری کۆرس و سەماکان بووە، راهێنانی بە سەماکاران کردوە و رێنوێنی کردون بۆئەوەی سەماکانیان لەگەڵ شێوازی دراماکەدا بگونجێنن، هەروەها شێوازی وەستان و رۆیشتنی سەرشانۆکەی پێ ئەنجامداون.(شاعیر یان هونەرمەند بەرپرس بووە لە نمایشی شانۆییەکە، واتا بەرپرسی شتەکان و بوونیادی گەشەسەندنی دیمەنەکان بووە) (ابوو دبسة&غیت&الاخر:2008 :35). لەکۆندا دەرهێنەر وەک نوسەر یان سەرۆکی کۆرس (جۆقە) ناوی هاتوە، چونکە لەو کاتانەدا زاراوەی دەرهێنەر بوونی نەبووە،مێژوی زاراوەی دەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم. لەسەردەمی یۆنانی کۆندا یاسای دابەشکردنی سەر شانۆ هەبووە، واتا وەک هێڵی دەرهێنان شوێنی هاتنە ناوەوە و چونە دەرەوەی ئەکتەرەکان دیاری کراوە.(ئەو شوێنەی کە ئەکتەرەکانی لێوەستاوە لەسەر شانۆکە ناوی (پرۆسینۆم) بووە، پشتەوەی شانۆش ناوی (سکینا)بووە و ئەملاولاکانیش بە (بلابراسکینا) ناوی هاتوە) (کوفجي&نصار:2008: 130). بۆنمونە پاشاکان لەدەرگای گەورەوە و لە ناوەڕاستی شانۆکەوە هاتونەتە ژورەوە و کەسایەتیە جیاوازەکانی تر ئەوانەی کەڕۆڵی گرنگیان نەبووە لەملاولای شانۆکەوە هاتوچۆیان کردوە.(سکینا کەمەبەست لێی روکاری پشتەوەی شانۆکەیە سێ دەرگای هەبووە، دەرگای پشتەوەی ناوەڕاست کە گەورەترین دەرگابووە، بۆناو کۆشک یان هۆڵ بەکارهاتوە، دەرگای لای ڕاست بۆ ئەوانەی کەمترین پلەیان هەیە، دەرگای لای چەپیش پەیوەست بووە بە پەرستگا یان شوێنی دوور) (عبدالوهاب:2009: 15).

بەپێی گۆڕانی سەردەمەکان دەرهێنانی شانۆیش گۆڕانی بەسەرداهات، چونکە پێشتر کەسێک وەک حکایەت خوان یان سەرۆکی کۆرس هەموو دیالۆگەکانی دەوەت بەڵام بەپێی بەرەوپێش چونی هونەری شانۆ، گۆڕان بەسەر شێوازی دەرهێنانی شانۆیدا هات. (دیالۆگ گوتن لەنێوان چەند ئەکتەرێکدا دابەشکرا و نواندن لە تاک ئەکتەرێتی رزگاری بوو، بەتایبەت لەسەردەمی کلاسیکی فەرەنسیدا) (دین: 1972: 30). هەرچەندە نوسەرەکان لەو سەردەمانەشدا بەهەمان شێوە دەرهێنەر بوون بەڵام بەردەوام بیر لەوە دەکرایەوە کە شتی تازە بۆناو شانۆ زیاد بکەن، تەنانەت بیر لە دیکۆر و روناکیش دەکرایەوە. قۆناغێکی تری دەرهێنانی شانۆی ئەو کاتەبوو کە کەنیسە کۆنترۆڵی هەموو جومگەکانی ژیانی کردبوو، هونەری شانۆش کەوتبووە ژێر کاریگەری کەنیسەوە و نمایشەکان تەنیا بۆ بۆنە ئاینیەکان بوون، بەڵام لەو سەردەمەدا زیاتر قەشەکان هەڵدەستان بەکاری دەرهێنان و زۆربەی کارە شانۆییەکان لەناو کەنیسەدا بوون و سودیان لە جلوبەرگی ئاینی وەردەگرت و بە تیشکی روناکی

مەشخەڵەکانیان روناکیان بۆ شانۆکانیان دروست دەکرد. شانۆ لەچاخی ناوەڕاستدا پیرۆزکرابوو بە شانۆ دینیەکان، دەرهینەرەکان کە لەپیاوانی ئاینی پێکهاتبوون پەیوەست کرابوون بەپانتایی دیاری کراوەوە، چ لەناو کەنیسەدا یان لەدەرەوەی کەنیسە.( شانۆ دابەشکرابوو بۆ سێ دیمەن ئەوانیش ئاسمانی فیردەوس ، زەوی و دۆزەخ) (جان وا& جوسار:2007: 8).

لەسەدەکانی ناوەڕاستیشدا بەهەمان شێوەی سەردەمی یۆنان نوسەر لە گروپەکەدا هەڵدەستا بەبەرهەمهێنانی کارە شانۆیەکان و وەک دەرهێنەر ڕۆڵی هەبووە، پانتای دینی باڵی کێشابوو بەسەر تەواوی شانۆکاندا، هاوکات پێشکەش کردنی ئەو شانۆیانە لە کەشێکی دینیدا جوانی و تایبەتمەندی خۆی هەبووە، بەجۆرێک نمایشەکان توانیویانە کاریگەری راستەوخۆ لەسەر بینەرەکان دروست بکەن. هاوکات بەشێکی سەرەکی پێشکەش کردنی ئەو شانۆ دینیانە بۆ ڕێنمای کردن و فێربوون و پەروەردەکردنی مرۆڤ بووە بە دینی مەسیحی. لە سەردەمی کەنیسەدا وێنەی دروستکراو لەسەر دیواری کەنیسەکان بۆ شانۆکان پەیدابوو ، بەجۆرێک سەرنج ڕاکێش ببوو کە بینەران ئاوێتەی ناو شانۆکە دەبوون. وێنەکان بەشێک بوون لە چیرۆکی ئینجیل و قەداسەکان. (بۆنمونە لەساڵی 1547 لە شانۆی (ئازارەکانی فالنسین) دیمەنی وێنەکراو نەخشێنرابوو کەتایبەتبووە بە شانۆکە) (تشيني:1998: 197).

لەسەردەمی (تیودور) لە ئنگلتەرا و سەردەمی لویسی چواردە لەفەرەنسا ئەکتەری یەکەمی ناو گروپەکان هەڵدەستا بە ڕێکخستنی نمایشەکان و ڕێنوێنی کردنی ئەکتەرەکان. ((شکسپیر) لەبەریتانیا و (مۆلێر) لەفەرەنسا خۆیان هەم ئەکتەری سەرەکی بوون و هەم نوسەریش، هەروەها کاری سەرپەرشتی گروپیان دەکرد و هەرخۆشیان ڕێنماییان دەدا) (فريد& عبدالحميد:1980: 10).

لەسەدەی حەڤدەهەمدا لەفەرەنسا قۆناغی کلاسیکی نوێ سەری هەڵدا، پێشڕەوانی کلاسیکی نوێ (ڕاسین و کۆڕنێ و مۆلێر)ن. هەرسێکیان سێ نوسەری دیاری فەرەنسان و شێوازی تایبەتی خۆیان هەبووە لەنوسینی شانۆییەکانیاندا، هەرسێکیشیان خۆیان دەرهێنەری شانۆییەکانیان بوون، ڕاسین و کۆڕنێ تراژیدی نووس بوون و مۆلێریش کۆمیدا نوس بووە، (جوڵەی ئەکتەر و ئەدایان لەسەر شانۆ جیاوازبووە، لەناو کارە تراژیدیاکانی راسین و کۆڕنێ شێوازی خۆیانیان هەبووە و لە ناو شانۆ کۆمیدیاکانی مۆلێریش جوڵەکانی نزیک بووە لە پەهلەوانییەوە) (عيد:2007: ). هەڵبەتە لەگەڵ بەرەو پێش چونی سەردەمەکاندا زۆر وڵات هەوڵی بەرەو پێش چونی دەدا، وڵاتێکی وەکو بەریتانیا هۆڵی بۆنەکان و شانۆی بونیادناو شانۆکارەکان شانۆکانیان تێدا نمایش دەکرد. لەئنگلتەرا و لەسەردەمی شاژنە ئەلیزابیس نوسەر و هونەرمەندێکی وەکو شکسپیر خۆی نوسەر و هەرخۆشی دەرهێنەری شانۆییەکانی بوو، شانۆییەکانی لەسەر شانۆی (گلوب) لەناو کۆشکدا نمایشی دەکرد( شکسپیر وەک دەرهێنەر لەناو گروپەکەیدا لەتەواوی شانۆییەکانیدا کاری کردوە، هەڵساوە بە ڕێکخستن و ڕێنمای کردنی ئەکتەرەکان لەبەرجەستەکردنی رۆڵەکانیاندا) ( خليل،فاضل، منهج الاخراج، موقع الحوار المتمدن ).

بەڵگە بۆ بۆئەمەش ئەو ڕێنوێنیەیە کەشکسپیر لەسەر زمانی هاملێتەوە دەمانکات کاتێک دەڵێ: (با کردارەکانتان لەوشەکانتان بچێت و وشەکانیشتان لە کردارەکان) (شکسپير:2008: 139). لێرەوە ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە نوسەرەکان نەیان ویستوە ئەکتەرەکان لەخۆیانەوە و بەبێ پاساو جوڵە ئەنجام بدەن، یان دەڵێ (بەوجۆرە قسەبکە کەمن بۆتی دەکەم، با وشەکان ناسک بێت لەسەر زمانت) (شکسپير: 2008: 138). بۆیە دەردەکەوێت کەنوسەرەکان ڕۆڵی دەرهێنەریشیان بینیوە، ئەو قۆناغەی شکسپیر بەقۆناغی کلاسیکی نوێ ناودەبرێت و تێیدا گۆڕانی گەورە ئەنجادراوە، هەر لەدروست کردنی

هۆڵی شانۆیی و دروستکردنی دیکۆر و جلوبەرگ، تەنانەت سود وەرگرتن لە روناکی مەشخەڵ بۆ دروستکردنی دیمەنە جیاوازەکان. ئەوەی لەسەر شانۆی یۆنانی کۆن هەیە ، بەهیچ جۆرێک دیکۆریان لەناو شانۆکانیاندا بەکار نەهیناوە تەنانەت لە سەدەی ناوەڕاستدا ئەو دیکۆرانەی بەکارهاتون بۆ دەرخستنی بەهەشت و دۆزەخ بوون تاوەکو بینەر ئاشنابکەن بەئاینی مەسیحی نەوەک بۆ گرنگیدان بە هونەر و تەکنیکی شانۆ. بەڵام لەسەردەمی کلاسیکی نوێدا دیمەنەکان بۆ دەرخستنی ناوەڕۆکی شانۆکە بەکارهاتوە وەک( دانانی درەخت کەئاماژەبووە بۆ دارستان و بەکارهێنانی مێزو کورسی و ڕێکخستنی وەک هۆڵی دادگا لەخزمەتی دیمەنە شانۆییەکاندا ، هاوکات لەگەڵ ئەو گۆڕانانەدا شێوازی جلوبەرگ هەمان شێوازی جلوبەرگی سەردەمی خۆیان بووە و نەتوانراوە شێوازی کۆنتر بەکار بهێننەوە) (فرید&عبدالحمید:1980: 11).

گومانی تێدانییە کەشانۆ لەگەڵ گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا گۆڕانی بەسەرداهاتوە و کەوتۆتە ژێر کاریگەرییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕێنسانسدا لەئیتاڵیا شانۆش لەڕوی فکر و فۆرمەوە گۆڕانی بەسەرداهات و شانۆی بەرەو نوێ بوونەوە برد، کەئەویش خۆی لەم خاڵانەدا دەبینێتەوە:

1– سەرهەڵدانی شانۆیەکی رەسمی و ڕێکخراو.

2– شانۆیەکی عەقڵانی سەدەی نۆزدەهەم و تیوری حیکمەی سەدەی حەڤدەهەم.

3– سەرهەڵدانی شانۆیەک کەبەرەو شانۆی ڕەمزی هەنگاوی دەنا.

4– بەدیار کەوتن و سەرهەڵدانی دەرهێنان لەدوای ئەم گۆڕانانەوە.

(سەرەتای سەرهەڵدانی زاراوەی دەرهێنان دەگەڕێتەوە بۆلای دەرهێنەرە مۆدێرنەکان پێشرەوی ئەم هونەرەش (دۆک ماینینگن) ە کەلەساڵی 1874 لە بەرلین دەستی کردوە بەکاری دەرهێنانی شانۆیی و کۆمەڵێک ڕێنمای تایبەتی بە کاری دەرهێنان دەرکردوە) (دین:1972 :30). بەڵام وەک میتۆد و شێوازی کارکردن دەکرێ بڵێین (ئەندرێ ئەنتوان یەکەمین دەرهێنەرە کە ڕێچکەو ستایلی تایبەت بەخۆی هەیە ئەویش کارکردنی بووە بە قوتابخانەی ناچرالیزم و لەساڵی (1887) شانۆی لیبری لەپارس بوونیادناوە) (روبین:1384: 17).

هەڵبەتە بەپێی سەرچاوەکان زۆر ناوی تر دێت بۆ سەرەتاو یەکەم دەرهێنەری شانۆیی بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ڕەخنەگران و مێژونوسانی شانۆ بۆ کارکردنی دەرهێنان دەگەرێنەوە بۆ ئەو دەرهێنەرانەی کەخاوەن ستایل و ڕێنمای تایبەت بوون بە شانۆ و نمایش. زۆرێک لەنوسەران بۆباسکردن لەمێژوی دروست بوونی دەرهێنان لە (ئەندرێ ئەنتوان) ە وە دەست پێدەکەن، بەڵام بەپیی هەندێک سەرچاوەی سەرهەڵدان و دروست بوونی یەکەم دەرهێنەر دەگەڕێتەوە بۆ قەشە (دۆک ماینینگن). هەرچەندە سەرەتا وەک قەشەیەک لە کەنیسەکانەوە خەریکی کاری شانۆی بووە، بەڵام دواتر (گروپیکی شانۆی دامەزراند و خەریکی کاری شانۆی بوو، بەتایبەت لەنێوان ساڵانی (1870 – 1890) کە کۆم ڵێک گەشتی بۆ وڵاتان کرد و شانۆکانی پێشکەش کرد) ( اردش:1979: 42).

ئەوەی جێگەی سەرنجە، لەمێژوی کاری دەرهێناندا بۆیەکەم جاربوو دەرهێنەرێک خۆی نوسەر نەبێت و کاری نوسەرەکانی تر پێشکەش بکات. چونکە تا پێش (دۆک ماینینگن) نوسەرەکان خۆشیان کاری دەرهێنانیان ئەنجام دەدا، بەڵام (ماینینگن) تەنیا کاری دەرهێنانی ئەنجام دەدا و بەرپرسی یەکەمی گروپەکە بووە، تەنانەت وەک یاسایەک چەند مەرجێکی تایبەتی بۆ کاری دەرهێنانی شانۆی ئەنجام داوە کەئەوانیش بریتین لە : یەکەم:– پەیوەندی (دۆک ماینینگن) بەدەقی شانۆوە

1– پابەندبوونی دەرهێنەر بەدەقی شانۆوە، پێویستە دەرهێنەر پابەندی تەواوی دەقە شانۆییەکەبێت و لە بنەماکانی دەق لانەدات.

2– لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دەقە شانۆییەکان، (ماینینگن) پێیوایە کەدەبێت ئەو دەقانەی کەهەڵی دەبژێرین بۆکارکردن دەرهێنەر هەمو لایەنە نهێنی و شاراوەکانی دەقەکە شیبکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ بکات.

3– گەیاندنی دەق بەبینەر لەڕێگەی نواندنەوە، (دۆک ماینینگن) گرنگی داوە بەئەکتەر و ڕینمای ئەکتەرەکانی کردوە کەبەشێوەیەکی باش نواندن بکەن، چونکە دەق و پەیامی دەقەکە تەنیا لەڕێگەی ئەکتەرەوە دەگات بەبینەران.

هەڵبەتە لایەنێکی تری پێشکەوتنی شانۆ بەگشتی شانۆکەی (ماینینگن)، ئەو بەرەوپێشچونە بووە کە شانۆ چوە ناو هۆڵی داخراوەوە. وێنەی دروستکراوی سەرشانۆکان بۆ دیمەنەکان توانیبووی ڕۆحێکی زیندوو ببەخشێ بەشانۆکە و دەرهێنەر و ئەکتەریش نزیکتر بکاتەوە لەگەڵ بینەراندا،(ئەو شیوە وێنە دروستکراوانە دیکۆرێکی هونەری و ئیستاتیکی بە نمایشەکان دەبەخشی) (عبدالحمید:2009: 365).

دووەم :– پەیوەندی (دۆک ماینینگن) بەئەکتەرەوە

1– گونجاندنی فۆرمی ئەکتەر بەکارەئەکتەرەوە، ئەویش بەهۆی نزیکایەتی فۆرمی ئەکتەرەکە لە کارەئەکتەرەکەوە، کەزۆرجار بەوەسفی نوسەر ئێمە دەزانین کە شێوازی ئەو کەسایەتیە چۆنە، بێگومان بەشێکی تری ئەم گونجاندنە لەهەڵبژاردنی دەرهێنەر بۆ ئەکتەر پەیوەندی بە جەستە و دەنگ و ئیمائەوە هەیە.

2– جەختکردن و مامەڵەکردنی ئەکتەر لەگەڵ پێکهاتەکانی نمایشدا. (ماینیگن) جەختی لە ئەکتەرەکانی دەکردەوە کەپیویستە مامەڵەیەکی گونجاو لەگەڵ دیکۆر یان جلوبەرگیاندا بکەن، نەک وەک شتێکی نامۆ سەیری بکەن و بەرکەتەی خراپیان لەگەڵیدا هەبیت.

3– ڕێکخستنی جوڵەی ئەکتەرەکان و شیوازی هات و چۆ و دابەشکردنیان بۆسەر شانۆ یەکێکی تربووە لە کارەکانی (ماینیگن) لەگەڵ ئەکتەرەکانیدا.

ئەم ڕینماییە سەرەتایەک بوو بۆ دەرهێنەر، کەدەبیت لەکارەکانیدا شێوازێک یان ڕێکخستنێکی تایبەت ڕەچاوبکات لە شانۆییەکانیدا. هەڵبەتە دوابەدای (ماینینگ) دەرهێنەرانی وەک و (ئەندرێ ئەنتوان و ستانسلافسکی) سودیان لە ئەزموونەکەی وەرگرتوە.

هەرچەندە لەمێژوی هونەری دەرهێنانی شانۆدا ناوی چەندین دەرهێنەر دەهێنرێت بەڵام دەوترێت کە (ئەندریە ئەنتوان)ی شانۆکاری فەرەنسی بەیەکەم دەرهێنەری شانۆی هەژمار دەکرێت، ئەم بڕیارەش پاساوەکەی ئەوەیە کە ناوی ئەنتوان یەکەمین واژۆیە لەمێژوی دەرهێنانی شانۆیدا تائێستا مابێتەوە و ستایلی کارکردنی پارێزراوبیت. هەروک ئەوەی کە (مانیە سیزان) واژۆی لەسەر تابلۆ شێوەکاریەکانی خۆی کردوە. بەڵگەیەکی تر بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەنتوان یەکەمین کەسە نمایشەکانی بەشێوەیەکی ڕێکوپێک و سیستەماتیزە کراو لەسەر تەختەی شانۆ پێشکەش کردوە.(هەروەها ئەندرێ ئانتوان خاوەنی شانۆی ئازادە، ڕیالیزمی فۆتۆگرافی لە ناو شانۆکانیدا بەکارهێناوە و کاریگەر بووە بە قوتابخانەی سروشتگەرای ئەمیل زۆلا) (مفهوم الاخراج المسرحي و تطوره التاريخي، ملتقى الاول، الشارقة، موقع الاتحاد). (ئەنتوان پێنج بەرگی بۆ بینەری بەرهەمە شانۆییەکانی نوسیوە، لە سێهەم بەرگیدا لە مانگی مای ساڵی 1890 دایە بە ناونیشانی (شانۆی ئازاد)، گرنگترین تێروانینەکانی سەبارەت بە دەرهێنانی شانۆی و نمایشی شانۆی خستۆتە ڕوو) (روبین:1384: 31). ئەم جۆرە کارکردنەی (ئەندریە ئەنتوان) بووە هۆی ئەوەی دەرهێنەری شانۆی لەبەڕێوەبەری شانۆ جیا بکەینەوە. هەرچەندە بەڕێوەبەری شانۆ کەسی لێهاتو شارەزابیت، بەڵام کارکردنی لەگەڵ دەرهێنەردا دوو شتی جیاوازن.

تایبەتمەندی دەرهێنەر ڕێکخستنی جوڵە و کردار و شێوازی نواندن و سەر شانۆیە، ئاگابوونە لە شێوازی دەربڕین و ئاواز و هەڵسوکەوتی ئەکتەرەکان. دەرهێنەری راستەقینە بێجگە لەوەی مانا دەبەخشێتە شانۆی نمایشکراو بەڵکو بە ئەزمونی گشتی شانۆش مانا دەبەخشێت. چونکە دەرهێنانی شانۆی تەنیا خاڵی هاوبەشە کەدەتوانێ هەمومان بەهەزاران خاڵی ناکۆک و جیاوازمانەوە لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە.

ئەندرێ ئەنتوان چەند تایبەتمەندیەکی تایبەتی هەبووە کە لەشانۆکارانی پێش خۆی جیادەکاتەوە ئەوانیش:

1– بەکارهێنانی دیمەنی سێ رەهەندی.

2– گرنگیدان بە ئیهام کە دادەنرێت بە ئامانجی بەرهەم هێنانی شانۆی.

3– دامەزراندنی شانۆی ئازاد یان سەربەخۆ لە پاریس و دەرەوەی پاریس.

4–گرنگی شانۆکانی ئەنتوان ئەوەبووە کە دوربووە لەسانسۆر و نەیهێشتوە چاودێری لەسەربێت.

5– ئەنتوان گرنگی داوە بە گواستنەوەی بیری نوسەر بۆ بینەران.

6– نمایشکردنی دەقی نوسەرانی بەناوبانگ و ناسراو.

7– گرنگیدان بە جوڵە و ئیمائەی نواندنی ئەکتەران و شیکردنەوەی مانای نواندن.

8– گونجاندن و ڕێکخستنی سەرجەم بنەماکانی نمایش، لەیەکەیەکی یەکگرتودا.

(ئەنتوان لەشێوازی کارکردنی خۆیدا وەک دەرهینەرێکی هاوچەرخ کاری کردوە، ئەم ئاراستە هاوچەرخەی ئەنتوان خۆی لە فۆرمدا دەبینێتەوە وەک دیکۆر و روناکی و ئێکسسوار، هەروەها دۆزینەوەی قوڵای شاراوەی دەق یەکێکی تربووە لە تایبەتمەندیەکانی) (مدخل إلي علوم المسرح،2009، موقع sites).

کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم خاڵی وەرچەرخانی دەرهێنانی شانۆییە لەجیهاندا، ئەویش بە ئەزمونە جیاوازەکانی دەرهینەرانی وەک (ستانسلافسکی و مایرهۆڵد و گۆردن گریک و ئاپیا ) و چەندین دەرهینەری تر. جیاوازیەکانی ئەم دەرهینەرانە بەجۆرێک بوون کە هەریەکەیان بۆخۆیان بوونەتە قوتابخانەیەکی تایبەتی شانۆیی. هەندێک لەو دەرهینەرە شانۆییانە گۆڕانیان لەشێوازی بینینی شانۆی کردوە، کە لەسەرو هەموویانەوە (ئەدۆلف ئاپیا) و (گۆردن گریک)، کەپێیان وایە دیزاینی دیمەنەکان نابێت هەوڵ بدرێت کۆپی بکرێتەوە لەسەر شانۆ ، چونکە دەبێت لە ئەندێشەی واقعەوە وێنا بکرێت نەوەک واقع خۆی بگوازێتەوە.

دەرهێنەرە هاوچەرخ و مۆدێرنەکان ئاراستەی کارکردنیان بۆ بوونیادنانی شانۆیەکی نوێ و ئایندەی بووە، هەوڵیانداوە روخسارێکی نوێ ببەخشن بەشانۆ جیاواز لەو روخسارەی پێشوتر هەیبووە، ئەوەتا شانۆکاری بەناوبانگ (گۆردن گریک) بانگەشەی شانۆیەکی نوێ دەکات و دەڵێ: ( بۆ ڕزگارکرنی شانۆکەمان دەبێت ئەوەی هەیە بیڕوخێنین و شانۆیەکی ئایندەی بوونیاد بنێین، دەبێت ئێمە تەواوی هونەرەکانی تر تێبپەڕینین، هونەرەکەمان ئەو شتانەبڵێت کە هونەرەکانی تر نەیان گوتوە، زۆر لەوە زیاتر پێشکەش بکەین کەئەوانی تر پێشکەشی دەکەن) (یفانز:1979: 43).

## سەرچاوەکان


ابو دبسة،فداء حسين و غيت،خلود بد و العمادي،محمد علي ( 2008 ) ، فلسفة الجمال عبر العصور.

اردش،سعد ( 1979) المخرج في المسرح المعاصر. المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب.الكويت.

تشيني، شلدون (1998) ثلاث الاف سنة من الدراما والتمثيل والحرفة المسرحية. ترجمة حنا عبود، وزارة الثقافة دمشق.

جان وا، م جوسار (2007 ) المسرح الديني في العصور الوسطى. ترجمة د.محمد القصاص.

دين،الكساندر(1972 ) العناصر الاساسية لاخراج المسرحية. ترجمة سامي عبدالحميد.

روبين، ژان ژاک ( 1386 ) تئاتر و کارگردانی. ترجمه مهشيد نونهالی.سلسله انتشارات،نشر قطر. تهران.

شكسپير،ويليام (2008) شانۆی هاملێت. وەرگێڕانی د.ئازاد حەمە شەریف. دەزگای ئاراس.

عبدالحميد، شاكر (2009) الخيال من الكهف الى الواقع الافتراضي. المجلس الوطني للثقافة والفنون. الكويت.

عبدالوهاب، شكري (2009) الاخراج المسرحي، دراسة في ابداع الصورة المرئية.

عيد،كمال الدين (2007 ) نظريةالحركة في الدراما والباليه. دار الوفاء لدنيا.

فريد،بدري حسون& عبدالحميد،سامي (1989) مبادىء الخراج المسرحي.وزارة التعليم العالي والبحث العلمي.جامعة بغداد.

كوفجي،قاسم محمد& نصار،محمد يوسف (2008) نظريات فنية في الفن والفنون الموسيقية والدرامية. عالم الكتب الحديث.

يفانز،جيمس روزا (1979) المسرح التجريبي من استانسلافسكي الى اليوم . ترجمة ، فاروق عبد القادر. دار الفكر المعاصر.القاهرة



## زمان و ئافراندن ( دەوری زمان لە پرۆسەی ئافراندنی شانۆدا)

■ نووسەر: پەرویز ئەحمەدی

زمان لە لایەکەوە وەک گرینگترین ئامرازی شانۆنامەنووس و بە وتەی ئەرەستوو یەکێک لە کۆڵەکەکانی درام و لە لایەکی ترەوە شانۆنامە وەک بناغە و ژێرخانی شانۆ، چۆن دەتوانێ لە پرۆسەی خولقاندن و ئافراندنی شانۆکاراندا دەور بگێڕێت؟ بۆ شی کردنەوەی ئەم پرسیارە، پێویستە لێرەدا ئاوڕ لە هەندێ شانۆنامە بدرێتەوە. نووسەری ئەم بابەتە بە خاتری ئەوەی دەرهێنەری شانۆگەلی " ئۆدیپ شاریار" و " پرۆمتە لە زنجیردا" بووە و بۆ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ ئەم دوو وەرگێڕانەی " زاهید ئارمی" پەیوەندی بووە، ئەم دوو شانۆنامەی بۆ گەیشتن بە وڵامی پرسیارەکەی بە باشترین بژاردە زانیوە.
سەرەتا پێویستە ئەو پێوەرانەی بۆ کارامە بوون و دەوڵەمەندبوونی شانۆنامە لە ڕێگەی گرینگترین ئامرازەکەیەوە یانی زمان؛ دەستەبەر بێت.پاش تاوتوێ کردنێکی زۆر لە ئەنجامدا، دوو دەستە یان دوو جۆر پێوەر دەسنیشان بوو کە دەستەی یەکەم پێوەندی بە تایبەتمەندیەکانی زمانی ئەدبی بەگشتی و دەستەی دووهەم لە ڕابتە لەگەڵ تایبەتمەندی زمانی شانۆنامەدایە. بە هۆی ئەوەی ئەو دوو شانۆنامەیە وەرگێڕانن، بە ناچار ئەو خاڵانە لەبەرچاو دەگیردرێت کە وەرگێڕ بۆ وەرگێڕانێکی سەرکەووتوو دەبێ بیانناسێت و کاریان پێ بکا.
بە باوەڕی نووسەری ئەم بابەتە گرینگترین پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی وەرگێڕانی دەقێکی شانۆیی ئەویە کە وەرگێڕ توانیبێتی قۆناغی تەرجوومەی زمانی سادەی (وشەبەوشە) تێپەڕاندبێ و دەستی دابێتە ئافراندن و داهێنان. بۆ ئەمەش دەبێ چەن خاڵێک ڕەچاو بکرێت؛ گرینگترینیان چۆنیەتی بەکارهێنانی ئیمکانگەلی زمانی لەلایەن وەرگێڕەوەیە، یەکێ لەو ئامرازە زمانیانە دوو تەوەری جێنشینی ( substitutive ) و هاونشینی ( associative )یە ،کە وەک چەمکێکی بواری زمانناسی، ئەندامانی بازنەی پڕاگ لە توێژینەوەکانیاندا بەرجەستەیان کردووە. ئەم تەوەرانە بە وتەی" ڕۆمەن یاکوبسێن" لە ڕابتە لەگەڵ چۆنیەتی چنینی نیشانەگەلی زمانی لای یەک، بە جێگەی یەک و لە پێوەندی لەگەڵ یەکتردایە.
یاکوبسێن لەو باوەڕەدایە لە ڕێگەی ئەم تەوەرانەو دەکرێت هەر شێوەیەکی ئەدەبی و هونەری وەسف و لە ئەنجامدا لە دوو دەستەی گشتیدا پۆلێنبەندی بکرێت؛ بە جۆرێ کە هەندێ لە دەقەکان کە زیاتر بە تەوەری جێنشینییەوە گرێ دراون و لە ئێستعارە، شوبهاندن و وێنەسازی کەڵک وەردەگرن، دەچنە خانی شێوەگەلی غەنایی و ئەستەتیکییەوە و هەندێکی‌تر بە خاتری بەکارگرتنی بەرچاوی تەوەری هاونشینییەوە، دەچنە خانی شێوەگەلی جۆری گێڕانەوە ،کە لەوانا زیاتر ڕەوایەتگەری واقێعگەرایانە و پەیوەندییەکانی عللەت و مەعلوولی ئامانجە. لەم بەشەدا " زاهید ئارمی" وەرگێڕی ئەو شانۆنامانەی کە دەسنیشان کراون، بە بەهرەگرتن لە ئیمکاناتی زمانی خۆی و دەوڵەمەندی خەزێنەی وشە و ڕستەی و لە ڕێگەی هەڵسەنگاندنی تەوەری جێنشینییەوە، توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر لە قۆناغی ئافراندن و داهێنان نزیک ببێتەوە کە لە کۆتایی بابەتەکەدا بۆ پشتڕاس کردنەوەی ئەم ئیدعا ئاماژە بە چەن بەشێکی شانۆنامە هەڵبژێردراوەکان دەکرێت.



خاڵی دووهەم لەسەر ڕوانگەی جولیان هاوس و ئەو ڕیزبەندییەی بۆ دەقە وەرگێڕاوەکان کردوویەتی، دەسنیشان دەکرێت. بەلای هاوسەوە، وەرگێڕان لە دوو حاڵەت بەدەر نییە؛ئاشکرا و نائاشکرا!

لە وەرگێڕانی ئاشکرادا: بە ڕوونی لەحن و فەزای وەرگێڕان بە دەقەکەوە دیارە. یانی شێوە و جۆری چنینی ڕستەکان و دێڕەکان فۆرمی سرووشتی زمانی دایکی وەرگێڕی پێوە دیار نییە و بە واتایەکیتر بە ئاسانی لە دەقێکی ئەسڵی و سرووشتی ئەو زمان و کەلتووره جیا دەکرێتەوە. بە پێچەوانەوە لە وەرگێڕانی نا ئاشکرادا،جیاوازی نێوان دەقی وەرگێڕاو و دەقی سرووشتی زمانی وەرگێڕ نامێنێت. چونکا وەرگێڕ توانیویەتی لە ڕێگەی تەرجوومەی فەرهەنگی و خوێندنەوەی کەلتووری خۆی دەقی بێگانە بە تەواوی خۆماڵی بکا و بەپێی پێوەرەکانی زماننناسی لە پانتای زمانی وەرگێردا ڕەوان و تەبیعی دێتە ئەژمار. هەرچەند هاوشێوەنەبوون و یەکسان نەبوونی زمانەکان خۆی لەخۆدا ئەو ئیمکانە بۆ وەرگێڕ ساز دەکا کە لە وەرگێڕانی زماننناسی تێپەڕێت و بچێتە خانی وەرگێڕانی فەرهەنگی، تەوسیفی و تەنانەت تەفسیر و خوێندنەوەشەوە.

## تایبەتمەندییەکانی زمانی شانۆنامە:

زمانی شانۆنامە تا کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەی زایینی وەک ڕەوتێکی باو بە شێوەی نەزم یان شێعر بووە، بەڵام بەهۆی نوێگەری کەسانی وەک هێنریک ئیبسێنی نۆروێژی، ئاگۆست ئێستریندبێرگی سوئێدی و ئانتوان چێخۆفی ڕووسی، زمانی شانۆنامە دووچاری ئاڵوگۆڕ لە نەزمەوە بەرەو نەسر دەبێ.ئەوەی گرینگە، ئەم زمانە نەسرەی ئێستا دەبێت کوالیتی شێعری بپارێزرێت و نووسەر یان وەرگێڕ هەوڵ بدا خۆ لە زمانی ڕۆژەزار دوور بگرێت تا بەم شێوە و ئەرەستوو وتەنی؛زمان ببێتە پەیکەرێکی سەرەکی درام،بەجۆرێ کە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی بەردەنگ لەگەڵ شانۆدا،زمانەکەی لەلا بەرجەستە ببێتەوە و خودی زمانەکە بکەوێتە بەر دید و نەزەری،بەم جۆرە زمان، بەتایبەت لە دنیای درامدا، ئیتر تەنیا ئامرازێکی گواستنەوەی مانا نییە،بەڵکوو وەک پێکەرێک لە پرۆسەی داهێنان و ئافراندندا دەور دەگێڕێت!

تایبەتمەندی دیکەی زمانی شانۆنامە پێوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ کاکڵ و ناوئاخنی درامەوە هەیە، کۆنێش یا کردەوە ،دیالێکتیک و ململانێ! زمانی شانۆنامە بۆ گێڕانەوە نییە بەڵکوو بۆ کار و کردەوەیە چونکا ئەم زمانە تا دێتە گۆ دەبێتە فێعل و کردار یانی بۆ ئەنجام دایینی کارێک بە کار دەگیردرێت و هەر ئەمەش دەبێتە سەبەبی دیالێکتیک و ڕووبەڕووبوونەوەی کەسایەتیەکان و ڕوانگە جۆراوجۆرەکانی پانتای درام، کە لە ئەنجامدا و بەپێی چوارچێوەی ئەرەستوویی؛ شەڕ و ململانێی لێ دەکەوێتەوە و ئەم بەگژیەکداچوونە، پێک هێنەری ئەساس و بنەمای شانۆیە. هاوکات زمانی شانۆنامە دەبێ لە خزمەتی سازکردنی فەزا و ئەتمۆسفێری شانۆدا بێ چونکا کاری سەرەکی هونەرمەند دروست کردنی فەزایە و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەبێت زمانەکە تێکەڵ بە مۆسیقا و ڕیتم و لەحنی تایبەت بە خۆی ببێت، ئەگینا زمان جگە لەوەی ئەم دەرفەتە بۆ شانۆساز دروست ناکا بەڵکوو وەکوو بەربەستێ لە پرۆسەی خوڵقاندنی هونەریدا دەور دەگێڕێت. بەڵام ئەگەر زمانی شانۆنامەکە،هەڵگری ئەم خسووسیاتە بێ،ئەوە ئەتوانێت بۆ شانۆکار پێگەیەک درووس بکا و تەنانەت ببێتە بەشێک لە میزانسێنی سەحنەیی دەرهێنەر! لە ئاکامدا بە ئاماژە بە بەشگەلێ لە شانۆنامەکانی "ئۆدیپ شاریار" و " پرۆمتە لە زنجیردا" ،ئەو ڕاستیە ڕوون دەبێتەوە کە شێوەی کارپێکردنی وەرگێڕ لەگەڵ زماندا،چۆن توانیویەتی خاڵە دەسنیشان کراوەکانی ئەم بابەتە بپێکێت و چۆناوچۆن ئیمکانی بۆ ئافراندنی شانۆیی لە پرۆسەی تەمرین و ئیجرادا درووس کردووە. لاپەڕەی 4ی ئۆدیپ شاریار تۆ خۆت دەردی شارەکەمان کە وا گیرۆدەی گێژەنی مەرگی ناچارە ئەزانی، مەرگ لە شکۆفە ئاوسەکان و هەروەها گیاوگژی ئەم هەرێمە باریوە...( سازکردنی ڕیتم، تەسویر و فەزاسازی).



لاپەڕەی 7ی پرۆمتە لە زنجیردا
زرمــــە ئاسن داکـــــــوتان
لـــــە ڕەوەز و گابـــــــەردان
دڵـــــی ئەشکەوتـــــی تۆقاند
شــەرمی لـــە چـــــاوان تاراند
نـــــەمان پەرژا و دەرپـــــەڕین
بـــــێ کاڵـــــە و پێڵاو فـــڕین
بـــە گەردوونگـــــەڕی باڵـــدار
سازکـــــــــراو لە تەختـــــەدار

( وەرگێڕانی فەرهەنگی لە ڕێگەی داڕشتنەوەی شێعر لە قەبارەی شێعری حەوت بڕگەییدا_ میزانسێنی دەسپێکی پڕۆمتە لە دڵی ئەم بەشەوە هاتە دەر.)



لاپەڕەی 21ی ئۆدیپ شاریار

ئەو کە چاوساغ هات کوێر ئەڕوات، ئێستا دارا و کاتی ڕۆشتن نەدارە، گۆچان بە دەست پەل ئەکوتێت و بەرەو شوێنی دوورخستنەوەی ڕێگا ئەبڕێت... (سەرچاوەی میزانسێنی دەسپێک و کۆتایی شانۆی ئۆدیپ شاریار ئەم دیالۆگەیە)

لاپارەی 32ی ئۆدیپ شاریار

هەروەک هەموو ئەزانن لایۆس لەو شوێنەوەی سێ ڕێگا لە سێ لاوە ئەگەنەوە سەر یەک بە دەستی ڕێگرانی بێگانە کوژرا ( سیاسەتی ئەسڵی ئێجرا چ لە بەشی تەڕاحی سەحنە؛ درووس کردنی سێ ڕێگای بەشی ئەوەڵ، چ لە بەشی داڕشتنی کەسایەتی ئۆدیپ و درووس بوونی سێ ئۆدیپ، پێوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ ئەم دیالۆگەدا بوو)

لاپەڕەی 10ی ئۆدیپ شاریار

زیندوان پەیتا پەیتا لە حەیبەت بڵێسەی سەرشێتی گڕ خۆ ئەکێشنە شەو، قەبەتر لە قەبارەی قەبەی قسەکان، شار مەرگەزێ و کۆڵانان بۆگەن لە کەلاکی مردووان( چۆنیەتی کار کردن بە ئیمکاناتی زمانی_ فەزاسازی و مۆسیقا)

لاپەڕەی 6ی پرۆمتە لە زنجیردا

هەی گڕی ئاگری بەهەشتی و هەی نەرمە بای نەرم باڵ! ڕووباران و بزەی لە ژمارە بەدەری شەپۆلەکانی زەریا، زەوی هەی دایکی هەمووان! هەتاوی جیهانگەڕی جیهان بین گازتان ئەکەم و گازندە ئەکەم با بزانن خوداوەندێکی یەخسیری خوداوەندان بە چ ئازارێکەوە ئەلەرزێت و ئەڕزێت( ئیمکاناتی زمانی_ سەنایەعی ئەدەبی_ چۆنەیتی کار کردن لەسەر تەوەری جێنشینی_ ئافراندن_ فەزاسازی و سازکردنی ڕیتم)





# زمانی کوردی: دیاردەیەکی جەستەیی-نواندنی

■عەلی زەفەرقەهرەمانی‌نژاد

وەرگێڕ: عەتا ئەحمەدی

## ئاماژە:

ئەم کورتە وتارەی ژێرەوە (کە دەتوانێت بانگێشتنێکی گشتی بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوان بێت و بە وێنە و نموونەی زاراوەگەلی جۆربەجۆرەوە بخەملێت.) زمانی کوردی وەکوو ڕووداوێکی پێرفۆرماتیڤ1 لێکدەداتەوە؛ ڕووداوێک کە لە سێ ئاستی بنەڕەتی دیاردەناسی، کردەوەی گوتەیی و کردەوەی ئایینیدا دەردەکەوێت. بە پشت بەستن بە تیۆری کردەوەی ئاخاوتنیی (ئاستین، سیەرل)، دیاردەناسی جەستەییانە(مێرلۆ-پونتی)، مرۆڤناسی ئایین(تێرنێر) و لێکۆڵینەوەکانی نواندن (شێکنێر)، دەپەرژێتە سەر ئەمەی کە زمانی کوردی نەتەنیا وەکوو سیستمیک لە نیشانە دەرهەستییەکان، بەڵکوو کردەوە و ڕووداوێکی جەستەییانە، کۆمەڵایەتی و بۆنەییە؛ کردوەیەک کە هەم لە "گۆڕەپانی ژیان" و هم لە "گۆڕەپانی شانۆ"دا گەلێک توانایی نواندنەوەیی دەوڵەمەندی ئافراندووە. لەم چوارچێوەدا، پێکهاتە دەنگی، وشەیی، ڕیتمیک و ئایینییەکانی زمانی کوردی لێکدەدرێنەوە و لەگەڵ نموونەگەلێک لە کولتووری زارەکی، مۆسیقای ئاخاوتن، فۆرمگەلی ئایینی و تواناییە دراماتیکیەکاندا هاوڕێ دەبن. بەڵگاندنی کۆتایی وتارەکە ئەمەیە کە پێرفۆرماتیڤ بوون، نەک تایبەتمەندییەکی زیادکراوە لەسەر زمانی کوردی، بەڵکوو بنەما و سەرچاوەی کۆمەڵایەتی، شوناس و شانۆیی ئەوە.

کلیلوشەکان: نواندن، پێرفورماتیڤێتی، تیۆری کردەوەی گوتەیی، ئاستین، سیەرل، مرۆڤناسی، ئایین، ویکتۆر تێرنێر، شوناسی ئێتنیکی، یەکانگیری کۆمەڵایەتی، تیۆری ئایینی شانۆ، درامی یۆنانی، شێکنێر، زمان وەکوو ژێست، مێرلۆ-پۆنتی.

## پێشەکی

لێکۆڵینەوەکانی زمان لەم ساڵانەی دواییدا کە پشت‌ئەستوور بە ڕوانگەی پێکهاتەخوازی بووە بەرەو سەرنجدان بە "جەستە"، "نواندن"، "ئایین"، و "جێگریی جەستەمەندی سووژە لە زمان"دا هەنگاوی ناوە. ئەگەرچی بەستێنی لێکۆڵینەوەکانی زمان هێشتا لە ژێر ڕکێفی ڕوانگەی نیشانەناسی-پێکهاتەخوازدایە، بەڵام لە هەموو ئەم سەردەمانەدا، ڕوانگەیەکی جیاوازیش پێش و پاش سەرهەڵدانی پێکهاتەخوازی، بەردەوام ئامادە بوو: ڕوانگەی دیاردەناسانە بۆ زمان. ئەم ڕوانگەیە -کە نموونە کلاسیکییەکانی ئەو لە دیاردەناسی مێرلۆ-پۆنتی و هەروەها لە نەریتە جەستەییەکانی تێگەیشتنی زماندا بەرچاو دەکەوێ- لەسەر ئەو بڕوایە کە زمان نە تەنیا سیستمێکە لە نیشانەکان، بەڵکوو بابەتیکە بریتی لە جەستە، کردەوە و دۆخ. ئەم وتارە خۆی هەر لە درێژەی ئەم نەریتەدا دادەنێت و هەوڵ ئەدا نیشانی بدات کە فامکردنی زمانی کوردی لە نێوان دیاردەناسی جەستە، کردەوەی ئاخاوتنیی و لێکۆڵینەوەکانی ئایین ئاسۆیەک دەکاتەوە کە لەگەڵ ڕوانگەی نیشانەناسی زاڵدا جیاوازی هەیە.

ئەم جیاوازییە، ئەم وتارە لە ڕەوتی سەرەکی لێکۆڵینەوە کولتوورییەکانیش جیادەکاتەوە–ڕەوتێک کە بەگشتی لە درێژەی نەریتی نیشانەناسیدا گەشەی کردە و کەمتر لە جەستە، ژێست و دۆخی نواندن ئاوڕی داوەتەوە. ئەوەی کە پێشتر بە "سینتاکس"، "واچ"، "واتا" و "ئاخاوتن" ناوزەد دەکرا، ئێستاکە لە ژێر تیشکی تیۆرییەکانی کردەوەی ئاخاوتنیی، دیاردەناسی جەستە، و مرۆڤناسی ئاییندا شێوە و بیچمی نوێی لەخۆ گرتووە. ئەم ڕوانگە جەخت لەسەر ئەم خاڵە دەکات کە مانا تەنیا لە نیشانەکاندا نییە، بەڵکوو لە جەستە، کردەوەی ئاخاوتنیی، ئایینەکان و دۆخی فیزیکی کۆمەڵایەتی بێژەردا سەرهەڵئەدات.

زمانی کوردی بەهۆی بەهرەمەندی لە پێکهاتەی دەنگیی دەوڵەمەند، بێژەی تەنراو لە مۆسیقای ئاخاوتن، پێگەی کۆمەڵایەتی گێڕانەوەیی، و پێوەندییە کەونارایيەکان لەگەڵ ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا، بەستێنێکی شیاو بۆ ئەم چەشنە لێکۆڵینەوانە بەرهەم دێنێت. ئەم وتارە هەوڵ ئەدا نیشان بدات کە پێرفۆرماتیڤێتی یان سروشتی نواندنەوەیی زمای کوردی تەنیا لایەنێکی ئەو نییە، بەڵکوو، بنچینەی سەرهەڵدان و ئەزموونی ئەوە؛ بە جۆرێ کە هەر وشە ژێستێکی زمانییە و هەر ڕستە، کردەیەکی کۆمەڵایەتی.

## بنەما تیۆریکییەکان

ئەلف) جان لانگشا ئاستین لە کتێبی "شێوەی بە کردەوەکردنی بابەتەکان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە111 " (1962) زمان نەک ئامرازێک بۆ وەسف کردن، بەڵکوو بە خودی کردەوە دەزانێت: "گوتن، ئەنجامدانە/کردەوەیە". وشەکان لە کاتی دەربڕیندا نەتەنیا واتا دروس دەکەن، بەڵکوو جیهان دەگۆڕن. جان راجێرز سیەرل(1969) پەرەی بەم باسەدا و ئاخاوتنی بە کۆیەک لە "ڕێسای دروشمیی/نواندنی" زانی کە بیچم بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی دەبەخشێت. ئەو چەشنگەلێکی جۆربەجۆر لە کردەوە ئاخاوتنییەکانی –ئیدعا، فەرمان، وادە و پرسیار– پۆلێنبەندی کرد و نیشانیدا کە هەر ئاخاوتنێک، بێجگە لە گواستنەوەی واتا، هەڵگری کاردانەوەیەکی کۆمەڵایەتی و پراکتیکییەکی دیاریکراوە. تیۆرەکەی ئەو بنەمایەکی سازکرد بۆ لێکدانەوەی توانایيە نواندنەکانی زمانگەلی جۆربەجۆر و تاوتوێ کردنی دەوری زمان لە پێکهێنای پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و شوناسی.

کارکردی ئەم تیۆرییانە بۆ زمانی کوردی گرنگە؛ لەبەر ئەوەی کە بەشێک لە دەوڵەمەندییەکەی نەک لە پێکهاتەی بەس ڕێزمانیدا، بەڵکوو لە قسە–کردەوەکانی ڕۆژانە و ئایینیدا خۆ دەنوێنێت؛ لە ئاخاوتنی سۆزمەندانەوە هەتا فۆڕمگەلی شینگێڕی، لە بەیت و باوی ئەوینداری تا هەرا و زەنای شەڕ، لە زۆرێک لەم کردەوانەدا، بێژەر نەوەک پەیام ڕادەگوێزێت، بەڵکوو پێوەندی، شوناس و دۆخی کۆمەڵایەتیش دەنوێنێت و بە کردەوەی دەکات.

ب) مووریس مێرلۆ–پونتی لە دیاردەناسی ئیدراکدا(1945) زمان بە درێژەی جەستە و جەستە بە ئاسۆی سەرهەڵدانی مانا دەزانێت. لە ڕوانگەی ئەوەوە، واچ، لەحن، خێرایی هەناسە، و تەنانەت گتەکانیش "نیشانە" نین؛ ژێستەکانی جەستەن. ئاخاوتن وەک جووڵەی دەست لە سەما یان بەرز و نزمی دەنگ لە سکالادا، ڕووداوێکی جەستەییانەن. لەم ڕوانگەوە، دەکرێ زمانی کوردی بە هۆی دەوڵەمەندی لە دەنگەکاندا، واژەسازی بە پێی تێگەیشتنی جووڵەیی2 و مێلۆدی ئاخاوتن، بخرێتە بەر ڕاڤە و شیکاری. تێکتەنراوی وشە و جووڵە لە زۆرێک لە کردارەکانی کوردیدا نیشانەی پێوەندی قووڵی زمان و جەستەیە.

پ) ویکتۆر تێرنێر لە کتێبە کلاسیکییەکەی خۆی، پرۆسەی ئایینیدا3(1969)، نیشانی دەدات کە ئایینەکان لە ڕێگەی "نواندن"ەوە دۆخە کۆمەڵایەتییەکان دەخولقێنن: کۆبوونەوە، تێپەڕین، تازییە و جەژن هەموو ئەمانە کردەوەگەلێکن کە زمان لەواندا کارکردێکی شوناس–ساز لە خۆ دەگرن. لە ڕوانگەی تێرنێرەوە، ئایین "پێرفۆرماتیڤی ڕەها"یە؛ لەبەر ئەوەی کە جیهانی کۆمەڵایەتی نانوێنێتەوە، بەڵکوو بەرهەمی دێنێت. لە نەریتی کوردیدا، ئایینگەلێک وەک سەما مینۆکییەکان، ڕێوڕەسمی پیر شالیار، شینگێڕییەکانی بە کۆمەڵ، گۆرانییەکانی کاتی کار و گێڕانەوە حەماسییەکان، هەر هەموویان دۆخگەلێکن کە زمان

لەواندا دەبێ بە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی: دەنگی حەشیمەت، هارمونی جەستەکان، ڕیتمە ئاخاوتنییەکان چەشنێک یاکانگیری یان "کۆمۆنیتاس4" پێکدێنن. کاتێ دایکێک لە شینگێڕی بۆ منداڵەکەیدا دەڵێ، ئای ڕۆڵەڕۆ! ئەم ڕستەیە ڕاپۆرت نییە؛ بەڵکوو کردەوەی داگیرساندنی شین و نواندنی سۆزداری-کۆمەڵایەتییە. کۆمەڵ لە جوابدا بە دەنگ، ناڵە، ترپە و فرمێسک، دەبن بە جەستەیەکی یەکە

ت) ڕیچارد شێکنێر لە تیۆری نواندندا(1985) پێرفۆرمەنس بە "بووژانەوەی ڕەفتار" ناو دەبات. بۆ ئەو، پێرفۆرم کردن یان نواندنەوە شتێکی جیا لە ژیانی ڕۆژانە نییە، بەڵکوو بە درێژەی ئەوی دەزانێت. هەر ڕەفتارێکی ئینسانی -لە سڵاو کردنەوە تا شینگێڕی- شایەنی چوونە ناو گۆڕەپانە. لەو ڕووەوە کە زمانی کوردی ڕەگ و ڕیشەی قووڵی لە ڕەفتاری ئایینی و مۆسیقایی خەڵکی کورددا هەیە، توانایەکی چەن لایەنەی لە دەرکەوتن و دەرخستنێکی نواندنەوەییشدا هەیە: لە چوارچێوەی شانۆی دێکۆمێنتاری، نواندنی گێڕانەوە-تەوەر، شانۆی فیزیکاڵ و تەنانەت نواندنە ئەزموونییەکان کە جەختیان لە سەر سیما و جەستەدایە.

## تایبەتمەندی دەنگی-جەستەیی زمانی کوردی

لە شیکاری ڕێژەی نێوان زمان و نواندندا، بە زۆری لەم گریمانەوە دەس پێ دەکەین کە ئاخاوتن، ئامرازی گواستنەوەی واتا و جەستە ئامرازی سەرەکی کردەوەیە. بەڵام لە نەریتی کوردیدا، ئەم دابەشکارییە کارکردێکی ئەوتۆی نییە؛ لە بەر ئەوەی زمانی کوردی خۆی هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە دەکرێ بە "پێرفۆرماتیڤێتی دەنگی-جەستەیی5' ناوی بەرین: تایبەتمەندییەک کە لەودا، وشەکان نەتەنیا واتا، بەڵکوو هەڵگری ژێست، گوشاری جەستەیی و کردەوەی کۆمەڵایەتییشن. ئەم تایبەتمەندییە ئانتۆلۆژیانەی زمانی کوردی، پێگەی کردەوەی ئاخاوتنیی لە شانۆی ئەم کولتوورە، لە "دەربڕین"ی تەنیاوە بۆ "کردەوە" هەڵدەکشێنێت.

لە زۆرێک لە زمانە هێند و ئورووپاییەکاندا، جیاوازی نێوان ئاخاوتن و جووڵە تا ڕادەیەک ئاساییە؛ بەڵام لە زمانی کوردیدا تایبەتمەندییە دەنگییەکانی وشە-کێشدانەوە دەنگدارەکان، تەقینەوەی کانسونانتەکان، گتەکان و کەم و زۆر بوونی گوشار لە قوڕگدا- دەورێکی هاوشێوەی جووڵەی ئەندامەکان هەیە.

هەر وشە، جۆرێک ژێست؛ هەر لەحن جۆرێک جووڵە؛ هەر ڕیتم، جۆرێک سەمای تۆکمەیە لە دەنگدا. هەر لەبەر ئەم هۆکارە، ئاخاوتن لە کوردیدا جۆرێک جەستەی گووشراوە؛ جەستەیەک کە ئێنێرژییەکەی لە دەنگدا کۆ بووەتەوە و لە کاتی دەربڕیندا بەر ئەبێت. کەوایە ئەوەی کە لە زمانەکانی دیکەدا دەبێ بە جووڵە دەرببڕێ، لە کوردیدا بەزۆری هەر لە پێشدا لە ئاستی ئاخاوتندا ڕوودەدات.

لە لایەکی دیکەوە سروشتی نواندنیی زمانی کوردی ئاخاوتنی کردووە بە کردەوەی گۆڕانسازی کۆمەڵایەتی. لە زۆرێک لە کولتوورە زارەکییەکاندا، ئاخاوتن توانایی "بەرهەم هێنان"ی هەیە؛ بەڵام ئەم بابەتە لە کولتووری کوردیدا بیچمی دامەزراوە و کۆیی لەخۆ گرتووە. لە ئایینەکانی شێنگێڕی بەرخودان، لە بەیتە حەماسییەکاندا تەنانەت لە گێڕانەوەکانی ڕۆژانە، ئاخاوتن نە تەنیا خەبەر دەدات بەڵکوو؛ پێناسەی پێوەندییەکان دەکات، دەرۆستییەکان دیاری دەکات، بیرەوەری دەگەڕێنێتەوە، یەکانگیری چالاک دەکاتەوە و تەنانەت جوگرافیای سۆزداری کۆمەڵێک دەگۆڕێت. کاتێ کاراکتێرێک لە شانۆیەکدا دێتە ناو کۆمەڵەوە و کۆمەڵ هاودەنگ و تێکڕا دەڵێ بەخێرهاتی، سەرسەر و سەرچاو! هەر ئەم کورتە ئاخاوتنە، کاتی هاتنە ناوەوە دەکات بە ئایینی و وەرگرتن و لەگەڵ ئەم نواندنەدا پێگەی تاک لە ناو کۆدا جێگیر دەبێت.

ڕستەی مانوو نەوی! کە لە ناخی کولتووری کوردیدایە، هاوکات دەورە کۆمەڵایەتییەکانی پێزانین، لێک نزیک¬بوونەوە و ڕێزدانانی دوولایەنە چالاک دەکاتەوە. بە واتایەک، کارکردی کۆمەڵایەتی ڕستە لە واتا وشەییەکەی گرنگترە. بەم جۆرە، وتنی ڕستەیەک، دەتوانێ تایبەتمەندی ئایین¬سازی هەبێت، و گۆڕەپان سەرلەنوێ بچنێتەوە و ئێنێرژی کۆیی بەرەو واتا یان هەستێکی تایبەت، هان بدات. ئەم "هێزی ئایینیی ئاخاوتن"ە هەمان شتە کە ئاستین پێی دەڵێت "ئەنجامدان"، بەڵام لە کولتووری کوردیدا ئەم بابەتە نەک تیۆرییەکی زمانناسی بەڵکوو شێوەیەکە لە ژیان.

تایبەتمەندییەکی گرنگی دیکە کە زمانی کوردی لە باری پێرفۆرماتیڤەوە جیا دەکاتەوە، مۆسیقایی¬بوونی ئەم زمانەیە. پێکهاتەی مۆسیقایی زمانی کوردی بریتی لە ڕیتمە سروشتییەکانی ڕستە، کێشدانە ملودیکەکان، خستنەسەر یان هەڵگرتنی گوشار لەسەر بڕگەکان،و قوڕگ¬تەوەری لە دەنگ دەرهێناندا– دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئاخاوتن، بەر لەوەی کە واتایەک بگوازێتەوە، ڕووداوێکی دەنگی بێت. لە زۆرێک لە زمانەکاندا، ئاخاوتن دەبێ "بنوێنرێت" تا شیاوی نواندن بێت ؛ بەڵام لە کولتووری کوردیدا، ئاخاوتن خودی "نواندن"ە.

ئەم مۆسیقایی¬بوونە دەبێتە هۆی ئەوەی کە بچووکترین ڕستەی ساکاریش، لە گۆڕەپاندا، توانایی نانەوەی کێشە، هاودڵی، پچڕان یان ڕاکێشانی هەبێت. کاتێک کاراکتێرێک ڕستەکەی بە ئەرێ...، کوڕە...، ئەوە...، دەی...، قەت¬قەت...، ئەهانێ...، دەس پێ دەکات، بەر لەوەی ناوەرۆکی ڕستە ئاشکرا بیت، کێشی دەنگی، ڕیتمی هەناسە، گوشاری نازک و بۆڕیی سەر بڕگەکان، دۆخی گۆڕەپان پێکدێنن: بیسەر هەر لەپێشدا دەزانێت کە قەرارە گوێبیسی ڕستەیەک بێت کە گلەیی، هەڕەشە، لاواندن، گازندە، تانە یان پێکەنینی پێوەیە. کردەوە پێش لە واتا چالاک ئەبێت؛ دەنگی دەسپێک، خۆی "هاتنەناو" شانۆیە. بە واتایەکی دیکە: لە شانۆی کوردیدا، دەربڕینی ئاخاوتنیی بە تەنیایی دەتوانێ شانۆیەکی تەواو پێک بێنێت؛ شانۆیەک کە هێشتا هیچ جەستە یان میزانسێنیکی دیکەی پێ زیاد نەکراوە.

جیاوازییەکی دیکەی زمانی کوردی لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا ئەمەیە کە ئاخاوتن لە کوردیدا "بەکردە پیرفۆرماتیڤ"ە. زمانەکانی دیکە، بۆ نموونە فارسی، ئینگلیسی یان عەرەبیش توانایی پێرفۆرماتیڤ¬بوونیان هەیە؛ بەڵام ئەم تواناییە بەزۆری بە پێی لاخت، لەحن یان مەبەستی بێژەر چالاک دەبێت. بەڵام لە کوردیدا ئەم تواناییە، پێکهاتەیی و پێش¬گریمانە. لەم بابەتەدا دەکرێ سێ جیاوازی سەرەکی دەسنیشان بکرێت:

ئەلف) پیرفۆرماتیڤیتی بە دەنگەوە گرێدراوە، نەک هەر بە واتا: لە کوردیدا کردەوەی ئاخاوتنیی، لە ناخی چۆنیەتی دەنگی وشەکانەوە دەزێت، نەک تەنیا لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی واتادا. کوردی زمانیکی دەنگەلەشە. کاتێ کەسێک دەڵێت، داخەکەم! ئۆخخەی! یان ئەی هاوار! کێشدان، ڕیتمی گوشاری هەوا و لەرزینی دەنگ، هاوکات دەتوانێ دەنگێک چما سووک¬بوونەوە، دەرد، سۆزداری یان تەنانەت تانەلێدان بخولقێنێت. لەڕاستیدا کردەوە لە دڵی دەنگەوە هەڵدەقوڵێت، نەک لە ناخی وشەوە. هەروەها هەر ئەونەی لەسەر شانۆدا لە زمانی یەکێک لە کاراکتێرەکانەوە ناوی دەنگێک6 وەک قرپە، قرمە، گرمە یان زرمە ببیسین؛ وشە هەر لەگەڵ دەربڕیندا جگە لە یادەوەری ڕووداو–درزبردن، فیشەک تەقاندن، ئاژاوە یان کوتاندن– لە چالاک¬بوونەوی ڕووداویشدا بەشدار دەبێت.

بێ) ڕیتم، هەڵگری کردەوەیە: لە کوردیدا ڕیتمی ڕستە بۆ خۆی کردەوە دروست دەکات و چۆنیەتییەکەی دەسنیشان دەکات. لە ڕستەی بێ بۆ ئێرەدا! وشەکان پاوەجێن، بەڵام ڕیتمی دەربڕینی ڕستە دەتوانێ دەلالەتی جۆربەجۆری بریتی لە هاودڵی، نیگەرانی، بەپەلەبوون، دڵگەرمی، هەڕەشە و دەسەڵات بخولقێنێت.

کاتێک سەیری دیمەنیکی ڕکابەری شەڕە شمشێر دەکەین و یەکێکیان بەوی دیکە کە شمشێرەکەی لەسەر قوڕگی داناوە، سێ جار پەیتاپەیتا دەڵێت، داینێ! )هاوکات بە واتای "لە عەرز داینێ!" و "بە منی بدۆڕێنە!"یە، پاتە بوونەوەی ئەم ڕستە ئەمرییە دووماناییە، تەنانەت بە بێ هیچ لەحنێکی تایبەت، دەتوانێ هەستی جۆربەجۆر وەک مسۆگەری، بێدەرەتانی، هەڕەشە یان تەنانەت هەستی دۆشداماویی و پاڕانەوە لە زەین و جەستەی بەردەنگدا بورووژێنێت و بیچم ببەخشێت بە فەزای کردەوەیی گۆڕەپان. جێ) ئاخاوتن لە نەریتە ئایینییەکان جیا ناکرێتەوە: لەو کولتوورانەیش کە زمان بەگشتی نڤیسارییە، دەوری ئاخاوتن لاوەکیترە؛ بەڵام لە کولتووری زارەکی کوردیدا، زمان هێشتا لەگەڵ ئایین، کۆ، مۆسیقا، و ئامادەبوونی جەستەدا گرێی خواردووە. کەوایە کردەوەی ئاخاوتنیی هەمیشە لە بەستێنێک لە ئامادەبوونی کۆدا چالاک دەبێتەوە. بۆ وێنە لە کاتی هەڵپەڕکێدا، دەربڕینی وشەگەلێکی باو وەک "هادەی"، "هەڵیخە"، "بەشان"، "دەیدەیدەی" یان "بیشکێنەرۆ" تەنیا دانانی ڕیتم یان هاوڕێیەتی مۆسیقا نییە؛ ئەمانە دەنگگەلێکن کە جەستەکان هاوئاهەنگ، ئێنێرژییەکان هاوئاراستە، و ئامادەبوونی هاوبەش بانگ دەکەن. لەم ساتەدا ئاخاوتن، خودی کردەوەیە؛ بەشێکە هەڵپەڕین، نەک ڕوونکردنەوەی ئەو. بە هەموو ئەمانەوە دەکرێ بوترێت کە کردەوەی ئاخاوتنیی هێزی بزوێنەری "شانۆی کوردی"یە و دەتوانێت کارکردگەلێک لە ئەستۆ بگرێت کە لە گەلێک لە نەریتە نواندنەییەکانی دیکەدا، تەنیا لە ڕێگەی جووڵە، میزانسێن یان ژێستی جەستەییەوە مسۆگەر دەبێت. کردەوەی ئاخاوتنیی لە شانۆی کوردیدا دەتوانێ: پێوەندی هێز بگۆڕێت، ناکۆکی شانۆیی چالاک بکات، فەزا و زەمان ئاڵوگۆڕ بکات. ڕیتمی نواندنیی ڕێک و پێک بکات. لە ژێر باری هەستدا بەیەکجاری ڕزگاری بکات تەنانەت گۆڕەپان سەرلەنوێ "بانگ" بکاتەوە. بۆ وێنە، لە فەزایەکی پڕ لە کێشەی خێزانی لە شانۆیەکی ڕێئالیستیدا، لەگەڵ دەربڕینی ڕستەی بیبڕێنەوە!دا کڕوکپی و بێدەنگییەک باڵ ئەکێشی بەسەر فەزاکەدا، بە بێ ئەوەی بێژەر دەستی بجووڵێنێت یان بە کەسێک نزیک بێتەوە. یان لە درامێکی دێکۆمێنتاری و لە کاتی تاکبێژی، کاتێک کاراکتێرێک دەڵی دیانی پیا نەنا، نەتەنیا زانیاری دەگوازێتەوە، بەڵکوو هەموو بەسەرهات، پێوەندییەکان، سۆزدارییەکان، درێژەی ڕووداوەکان، و گریمانە و چاوەڕوانییەکانی بەردەنگیش ژێر و ڕوو دەکات. دەکرێ بڵێین کە توانایی کردەوەی ئاخاوتە لە شانۆی کوردیدا نەک تواناییەکی زیادە، بەڵکوو ناوکی نواندنی بەرهەمە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەورگێڕ ئەزموونی چەشنە بوونێکی "دەنگ-جەستەیی" بکات؛ بوونێک کە جەستاندنی دەنگە.

### ڕەهەندە پێرفۆرماتیڤەکانی زمانی کوردی

ئەلف) لە ئاستی دەنگیدا، زمانی کوردی تەنیا کۆیەک لە واچ و دەنگەکان نییە؛ ئەو شتەی کە لە ئاخاوتنی کوردیدا دەردەکەوێت حاڵەتێکی مۆسیقاییە کە سنوورەکانی زمان تێدەپەڕێنێت و دەچێتە هەرێمی ئەزموونی جەستەیی و کۆییەوە. کێشدانەوە درێژەکانی دەنگەکان، شل و توند بوونەوەی لەپڕی کانسۆنانتەکان7، هەڵچوون و داچوون، تۆنالیتە و ڕیتمی ڕستەکان تۆڕێک لە هەست، جووڵە و ئاهەنگ پێک دێنێ کە بیسەر- تەنانەت ئەگەر هیچ زانیارییەکی زمانییشی نەبێت- دەخاتە گۆڕەپانی نواندنەوە. ئەم چۆنیەتییە مۆسیقاییە نە "ڕازاندنەوەیی"ە و نە پەراوێزی؛ بەڵکوو پێکهاتەیەکی هەستەوەری-ئیدراکی زمان چێ دەکات و ئێنێرژییەکی نواندنی بە بەردا دەکات. نموونەگەلێک وەک نوچنوچنوچ (بە گوشاری هەوا بە ئاراستەی دەرووندا)، تەح یان پەکوو، حەییاحەی، حەعیش یان هەیهوو خۆی کردەوەی سەرسووڕمان، ناڕازیبوون، تاسە یان وەڕەزبوونن و

دەتوانن ببنە هۆی پەرچەکردار نواندنی دەورگێڕ یان بینەر لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی کوردیدا، هەر دەنگێک وەک "ژێستێکی زمانی" خۆی دەردەخات: جووڵەیەکی بچووک بەڵام بەهێز کە بانگێشتی جەستە، فەزا و ڕیتم دەکات. ئەم ژێستە دەنگییانە، زمان لە ئاستێکی بەس پێوەندییەوە هەڵدەکشێنن و دەیکەن بە کردەوەیەکی نواندنی؛ بە ساتێک کە لەودا واتا بەردەوام لە پێوەندی لەگەڵ دەنگ و جەستەدا دەگوورێت. لەم ڕوانگەوە، ئاخاوتنی کوردی چەشنێک "دەنگەلەش"ە: زمان هەر لەو ساتەیدا کە دەبیسرێت، هەست دەکرێت و دەبینرێت. ئەم لایەنە مۆسیقاییە کاتێک کە لە چنراوکی کوردستاندا دادەنیشیت، ڕەهەندگەلێکی نوێ لەخۆ دەگرێت. گەلێک لە ئایینەکان، چ لە پێگەی ئایینی تازییە، چ لە پێگەی جەژنەکاندا، چ کۆبێژییەکاندا، لە سەر چۆنیەتی دەنگی-مۆسیقاییدا ڕاوەستاون؛ چما ئەوەی دەنوێنرێت، بەر لەوەی کە "دەق" بێت. "دەنگ"ە. دەنگێک کە بە سەر گەلێک جەستەدا دابەش دەبێت، لە فەزادا بڵاو دەبێتەوە و کۆمەڵ دەخاتە ناو یەکگرتنێکی کاتی و بەهێزەوە. لەم دۆخانەدا، زمانی کوردی پتر لەوەی کە ئامرازی گێڕانەوە بێت، وزەیەکی هارمونیکە؛ چەشنێک هاوئاهەنگی کۆیی کە لە ڕێگەی ڕیتم و تونالیتە هاوبەشەکانەوە بەرهەم دێت. ئەگەر لە ئاستێکی بەربڵاوتردا سەیری ئەم تایبەتمەندییە بکەین، دەردەکەوێ کە بە چ شێوەیەک زمانی کوردی، بە تایبەت لە فۆڕمە ئایینی و زارەکییەکاندا، لەحنێکی هاوشێوەی کۆبێژییە گەورەکان هەیە؛ ئەو کۆبێژییەی کە نە لە سەرەوە ڕێکدەخرێت و نە لە بیچمی دامەزراوەدا سەقامی گرتووە، بەڵکوو لە تان و پۆی ژیانی خەڵکدا بنجی داکوتاوە. ئەم مۆسیقای زمانە، لە واتا کولتوورییەکەیدا، بە تەنیا دەنگی تاکەکان نییە؛ دەنگی "ئێمە"یەکە. هەر ئەم هارمونی مۆسیقایی-زمانییە دەورێکی ڕاستەوخۆی لە دروسکردنی یەکانگیری کۆمەڵایەتی و پتەوکردنی شوناسی کۆییدا هەیە. ساتێک کە دەنگەکان لە ڕیتم یان مێلۆدییەکی هاوبەشدا هاونشین دەبن، چەشنێک "ئێمە-بوون" دەوەشێتەوە کە بە سانایی لە میدیاکانی- دیکەدا بەرهەم نایەتەوە. وەها تایبەتمەندییەک لە ڕوانگەی مێژوویی و تیۆریکیشەوە گرنگە. ئەو زمانانەی کە شوناسێکی مۆسیقاییان هەیە، لە هەندێ تیۆردا بە سەرچاوەی سەرهەڵدانی شانۆ و درام لە قەڵەمیانداوە. بۆ وێنە لە یۆنانی کەونارادا، مۆسیقا دەکەوتە پێش دەربڕینی دراماتیکەوە و بۆ خۆی سەرچاوەی گۆورانی شانۆ بوو. ئەگەر ئەم هەڵسەنگاندنە بە جێگەی مێژوویی، بە شێوەی دیاردەناسانە لە بەرچاو بگرین، دەکرێ بوترێت زمانی کوردیش هەڵگری وەها چۆنیەتییەکە: مۆسیقامەندی ئەو نەک توێژێکی دووهەمینی، بەڵکوو فۆڕمێکی بنچینەیی (پایەای) ئەزموونی ئاخاوتنە؛ فۆڕمێک کە لەگەڵ سازوکاری نواندنە شانۆییەکان، سەما ئایینییەکان، بەرگری کۆیی و گێڕانەوەی زارەکیدا هاوڕیشەیە. بەم پێیە دەنگە کوردییەکان تەنیا توخمگەلێکی دەنگی نین؛ بەڵکوو هەڵگرەکانی مێژوویی شێوەیەکی بوون و شێوەیەکی پێکەوە بوونن. کەوایە، "لایەنە دەنگییەکان" لە زمانی کوردیدا، کاتێک لە ئاسۆی نواندندا لێکبدرێنەوە، شتێک سەرتر لە شیکاری واچی ئاشکرا دەکەن: ئەوان دەربیجەگەلێکن بە ڕووی پەیکەرەی کۆمەڵایەتی و جوانیناسی کولتوورێک. دەنگ لێرەدا نەتەنیا خولقاوی ژێ دەنگییەکان، بەڵکوو بەرهەمهاتووی مێژوو، بیرەوەری، سۆز و هاودەنگییەکانی بەکۆمەڵە. زمانی کوردی، بە هەموو مۆسیقامەندییەکەیەوە، چەشنێک گۆڕەپان دەئافرێنێت؛ گۆڕەپانێک کە لەودا جەستەکان، ڕیتمەکان و فەزاکان بە نێونجی دەنگ بە شێوەی بەردەوام دەنوێنرێ و دیسان -دەنوێنرێتەوە. ئەم گۆڕەپانە دەروونییەی زمان، بنەمایەکە کە گەلێک لە فۆڕمە نواندنی، ئایینی و کۆمەڵایەتییەکانی کوردستان لەسەر ئەو دامەزراون. بێ) لە ئاستی وشەدا، لە پێوەندی لەگەڵ ئاستی دەنگی -شوێنێک کە دەنگەکان وەکوو ژێستە بیسیارییەکان دەردەکەوتن- زمانی

کوردی نیشان دەدات کە ئەم چۆنییەتی ژێستمەندە تەنیا بە دەنگ کۆتایی نایەت، بەڵکوو لە تان و پۆی خودی وشەکانیشدا بوونی هەیە. زۆرێک لە کردە جووڵەیی، سۆزداری و هەستەکییەکان کە لە کوردیدا ڕەگ و ڕیشەیەکی جەستەییانەیان لەگەڵدایە؛ واتە وشە نەتەنیا ناو لە کردەوە دەنێت، بەڵکوو "شێوەی بوونی جەستە" لەو کردەوەیش دەنوێنێتەوە. کردار و پێکهاتە کردارییەکان وەک دایخست، دەرچووین، دامسەپاند یان دابەزایت بەزۆری هەڵگری توندی، ئاراستە، کێش و چۆنییەتی جووڵە لە ناو ساختی خۆیاندان، و ئەم بابەتە دەبێتە هۆی ئەوەی کە وشە هەر لە پێشدا ببیت بە بابەتێک کە توانای نواندنی هەبیت.

بەم پێیە، ئاستی وشەیی ئاستی دەنگیی قووڵتر و چڕتر دەکات: ئەگەر لە دەنگدا، "ژێستی بیسیاری"مان هەبوو، ئەوا لە وشەدا، "ژێستی جووڵەیی"مان هەیە. هەر ئەم یەکانگیرییە کە زمانی کوردی شیاوی نواندنە فیزیکاڵەکان دەکات؛ لەبەر ئەوەی کە جەستە هەوێنی وشەکانە و لە کاتی دەربڕینیاندا دەیانهەوێ کە جووڵە بجەستێنن. کەوایە، زمان لەم ئاستەدا دەبیت بە کۆمەڵێک لە "ڕێساگەلی هێزەکی بۆ جووڵە" کە بە سانایی دەکرێ لە ڕیتم، فۆڕمی جەستەیی و کردەوەی شانۆییدا چالاک بکرێتەوە. پێ) ئەگەر ئاستی دەنگی زمانی کوردی بە لەحن، ڕیتم، و تونالیتەیەک بزانین کە واتا "بەر لە ناوەرۆک" دەگوازێتەوە، ئاستی جەستەیی هەمان شوێنیکە کە ئەم ڕیتم و تونالیتە لە دەنگ سەرتر دەچن و لە جەستە و هەناسەدا نیشتەجێ دەبن. ئاخاوتنی کوردی، بە تایبەت لە لاختە کۆییەکاندا –بۆ وێنە گۆرانییەکانی کار، هەڵپەڕکێ و گێڕانەوە بەکۆمەڵەکان – لەسەر نوێنەگگەلی هەناسەدانیکی هاوبەشدا سازکراوە کە ئاخاوتن دەکات بە جۆرێک لە کردەوەی جەستەیی هاوئاهەنگ. لەم ئاستەدا، ڕیتمی دەنگی بۆ "ڕیتمی جەستەیی" دەگۆڕدرێت: جەستەکان بەهۆی کێشی ڕستەکان، گتەکان، و گوشارە دەنگییەکان هاوهەناسە دەبن و هەر لە دڵی ئەو هاوهەناسەییەوەیە کە جۆرێک لە جەستەی کۆیی دەگوورێت. ئەم تایبەتمەندییە ڕاس هەر ئەو خاڵەیە کە شانۆی مۆدێرن –لە گروتوفسکی و بارباوە تاوەکوو شێکنێر– بۆ بووژانەوەی "جەستەیی بوونی ئاخاوتن" کاری لەسەر دەکرد: ئاخاوتنێک کە پێش لە چەمک، لە ڕێگەی جەستەوە کاردانەوەکەی دادەنێت. لەم ڕوانگەوە، ئاستی جەستەیی درێژەی سروشتی ئاستی دەنگییە: مۆسیقای زمان دەبێت بە "ژینی مۆسیقایی". ئوو ئەمەیش هەمان شوێنە کە زمانی کوردی گەلێ توانایی هێزەکی بۆ نواندنگەلی فیزیکاڵ، بەکۆمەڵ و دەنگ–جەستەیی پێک دێنیت. تێ) لە ئاستی ئایینی–کۆمەڵایەتیدا، چۆنییەتی دەنگی–جەستەیی زمانی کوردی تەنیا ئەزموونێکی تاکەکەسی یان بە تەنیا جوانی¬ناسی نییە، بەڵکوو دەچێتە خزمەت چێکردنی ئەزموونیکی کۆییەوە. لە زۆرێک لە دۆخە ئایینی و ڕێوڕەسمییەکاندا، زمان نەک ئامرازی گواستنەوەی پەیام، بەڵکوو ئامرازی کۆمەڵسازییە.

مۆسیقای ئاخاوتن لەم ئاستەدا دەورێکی کۆمەڵایەتی و ئایینی لە ئەستۆ دەگرێت: چەند دەنگی، هاوڕیتمی، دەنگ دانەوە و پاتەبوونەوە لە ساتێکی هاوبەشدا لە دەوری یەک کۆ دەبنەوە و ئەزموونێک لەو شتەی کە ویکتۆر تێرنێر بە کومونتیاس ناوی لێ دەبات، بەرهەم دێنن؛ چەشنێک هاوهەستی و هاووجوودی بێ ڕەچاوکردنی زنجیرەی پلە و پایە و لە چرکەساتێکدا. لەم ڕوانگەوە، ئاستی ئایینی–کۆمەڵایەتی تەشقی پێوەندی سێ ئاستی پێشووە: دەنگ ڕیتم و ژێستی بیسیاری دەخولقێنیت، وشە ئێنێرژی و ڕێسا جووڵەییەکانە، جەستە هاوئاهەنگی هەناسەیی و ڕیتمی کۆیی پێک دێنێت، و لە ئاکامدا کۆمەڵگا لە ڕێگەی ئەم سازوکارانەوە، یەکگرتوویی و ئەزموونی شانۆیی دەخولقێنێت. بەم شێوە، زمانی کوردی نەتەنیا پێوەندی سازدەکات، بەڵکوو بەرهەمهێنی نواندنە؛ نواندنێک کە هاوکات شوناس و یەکگرتوویی دروس دەکات. بەڵام پرسیاریک دێتە ئاراوە: ئەگەر لە زمانی کوردیدا، ئاخاوتن بۆخۆی کردەوەیەکی تەواوە، کەوایە

چ پێویستییەک بە نواندنی سەر تەختەی شانۆ هەیە و دەسا بۆچی هەموو نواندنەکان هەر بیسیاری نەبێت؟ لە وەڵامدا دەکرێ بوترێت، نواندنەکانی بیسیاری و شانۆیی دوو ئەزموونی جیاوزن، نەک دوو نوسخەی جێگرەوەی یەکتر. نواندنی بیسیاری یان ڕادیۆیی، جیهان بۆ هەر بەردەنگێک تاکەکەسی دەکاتەوە؛ ئاخاوتن دەکات بە ئەزموونیکی دەروونی، تاکەکەسی و ڕەوان؛ و خەیاڵیش لە سەرترین ئاستدا ڕادەگرێت. بەڵام نواندنی شانۆیی جیهان دەکات بە هاوبەش و ئەزموون بە چەند هەستی و عەینی؛ ئاخاوتن دەجەستێنێت، بە جەستەکان "گۆڕەپانی وزە" ساز دەکات و ئێنێرژی کۆیی بە چالاکی ڕادەگرێت. هەردوو شێوەی نواندن جێبڕوان بەڵام هەرکام، چەشنێکی جیاواز لە "کردەوەی ئاخاوتنی" دێننە ئاراوە.

## توانا شانۆییەکان

زمانی کوردی هەم مۆسیقایەکی دەوڵەمەندی هەیە و هەم چییەتییەکی فیزیکاڵ. کێشدانە دەنگییەکان،تەقینەوەی کانسونانتەکان، ڕیتمی ڕستەکان و دوابەدوایی هەناسەدان، توانایی نواندنە فیزیکاڵ و مۆسیقاییەکان زیدەتر دەکەنەوە. دەورگێڕ دەتوانێ وشەکان نەک هەر دەرببڕێت، بەڵکوو بینوێنێت؛ هەر وشە کێش، گوشار بۆ ناو یان دەرەوە، و چییەتی جووڵەیی تایبەت بە خۆی هەیە و لەگەڵ جەستە و فەزای نواندندا هاوپێوەند دەبن.

خاڵێکی دیکەی بەهێزی ئەم زمانە، هێزی گێڕانەوە و دەسەڵاتی دەنگییەکەیەتی. دەنگبێژ، چیرۆکبێژ، بەیتبێژ، تازییەخوێن و مەقامبێژەکان لە نەریتی کوردیدا، "دەورگێڕانی لێهاتووی زمان" بووگن و ئەم نەریتە دێرینە پاڵپشتێکی شیاو بۆ گوورانی شانۆی گێڕانەوەیی و دیکۆمێنتاری پێک دێنێت؛ زمانی کوردی لەگەڵ ئاییندا، یان بە واتای شێکنێر لەگەڵ ئاخێزگەی شانۆدا پێوەندی هەیە؛ بە هۆی ئەم پێوەندییە، ئەگەری دووبارە ئافراندنەوەی بنەماکانی شانۆی ئایینی، لە فۆڕمە کۆبێژییەکاندا. نواندنە خولییەکان و فەزا هاوبەشەکان، پێکدێت. بەکورتی، زمانی کوردی بۆ نواندنەکانی هاوچەرخ و ئەزموونیی لە خۆیدا خاوەن تواناییگەلێکی توێ‌توێە: نواندنی فیزیکاڵ کە وشەکان دەبن بە جووڵە؛ نواندنی دەنگ-تەوەر کە ریتم و هارمۆونی زمان میزانسێن پێکدێنێت؛ شانۆی دیکۆمێنتاری کە بە ئاخاوتن،خودی ئەزموونی ژیانکراوی کوردەکان لە گۆڕەپاندا دەبووژێنێتەوە؛ و نواندنی هاوبەشییانە کە سروشتی نواندنەوەیی زمان پێوەندی دەورگێڕ لەگەڵ بینەردا تووشی گۆڕان دەکات. ئەم توێژانە لەپاڵ یەکەوە، زمانی کوردی دەکات بە ماکیکی دەوڵەمەند بۆ دەرکەوتن و سەرهەڵدانی دراماتیک و نواندنەوەیی.

## دوا وتە

دەور و کارکردی سۆزداری و هەستیارانەی ئاخاوتن دەکەوێتە پێش واتا یان ناوەرۆکی ئەوەوە. ئەمەێش لە هونەری شانۆدا دەوریکی گرنگی هەیە. بە واتایەک، ئەگەر ئاخاوتن (جیا لە ناوەرۆک/ واتاکەی) بە تەنیا دەربڕین نەتوانێت کاریگەری لە سەر جیهانی شانۆ و جیهانی زەینی بەردەنگدا هەبێت، با جوان و ئەدەبیش بێت، بەڵام بایەخی دراماتیکی نییە. ئەم ئێنێرژی وشە، بارستایی وشە،ڕەنگی وشە،ڕیتمی وشە و هاودەنگ کەرەوەیی وشەیە کە سروشتی نواندنەوەیی هەیە، نەک ژبن واتا وشەییەکەی. زمانی کوردی، کاتێ کە لە ئاسۆی پێرفۆرماتیڤێتییەوە لێک بدرێتەوە، نە تەنیا سیستمیکی زمانی، بەڵکووجەستەیەکی زیندوو، ئایینی پویا و دیاردەیەکی دراماتیکە. تیۆری کردەوەی ئاخاوتنی نیشانی دەدات کە وشە کوردییەکان بەزۆری کردەوەئافرێنن؛ دیاردەناسی جەستە وەبیر دێنێتەوە کە ئەم زمانە لە ئاستی بێژە تا ساختی وشەکان، جەستەمەندە؛ مرۆڤناسی ئایینتەوەر دانی پیا دەنێت کە ئەم زمانە بەردەوام لە دڵی ڕێوڕەسمە کۆییەکان و دۆخگەلی شوناسیدا بیچمی گرتووە؛ و تیۆری نواندن ڕوونی دەکاتەو کە هەر ئەم تائیبەتمەندییانە زمانی کوردی کردووە بە ماکێکی درەوشاو بۆ نواندن.

پێرفۆرماتیڤێتی لەم زمانەدا نەک تایبەتمەندییەکی زیادکراو و پاشکۆییانە، بەڵکوو چییەتی سەرهەڵدانی زمانە؛ زمانێک کە پێشتر لە گۆڕەپانی ژیانی خەڵکی کورددا توانای نواندنەوەیی خۆی سەلماندووە و هەنووکە دەتوانێ لە گۆڕەپانی شانۆیشدا ئامادەبوونێکی داهێنەرانە، ڕیشەدار و هاوچەرخ بخولقێنێت.

1. How to do things with words (1962)
2. Kinesthetic sence، ئاماژەی بۆ ئاگایی دەروونی جەستە لە جووڵە، دۆخی ئەندامەکان و ئەو وزانەی کە گوشار دادەنن؛ ئیدراکێکی جەستەیی کە بە بێ تماشاکردن و لە ڕێگەی هەستی جووڵەوە ئەزموون دەکریت.
3. The ritual process
4. Communitas؛ زاراوەیەکی مرۆڤناسەکی کە ویکتۆر تێرنێر خستییە بەرباس و ئاماژەی بۆ ئەزموونی کۆیی بەرابەر و بێ ڕەچاو کردنی زنجیرەی پلەوپایە هەیە، شوێنێک کە تاکەکان لە کاتی ئامادەبوونی هاوبەشدا، ئەزموونی پێوەندی کۆمەڵایەتی و یەکانگیری دەکەن.
5. Vocal–bodily performativity
6. Onomatopoeia وشەیەک کە بە لاسایی کردنەوە یان نواندنەوەی ڕاشکاوانەی تەقە یان دەنگێکی سروشتی، واتای خۆی دەگوازێتەوە. ئەم چەشنە لە وشە نەتەنیا چەمک دەگەیەنن، بەڵکوو چۆنییەتی دەنگیی و هەستی ئەو تەقەیش بەرهەم دێننەوە.
7. Consonants ئەو دەنگانەن کە لە ڕەوتی بەرهەمهێنانیاندا ئاڵوگۆڕ بوونی هەوا لە دەزگای ئاخاوتندا لەگەڵ بەربەستێک ڕووبەڕوو دەبێتەوە یان بە تەواوی لە جووڵە دەکەوێت؛ لەم ڕووەوە بەگشتی چۆنیەتییەکی تەقینەوەیی، خزاندنیی یان زەبری لەخۆ دەگرن. لە زمانی کوردیدا گەلێک لە کانسونانتەکان –بەتایبەت ئەو کانسونانتانەی کە بەربەستیی خزاندنیی و لێوی–ددانین – بە شێوەیەکی توند و لەپڕ بە بەربوونێکی ئاکوستیکی جیاوازەوە دەردەبڕدرێن. ئەم تایبەتمەندییە نە تەنیا چێیەتییەکی دەنگی، بەڵکوو "ژێست" و "ئێنێرژی"یەکی تایبەت بە ئاخاوتن دەدات و دەورێکی گرنگ لە بیچم‌گرتنی ڕیتم و لاختی نواندنەوەیی زماندا دەگێڕن.

## ژێدەرەکان:


Austin, J. L. (1962). How to Do Things with Words. Oxford University Press.

Searle, J. (1969). Speech Acts. Cambridge University Press.

Merleau–Ponty, M. (1945). Phenomenology of Perception. Gallimard.

Turner, V. (1969). The Ritual Process. Aldine Publishing.

Schechner, R. (1985). Between Theater and Anthropology. University of Pennsylvania Press.



# ڕنگدانەوەی بێوڵاتی لەسەر جیهانی شانۆیی فەرهاد پیربال

■ نووسەر: موبینی خدری(شوانە)

هەوڵی ئەم وتارە شیکردنەوەی ڕەنگدانەوەی دراماتیکی بێ-وڵاتی لە ناو شانۆنامەکانی فەرهاد پیربال، لە دوو قۆناخی پێش کۆچ و لە کاتی ژیان لە ئورووپادایە. چوارچێوەی تیئۆریکی بیردۆزی پۆست-کۆلۆنیالیسم و نووسراوەکانی ئێدوارد سەعید، هۆمی بابا، گایاتری سپیڤاک ئامرازی ئێمەن بۆ ئەم لێکۆڵینەوە. هەوڵ درا بە پشت بەستن بەو چوارچێوەیە، شوێن، کاراکتێر، تانوپۆ، هزر و گوتار، لە دوو شانۆنامەی «برادەر گیان ئاگاداربە؛ نەوەک لە پڕ بتکوژم!» و «حەشیشکێشەکان» شیبکرێنەوە تاوەکوو بتوانین تایبەتمەندییەکانی شانۆی بێ-وڵاتان پێناسە بکەین و بزانین ڕەنگدانەوی شانۆیی بێ-وڵاتی چۆن خۆی دەردەخات.

## 1. پێشەکی

فەرهاد پیربال، وەک گشت کوردانی جیهان، دەستەویەخەی دۆخێکی تایبەتە و ئەویش بێوڵاتییە . ژیانی تاک و کۆمۆڵی بێوڵات بە هۆی دۆخی یاسایی، سیاسی، ئابووری، هزری و ڕەوانی جیاوازی تایبەت بە خۆی، ویژەی جیاواز و تایبەت بە خۆیشی دەخولقێنێت. بە پێی ئاژانسی پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان(UNHCR) "کەسی بێوڵات کەسێکە کە ژێر یاسای دەوڵەتی نەتەوەیی هیچ وڵاتێکدا ناگونجێت و خاوەن ماف نییە". بۆ تێگەیشتنی باشتر پێویستە- زۆر بە کورتی- ژیانی فەرهاد پیربال و قۆناغەکانی باس بکەین: فەرهاد پیربال لە هەولێری 1961 لە دایک دەبێت و لە 1984 بەکالۆریۆسی زمان و ویژەی کوردی لە زانکۆی سلێمانی تەواو دەکات و دواتر بە هۆی کێشەیەک پەنا دەباتە شاخ. دواتر کۆچ دەکاتە فەڕانسە دەبێتە و لە زانکۆی سۆربۆن دەخوێنێت. لە 1991 دەگەڕێتەوە کوردستان چالاکی هزری و هونەری خۆی لەوێ درێژە دەدات. نووسراوەکانی فەرهاد پیربال بە شیعر و ڕۆمان و کورتەچیرۆک و شانۆنامەوە، هەڵگری و نیشاندەری ئەو دۆخ و ئەزموونە تایبەتانەن کە بێ-وڵاتی و پاشەهاتەکانی سازی کردوون. دەکرێت زۆر ساکار بڵەین "وڵات" بە بوون و نەبوونی، کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ئێجگار زۆری لەسەر ژیان و ویژەی پیربال هەیە و لە دەقەکانیدا وەک مۆتیفێکی واتایی و شێوازی دێتە بەرچاو. بە تایبەت لە شانۆنامەکانیدا ئەو ڕەنگدانەوەی زیا لە ڕەنگدانەوەی مژاری و شێوازی، هەندێک ڕەهەندی شانۆیی(دراماتیک) بە خۆوە دەگرێت کە لەگەڵ شانۆگەرانی دەری ئەم دۆخە جیاوازی دەکات و بە بێ ناسینی ئەم کایگەریە و ڕەنگدانەوەکەی تێگەیشتن لە جیهانی شانۆیی پیربال بە باشی پێک نایات. لەم وتارەدا گریمانەمان ئەوەیە کە دۆخی بی-وڵاتی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی تایبەتی لەسەر جیهانی شانۆیی شانۆنامەکانی فەرهاد پیربال هەیە و خۆی لە کەسایەتی و دۆخی دەروونی کاراکتێرەکان، پێکهاتەی ڕەوایی تانوپۆ(داڕێژە) شانۆنامەکان، زمانی شانۆیی و شوێنی ڕوودانی شانۆکاندا دەردەخاأات. و هەوڵیشمان سەلماندنی هاأەمان گریمانەیاە بە پشت بەستن بە دەقە شانۆییاأەکان پیربال و کەڵک وەرگرتن لە شیکاری و نووسینەکانی بیرمەندانی پۆست-کۆلۆنیالیسم وەکوو ئێدوارد سەعید، هۆمی بابا و گایاتری سپیڤاک.

بۆ نموونەی لێکۆڵینەوەیش دوو شانۆنامەی «برادەر گیان ئاگاداربە؛ نەوەک لە پڕ بتکوژم!» و «حەشیشکێشەکان» هەڵبژێردراوە بۆ شیکاری و دیتنەوەی بنەما دراماتیکەکانی دۆخی بێوڵاتی.

## 2. پێشینەی توێژینەوە

بۆ ئەوەی پێشینەی توێژینەوەگەلی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە وەدۆزین، ڕێگایەکی چەوتمان لەبەر دەم دایە. یەکەم دەکرێ بڵەین هیچ توێژەنەوەکی ئاکادمیک و زانستی و هیچ کتێبێک، لە هێچ بووارێکدا سەبارەت بە شانۆنامەکانی پیرباڵ نەکراوە، مەگەر چەن دەقی کورت ژۆرنالیستی. بەڵام زۆر بەرفراوانتر لەسەر ڕۆمان و چیرۆکەکانی پیرباڵ توێژینەو کراوە و شێعرەکانیشی – هەرچەند بە قەد ڕۆمان و چیرۆکەکان نا– بێبەش لە توێژینەوە نەبوون. لەوانیش هەر وەک وترا بە هۆی ئەوەی بابەتەکانی پەیوەندیدار بە وڵات و نەتەوە و پەیوەندی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا زۆر بەرچاون، توێژمەوەکان هەوڵیان داوە بەو چوارچێوە شیکاری بەرهەمەکانی پیرباڵ بکەن، بەڵام هیچکامی ڕاستەوخۆ باسی بێوڵاتی تیا نییە.

### تێزەکان:

– مەحموود عەبدولقادر، نیاز (1402) تێزی ماستێری ئەدەبی بەراوردکارانەی زانکۆی ڕازی کرماشان بە ناوی «جوانیناسی لێشای خودئاگایی لە ڕۆمانی شەڕ و کۆچ (لێکۆڵینەوەی نموونە: میوانی مانگەشەو لە فەرهادی حەسەنزادە و پیاوێکی شەپقە ڕەش لە فەرهاد پیرباڵ)».

–موحەممەد ئەمین، ڕێباز (1398) تێزی ماستێری زمان و ئەدەبی فارسی لە زانکۆی کوردستان بە ناوی «لێکۆڵینەوەی بەراوردکارانەی ڕەنگدانەوەی کاریگەری شێعری فرووغ فەڕۆخزاد لەسەر ئەزموونە شێعرییەکانی فەرهاد پیرباڵ».

### وتارەکان:

–بزدودە، زەکەریا و ئەمیری سیروس (1399) «گێڕانەوەی ترۆما و ئەگەری دیسان گێڕانەوەی شوناس لە کۆمەڵە چیرۆکی پەتاتەخۆرەکانی فەرهاد فەرهاد پیرباڵ»

– فایەق مەجید، سەردار (2025) «تۆپۆگرافی لە دەقە شێعرییەکانی فەرهاد پیرباڵ»

–باپیر سلێمان، ئاڵا و عەدۆ وسوو، دڵدار و موستەفا ئیسماعیل، موززەفەر (2025) «کەسایەتی پاڕانۆیید لە ڕۆمانەکانی فەرهاد پیرباڵ: قەبرێکی سێ گۆشە و سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا».

– جەبار ئەمین، سیروان (2023) «ڕەنگدانەوەی دوورەگی-بوون وەک بنەمایەکی پۆست–کۆلۆنیاڵ لە ڕۆمانی هۆتێل ئوورووپای فەرهاد پیرباڵ».

– جەبار ئەمین، سیروان (2022) «ڕەنگدانەوەی وتەکانی ڕۆژهەڵاتناسان لە ڕۆمانی هۆتێل ئوورووپای فەرهاد پیرباڵ».

– خالد نەجمەدین، نەجم (2025) «گێڕانەوەی دراماتیک لە ڕۆمانی هۆتێل ئورووپا».

– واحید خدر، سیروان و موزەفەر موحەممەد، فەرهەنگ (2022) «ڕۆمانی هۆتێل ئوورووپای فەرهاد پیرباڵ لە ڕوانگەی ڕخنەی فەرهەنگی».

– فیلیز، موحەممەد شیرین و تاردوش، ئیبراهیم (2024) «ئیماژی ئورووپا و ئورووپاییەکان لە پەیوەندی ئۆکسیدێنتاڵیسم لە بەرهەمەکانی فەرهاد پیباڵدا»

هەر وەک پێشتر گوترا، هیچ توێژینەوەک لەسەر جیهانی شانۆی فەرهاد پیرباڵ و کاردانەوەی بێ-وڵاتی لەسەری نەکراوە. بۆیە هەوڵمان ئەوە بووە کە بەم وتارە ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە.

## 3. چوارچێوەی تیئۆریک

هەر وەک ئەو جۆرەی باس کردرا، لە، وتارەدا هەوڵمان داوە لە چوارچێوەی تیئۆری بزووتنەوەی پۆست–کۆلۆنیالیزم کەڵک وەربگرین بۆ شیکاری و ڕاڤەی شانۆنامەکان، بۆیە پێویستە سەرەتا ئەم بزووتنەوە پێناسە بکەین، پێشینەی و بنەڕەتی بخەینەڕوو و پاشان بیروڕای سێ کەس لە سەرەکیترین بیرمەندی بخەینە بەر باس. بە کورتی دەکرێ بڵەین: "بیردۆزی پۆست–کۆلۆنیاڵ، تیئۆرییەکی ویژەیی یان شێوازێکی شیکارانەیە کە سەرووکاری لەگەڵ ویژە و ئەدەبیاتێکە کە لە وڵاتانی داگیرکراو یان سەبارەت بەوان ساز کراون. ئەم تیئۆرییە  لەسەر بنەمای چەمکەکانی «ئەویدی» و «بەرخودان» ساز کراوە." (زانکۆی واشنگتن، دیپارتمانی هونەر، مێژووی هونەر و دیزاین. پێشەکەیەک لەسەر پۆست–کۆلۆنیاڵیزم، بیردۆزی پۆست کۆلۆنیاڵ و ویژەی پۆست کۆلۆنیاڵ). لێکۆڵنەوەی پۆست–کۆلۆنیاڵ پێداگرە لەسەر ساز کردنی بۆشاییەک کە تێیدا بێدەنگەکان بدوێن و وتەکانییان ببیسترێت؛ هاوکاتیش سوورە لەسەر ساز کردنی ڕوانگەیەکی بەربڵاو و شیکاری تیئۆریک و باوەش کردنەوە بۆ ئەو زانست و تێگەیشتنانەی کە وا لە دەری جیهانی هزری ڕۆژاوایی پێگەیشتوون(کەریمی، 1394، ل 10). بنەڕەت و ڕیشەی ئەم بزووتنەوەیە لە مێژووی ئەدەبی ڕۆژاوایی و لە وتەکانی هێگێڵ، وتەکانی گرامشی، تیئۆری ڕخنەیی ، توێژینەوەگەلی فەرهەنگی ، دەروون¬شیکاری  لەکان، پاشپێکهاتەخوازی  و نووسراوەکانی دریدا، وتەکانی فۆکۆ، بە تایبەت نووسینەکانی فرانتس فانۆن و ئێمێ سێزر دایە. بەڵام دەستپێکەکەی بە کتێبی «ڕۆژهەڵاتناسی»(ئۆریيانتالیسم ) ئێدوارد سەعید پێناسە دەکەن. ڕەنگە بە نرخترین و سەرەکیترین بابەتی ئێدوارد سەعید بۆ بابەتەکەی ئێمە، چەمکی خودی ڕۆژاوایی لە بەرانبەر ئەویدی ڕۆژهەڵاتیدا بێت. سەعید ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نووسراوە ڕۆژاواییکان کە سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە نووسرابوو، دوور لە ڕاستی بوون و پتر هەوڵێک بوون بۆ پێناسە کردی ئەویدییەک بۆ خۆیان کە بتوانن چڕتر سوبژێکتیڤیتەی خۆیان مسۆگر بکەن. ڕابرت یانگ لە «ئوستوورەی سپی»دا دەڵێت: "ڕۆژهەڵات وەک «ئەویدی» ڕۆژاوا: بوونەوەرێکی هەڵڕسکاو و ناچالاک، ناعەقڵانی، سۆزاوی، نەگۆڕ و نەبزێو و حەمووکات چاولەدەستی پێشەنگی ڕۆژاوایە. ئەمە لە بەرانبەر ڕۆژاوایەکی پێشکەوتوو، عەقڵانی و سەرتردا ساز بووە کە دووبەرەییەک  پێک دەهێنێت کە بۆ بەڕەوا کردنی داگیرگەیی بە کار دێت." (یانگ، 2001). ئەم شیکارییەی سەعید لەوێدا بە کاری ئێمە دێت کە دەڵێت ڕۆژاواییەکان ئەم ڕوانگەیان نەک تەنیا بۆ خۆیان بەڵکوو بۆ ڕۆژهەڵاتییەکانیش ساز کرد و هەوڵیان دا خۆیان بە خۆیان پێناسە کەن. بۆیە ئەمە جۆرێک لەخۆنامۆیی لە سوژەی ڕۆژهەڵاتیدا ساز کردووە کە بە بەرفراوانی لە دەقەکانی پیربالدا دەبیندرێت. بەڵام بیرمەندی ئێجگار گرنگ بۆم ئەم بابەتە هۆمی بابایە. بابا لە کتێبی شوێنی فەرهەنگ(The Location of Culture, 1994) لەسەر بابەتەگگەلێکی نوێ دەدوێت وەکوو: تێکهەڵکێشانی چاندەکان(بە تایبەت لە نێوان داگیرکەر و داگیرکراو) و شوناسی ڕەوەند و ناسەقامگیر  کە بە دوو زاراوەی لە–نێوان–دابوون  و هیبریدیتی (دووڕەگی¬بوون) پێناسەی دەکات. بابا پێی وایە کە هیبرید بوون بە واتای تێکهەڵکێشانی چاندەکان لە ڕەوتی داگیرگەیی¬ و دوای ئەودایە، بە جۆرێک کە ناکرێ هیچ شوناسێک بە پەتی و بێ¬تێکەڵی بزاندرێت(بابا، 1994). بە پێی وتەکانی بابا سوژەی داگیرکراو لە ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ چاندی داگیرکەر لە ڕەوتی دانوستاندا  هەوڵ دەدات لاسایی داگیرکەر بکاتەوە(میمکری) کە ئەمەیش خۆ شوبهاندنێکی سەقەت و ناتەواوە. کەواتە شوناسی کۆلۆنیاڵ حەمووکات لە گۆڕان و پەرێشانیدایە. هەرم ئەم تێکهەڵچوون و تێکهەڵکێشانی چاند و گوتارانە، بۆشاییەک دەکاتەوە بە ناوی پانتایی سێهەم کە نە هین داگیرکەرە و نە هین داگیرکراو، لەوێ ئەو شوناسە ڕەوەند و ناسەقامگیرانە یەک¬ دەگرنەوە و لە سەرحەدێتی

شوناس و چاندا هەوڵ دەدەن واتاکان و شوناسەکان سەرلەنوێ پێناسە بکەن و هەڤبەر گوتارە سەردەستەکان بەرخۆدان بکەن(بابا، 1994). دۆخی پیربالٚ لە ژیانی ئورووپادا دەکرێ بەم دۆخەی کە هۆمی بابا باسی دەکات بشوبهێنین. گایاتری سپیڤاک لە کتێبی ئایا ژێردەست دەتوانێ قسە بکات؟ (Can the Subaltern Speak?, 1988) باس لەوە دەکات کە ئەو تاقمانەی کە لە نزمترین ئاستی پلەمەندی داگیرگەیی و سەرمایەداری جیهانیدان، مافی دەربڕینیان نییە و بەڵکوو لە سیستمی زانستی ڕۆژاواییدا ڤەنوادن دەکرێن(سپیڤاک، 1988).

دەکرێ ئەو ژێردەستەی سپیڤاک لێی دەدوێت، بە هەر تاقمێک کەوا چ لە سیستمی داگیرگەیی و چ لە سیستمی خۆجێییدا بێمافن لە ژمار بەین؛ وەکوو ژنان، کەمینە سێکسوالەکان، کرێکارانی بێچین، و بێوڵاتان. سپیڤاک لە سوژە-پێگە دەدوێت، کە واتا وانییە کە سوژەی ژێردەست نەتوانێت قسە بکات، بەڵکوو ئەو پێگەی کە ئەو وەکوو ژێردەست تێیدایە ئەو هەلومەرجە نارەخسێنێت کە بتوانیت بدوێت و پێگەی خۆدەربڕینی نییە. لەو دۆخەدا ڕووناکبیرانی ڕۆژاوایی و ڕۆژهەڵاتی هەوڵ دەدەن بە جێگای ئەو بدوێن(کریمی. 1402. ل 72 و 73). نووسراوەکانی پیربالٚ دەنگی کەمینە لە پەراوێزخراوەکانن، چونکە خۆی بە درێژایی ژیانی یەکێک بووە لەو ژێردەستە بێدەنگانە و کاراکتێری بەرهەمەکانیشی هەر وەک خۆی لەو دۆخەدان. یەکێک لەو چەمکانەی کەوا لە ژێر کاریگەری لێکۆڵینەوەگەلی پۆست-کۆلۆنیالٚ و لێکۆڵینەوەگەلی فەرهەنگی زیاتر گەشەی کرد لێکۆڵینەوەگەلی دیاسپۆرایە . لێرەدا بەس گەرەکمانە چەمکی دیاسپرا بناسێنین، چونکە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەکانی هۆمی بابا زۆر یارمەتیدەرە و بۆ شیکردنەوەی دەقەکانی پیربالیش پێویستە. دیاسپۆرا بە گشتی واتە کۆمەڵە خەڵکێکی پەرتەوازەکراو لە زێدی خۆیان کە لە وڵاتێکی بیانی نیشتەجێن بەڵام لە ڕوانگەی پۆست-کۆلۆنیالەوە، دیاسپۆرا تەنیا دۆخێکی جوغرافیایی و جێنشینی نییە، بەڵکوو دۆخێکی دەروونی، فەرهەنگی و سیاسییە کە تێیدا تاک یان کۆمەڵێک بە بەردەوامی لە نێوان «ماڵی لە کیس چوو» و «وڵاتی بیانی»دا لە هاتووچوودایە(کلیفۆرد، 1994). جەیمز کلیفۆرد «حەز بە گەڕانەوە» و «پاڵپشتی بەردەوام لە زێدی دایکی» تایبەتمەندی جیاکەرەوەی دیاپۆرا ناو دەبات. ئەو باس لە دژوازی دیاسپۆرا دەکات کە واتە: ژیان لێرە و ڕاگرتنی پەیوەندی و پاڵپشتی لەگەڵ ئەوێ(هەمان). ئاڤاتار براه دەڵێت دیاسپۆرا ئەزموونی ناکۆکی تێپەڕین و گیرسانەوەیە لە یەک کاتدا(براه، 2004). کەسایەتی دیاسپۆریک هەر وەک ئەو شتەی هۆمی بابا لەسەر کەسایەتی هیبرید لە دۆخی لە-نێوان و سەرحەدی ¬دایە. دواتر تێدەکۆشین ئەم دۆخە لە ناو شانۆنامەکانی پیربالٚ وێنا بکەین.

## 4. شیکاری داتاکان

لەم بەشەدا هەوڵی سەرەکیمان وایە کە بە پشت بەستن بە چوارچێوەی تێئۆریکی بزوتنەوەی پۆست-کۆلۆنیالی ڕەنگدانەوەی شانۆیی دۆخی بێوڵاتی لە شانۆنامەکانی پیربالٚ¬دا دەستنیشان بکەین. بۆ ئەم لێکۆڵینەوە لە بەرگی کتێبی «حەشیشکێشەکان. چیرۆکێکی سیناریۆ و چەند شانۆنامەیەکی یەک پەردەیی» چاپ کراوی 2000ی بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کەڵک وەرگیراوە. دوو شانۆنامەی «برادەر گیان ئاگاداربە؛ نەوەک لە پڕ بتکوژم!» و «حەشیشکێشەکان» وەک نموونەی لێکۆڵینەوەی هەڵبژێردراون و لەوانیش هەوڵمان وایە بە جەخت خستنە سەر بنەما دراماتیکەکانی «شوێن»، «کاراکتێر»، «تانوپۆ و ڕووداوەکانی» و پاشانیش هزر و گوتاری شانۆنامەکان، شیکاریەکی شیاوی جیهانی دراماتیکی تایبەتی پیربالٚ بکەین.

## ئا) برادەر گیان ئاگاداربە؛ نەوەک لە پڕ بتکوژم!

فەرهاد پیربالْ ئەم شانۆنامەی یەکەم جار بە ناوی «مالاوا ئەی وڵاتەکەم» لە 1981 لە زانکۆی سلێمانی نووسی بەڵام لە 1983دا دووای ئەوەی لە بەندیخانەی بەعس هەڵهاتبوو و پەنای بۆ هێزە کوردییەکان لە کوێستانی بەرەگەڵوو هێنابوو بە ناوی «برادەر گیان ئاگاداربە؛ نەوەک لە پڕ بتکوژم!» ڤەنووسین کراوە. ئەم شانۆنامەیش بە دوای ئەزموونی سەربازی نووسەر و ژیان لە ناو ناوچەیەکی تووشبووی شەڕ(ئێران و عێراق) نووسرا و دەکرێ بڵەین ئەم بەرهەمە شانۆنامەیەکی دژەشەڕی ڕۆمانتیکە. کورتەی شانۆنامەکە ئاوهایە: دوو سەربازی لە دوو بەرەی دژ بە یەکی شەڕ هەڵهاتوون لە ناوچەیەکی شاخاوی سەرسنوور یەکیان گرتۆتەوە. ئێستا بوونەتە هاوڕێ و دەردەڵ بۆ یەک دەکەن. هەردووکیان کوردن بەڵام بۆ دوو وڵاتی جیاواز شەڕ دەکەن و ئێستایش بڕیارە هەر کامە و بۆ وڵاتی ئەولا پەناهەندە ببن یان لەوێوە بڕۆن بۆ ئورووپا. بەڵام فریای هەڵهاتن ناکەون و هێرشەکان دەسپێدەکەنەوە و هیچیان دیار نامێنن و چارەنووسیان نادیار دەمێنێتەوە. یەکەم شتێک کە شیکاری ئەم شانۆنامەدا دێتە بەرچاو شوێنە. ئەمەیش دەکرێ بە دوو جۆر هەڵبسەنگێندرێت: یەکەم یەکسانی شوێنی ڕوودانی شانۆنامەکە لەگەڵ شوێنی مانەوەی کاتی خودی نووسەر واتە «سنوور»ی نێوان ئێران و عێراق. دووهەم ئەم سنوورە دەکرێ بەرفراوانتر چاو لێبکرێت، کەوا ئەوە دۆخی کوردە کە سەرەڕای کورد بوون وڵاتێکی دیکەی بە نیشتمانی دەناسرێت و سنوورێک لە نێوانان هەڵچندراوە کە خود لە خود جیا دەکاتەوە نەک لە ئەویدی. ئەم پەیوەند نەبوون بەو نیشتمانەوە وادەکات کە ئەو کەسانە پەنا بۆ وڵاتی بە ناو دوژمن بەرن. ئەوان ئەو دۆخە بە "سنووری نێوان ئەم دوو دۆزەخە" ناو دەبەن. سەربازی دووهەم باس لەوە دەکات کە باوکی قاچاخچی بووە و لەگەڵیدا بەم ناوچەدا و بە نێوان ئەم سنوورەدا هاتووچۆیان کردووە. تەواوی ئەمانە دۆخی لە–نێواندا بوون و شوناسی ڕەوەند دەهێننەوە بیرمان و دۆخی دیاسپۆریکی ژیانی کوردەکان لە زێدی خۆیان نیشان دەدەن. ئەم دۆخە واتای وڵات و نیشتمانیشی لە ناو بردووە کەوا دەڵێن: "وڵات ئەمڕۆ داردەستێکی ڕژێم و سەرکردەی حزبر بۆرژواکانە بۆئەوەی وڵاتپەروەرانی بەردبەختی وەکوو ئێمە هەڵخەڵەتێنن" (پیربالْ. 2000. ل 18 و 19) کە جۆرێک ڕوانگەی مارکسیستی لەسەر وڵات دەردەخات. هەر لێرەوە بچینە شیکاری کاراکتێر، پێگەی کەسایەتییەکانی ئەم شانۆیە ئەم سەرەڕای دۆخی بێماف بوون کە ساز کراوی بێ ¬وڵاتییە، سەرباز بوون و کرێکار بوونیش دەبنە هۆی دۆخێکی ژێردەستی کە هیچ بنکە و دەسەڵاتێک پارێزەری ماف و نوێنەرییان نییە. تەنانەت پێش شەڕیش بۆ کار ناچار بوون بچنە پایتەخت لە دۆخێکی نەشیاودا ژیاون بەڵام شەڕ وای لێکردوون کە هەستێکی نۆستالژیکیان بۆ ئەو کاتە ببێ. یەکێک لەو دیالۆگانە نیشاندەری دۆخی ژێردەستی کاراکتێرەکانە: "پێم بڵێ: جیاوازیی من چیە لەگەڵ ئەو خەڵکەی ئێستا وا لە شارەکاندا، لە خانووی خۆش و پەنجەرەبەندا، لەسەر سیسەمی نەرم و نیاندا، بێ خەم پاڵ کەوتوون و خەون دڵنیایی و پڕ ڕەنگ دەبینن" (هەمان. 14). دۆخی شەڕ، ژیانی سەخت و لە ناو چوونی بەهاکان، دڵەڕاوکێ و شێواویەکی زۆری ساز کردووە. گشت شتێک لەسەر سنوورە و هیچ ئەرخەیانیەک بوونی نییە و " دەبێ ئاگادار بی؛ نەوەک لە پڕ بتکوژم" (هەمان. 38) دۆخی نادیار و ناڕوونی دەروونی کاراتێرەکان نیشان دەدات کە لە ناڕوونی دۆخ و شوناسەوە ساز بووە. لە هزر و گوتاری ئەم شانۆنامە شتێک کە زۆر لە ناو دیالۆگەکان بەرچاوە، هەبوونی بزری ڕۆژاوایە. نووسەر هێشتا خۆی ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی ڕۆژاوا و چاندی نەبۆتەوو و شوێن کەسایەتی شانۆکەیش بە گشتی ڕۆژهەڵاتین، بەڵام سێبەری ئەویدیکەیی ڕۆژاوا بە دوو جۆر دیارە:

یەکەم چاو لە خۆ کردن بە پێوەری و چاویلکەی ڕۆژهەڵاتناسانەی ڕۆژاوایی کە لە خۆنامۆ بوونی سووژەی ڕۆژهەڵاتی کە سەعید و فانۆن باسی لێدەکەن نیشان دەدات، دووهەم وەکوو چاو لە ڕۆژاوا کردن وەک ناوەندی دنیا. بۆ شێوەی یەکەم دیالۆگی "مرۆڤ لەم ڕۆژهەڵاتەدا زۆر کەر و کەودەن و بێ عەقڵە؛ تەنانەت لەوانەیە لەسەر پارچە ئێسقانێکی سووتاویش بەشەڕ بێ !" (پیربال. 2000. ل 12 و 13) کە لە خۆنامۆیی ئەم ڕوانگەیە لە ئاستێک-دایە هیچ جیاوازی لەگەڵ توندترین نووسراوەی ڕۆژهەڵاتناسانی کۆلۆنیالی نییە. نەبوونی دەسەڵات و یاسا لە لایەکەوە و سنوورکێشانی هەڵچنراوی هەڵەی دەستی وڵاتانی داگیرگەیی لە ناوچەکە وای کردووە گێژاوێک ساز ببێت کە تاکی ڕۆژهەڵاتی برِوا بکات کە هەلومەرجی خراپی ژیانی خۆڕسک و زاتییە، کە ئەمە هەر ئەو ڕوانگەیە ڕۆژهەڵاتناسان هەوڵیان دا بۆ بەرەوا کردنی داگیرگەیی پەرەی پێبەن(کەریمی، 1402). شێوازی دووهەم لە گشت ئەو دیالۆگانەدا کە باس لە کۆچ بۆ ئورووپا دەکەن دەبیندرێت: "تۆ لەوێ یا لە هەر وڵاتێکی دیکەدا هەر ئیشێک بکەیت: ئەگەر دێوەریەکی بەینی شارەکانی کەنەدا بێت یان قاپشۆری چێشتخانەکانی ئەوروپا یا کرێکارێک بیت لە ئیتالیا، خۆ هیچ نەبێ تووشی هیچ بێ ئومێدی و ڕەنج بە خەسارییەکی وەک ئێرە نابیت"(پیربال. 2000. ل 16) کە گومان دەکەم بۆ شیکردنەوەی ئەم دیالۆگە پێویست بە هیچ شرۆڤەیەک ناکات. تانوپۆ و ڕووداوەکانی ئەم شانۆنامە وەک سەرجەم شانۆنامەکانی پیباڵ تنۆک و لاوازە و کردوەی دراماتیکی ئەوتۆی تیا بەدی ناکرێت. وەک هەندێک لە شانۆنامە ڕۆمانتیکەکان کاراکتێرەکان دیالۆگی دراماتیک و کردەوەداریان نییە زیاتر بە خۆبێژی خەریکی خۆدەبرِین و دەردەدڵ کردنن. بەڵام شتێک کە گرنگە نارِوونی و دڵەڕاوکێیە، کە لە تەنیا کردەوەی فیزیکی شانۆکە(دەستپێکی هێرش و هەڵهاتنی سەربازەکان) بە نادیار بوونی چارەنووسیان، "دەنگی ناڵە و هاوارێکی تاساو دەنگ دەداتەوە: لەوانەیە دەنگی سەربازی یەکەم بێت و کوژرابێت، بەڵام دەنگەکە زۆر لە دەنگی سەربازی دووەمیش دەچێت؛ لەوانەشە دەنگی هەردووکیان بێت بەیەکەوە. خۆ لەوانەشە دەنگی هیچ کامێکیان نەبێت" (هەمان. 44) نارِوونی چیرۆک نیشان دەدات کە خۆی نیشاندەری دۆخی ئاڵۆز و ناسەقامگیری ژیانی بێ-وڵاتانە. ئەو دۆخە زیا لەوەی بەرخۆدان ساز بکات مالیخولیا و دارِمانی ساز کردووە.

ب) حەشیشکێشەکان

حەشیشکێشەکان لە ساڵی 1991 لە پاریس نووسرا، دوای ئەوەی پیربالی نووسەر بە سەفەرێک درێژ و پڕ نەهامەتی توانی لە فەڕانسە خۆی بگرێتەوە. ڕوونە کۆچبەری، ئاوارەیی و بێ-وڵاتی تێمی سەرەکی ئەم بەرهەمەیە. شەش گەنجی کورد بە ناوەکانی هیوا، سیروان، بارام، ڕزگار و فەرەیدوون، هەر یەکەو لە بەشێکی کوردستانەوە لە ئاپاتمانێکی بچووک و فەقیرانە لە پاریس دەژین. کە لەسەر شانۆ نییە و لە دیوی تەنیشتە و بەس دەنگی دێت و باسی لێ دەکرێت، شاعرێکە کە تووشی دارِمانی دەروونی بووە و چەند جار ویستوویەتی خۆی بکووژێت بەڵام هاورێکانی نەیانهێشتووە؛ بەڵام ئێستا چیتر نایەنەوێ بەری بگرن و لێی ئەگەرێن تا خۆی بکووژێت و ئەوانیش بەرز ڕا گرتنی ناوی شێعرەکانی چاپ بکەنەوە. ئەم شانۆنامەیش زۆر کردوە و ڕووداوی کەمە و زیاتر لەسەر وت و وێرەی هەندێک گەنجی کۆچبەر سەبارەت بە خراپی ژیانی کۆچبەری، کوردستان، شەڕ و فەرەیدوون دەچێتە پێش و لە کۆتاییدا لە دووکەڵ و بۆنی حەشیش و بە خوێندنەوەی شێعرێکی فەرەیدوون کۆتایی پێدێت. بۆ شیکردنەوەی شوێن ئاپارتمانێکی بچووکە لە قەراغی پاریس، بەڵام گشت دانیشتووانی کوردن و باسی کوردستان زۆر زیاتر لە فەڕانسە دەبیسترێت. بە یەک کەلام دەکرێ بڵەین شوێن لەم شانۆنامەدا دابرِوا و هەڵقڵیشاوە. ئەتمۆسفێر تێکەڵاوی دوو چاند و نەریتی جیاوازە، نەک کوردییە، نە فەڕانسەوی؛ هەم کوردییە، هەم فەڕانسەوی.

ژوورەکە پیس و چەپەڵ و ئاڵۆزە، هەر وەک ژیانی کاراکتێرەکان. دۆخی دیاسپۆریک بۆتە هۆی ئەوەی کەسایەتییەکانی شانۆ ژیانی تاکەکەسییان نەبێت و شوناسیان ببێتە شوناسی کۆیی و هیچ کامە نەتوانێت ژیانێکی سەربەخۆ و تاکەکەسی پێک بێنن و خۆیشیان ئاگاداری ئەوەن: "بارام: ئێمە، نازانم بۆچی؛ بۆچی ناتوانین هەر یەکمان بۆ خۆمان بژین؟"(پیربال. 2000. ل 103). ئەمە گەیشتووتە ئاستێک کە دیالۆگەکانیشیان لە یەک بچێت و تایبەتمەندی جیاکەرەوەیان نییە. ئەم پەیوەندییە لەگەڵ ئەو کوردستانەی وا لێی هەڵهاتوون وای کردووە کە نەتوانن لە ژیانێکی نوێ ساز بکەن و بە هەر هەواڵێک کە پێیان دەگات تووشی شلەژان دەبن. دەکرێ بڵەین زەینی کاراکتێرەکان هێشتا لە کوردستانە و تەنانەت چالاکی سیاسی و فەرهەنگیشیان هەر بە کوردییە، کتێبەکەی فەریدوون و چالاکی سیاسی بارامیش. بەم دۆخە دەوترێ ترانس–ناسیونالیسم کە واتە نەتەوەخوازی لە دوور و دەری وڵات. لە درێژەی بابەتەکەدا شتێکی کە بەرچاوە و ئەویش بێ-وڵاتی فەرمی و نەبوونی بەڵگەنامەی پێناسە: "سیروان: ئاخ! فەرەنسییەکان، تەنانەت سەگەکانیشییان پەساپۆرتیان هەیە، کەچی من تەمەنم سی ساڵە، وەرە هیچ پەساپۆرتێکت نەبێ!"(هەمان. 107). ئاگامبێن لە هۆمۆساکر (1995) دەڵێت بەڵگەنامەی پێناسە پەیوەندی تاک و دەوڵەت–نەتەوە ساز دەکات و بە نەبوونیان، تاک تووشی دۆخی هۆمۆساکر دەبێت، کە بە بیۆلۆژی زیندووە بەڵام لە ڕوانگەی سیاسییەوە نا(ئاگامبێن، 1995). سیروان باش دەزانێت بە نبوونی پاسپۆرت لە سەگێکی فەڕانسەوی کەمترە. ئەوان خۆیان ئاگاداری دۆخی دەروونی خۆیانن و فەرەیدوون هەوڵی دابوو ئەمە لە هونەردا نیشان بات: "سیروان: ئینجا خۆ ئەو [فەرەیدوون] لە شێعرەکانیشدا، ئەو داڕووخانە ڕۆحییەی ئێمەی لە دوورە وڵاتیدا زۆر بە جوانی دەربڕیوە."(پیربال. 2000. ل 108). ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆ بە شوناسی ڕەوەند: " سیروان: ئاو هەمیشە تەنیایە! هەمیشە! فەرەیدوون خۆیشی هەر وای دەگوت! هیوا: لە کوردستانیش"(هەمان. 111) ڕوونکەرەوەی دۆخی هیبریدی ڕەوەندە کە چیتر هیچ وڵات و چاندێک نایگرێتە خۆ.

تانوپۆ و ڕووداوەکانی لەم حەشیشکێشەکاندا چڕ و پڕ نییە بەڵام بە گونجاوی هەلومەرجی تایبەتی شانۆیە؛ وت و وێرە و وتارە ئاڵۆزەکان، شێعر وتن، حەشیش کێشان، باس لەسەر کوشتنی فەرەیدوون، و نەکردنی هیچ کارێک ئاکامدا، نیشاندەری دۆخی شپرزی هەلومەرج و کاراکتێرەکانە کە بڕیار دان دژوار دەکات. گوتار و هزری ئەم شانۆنامە لە ژێر کاریگەری ژیانی دیاسپۆریک و ڕووبەڕوو بوونەی هەمبەر ئەویدی سەردەستی ڕۆژاوایی-دایە. ئەمە جۆرێک دووبەرەکی ڕق و ستایشی هاوکاتی ساز کردووە. ڕقەکە خۆی لە دژبەرەکی هەمبەر ڕەگەزپەرەستی و ڕوانگەی سەردەستی فەڕانسەویی خۆی دەردەخات. سەرەڕای خوێندن و ژیان لە یەکێک لە ناوەندەکانی دێمۆکراسی و فەلسەفەی ڕزگاریخوازی دنیا، هزر و بیری ڕۆژاوایی هەمووکات هەڵگری ڕوانگەیەکی سەردەستی و ئیمپریالیستی بەرنابەر تاک و گەلە ناڕۆژاواییەکانە.

تەنانەت زانست و ستانداردەکانی ژیانیش هەر بەو شێوە دەنوێنن. گێڕانەوەی تووڕەیی میسیۆ دەمخواری فەڕانسەوی لە فەرەیدوون بۆ کایە نەکردن لەگەڵ منداڵان و پێشنیار دانی بردنی بۆ "شێتخانە" وتەکانی فۆکۆ لەسەر مێژووی شێتیەتی و شارستانیەت و دەسەڵات و شێوەی ساز کردنی زانست ڕۆژاوایی دەهێنێتەوە بیر؛ یاوەکوو ترس لە ڕێکخراوە ڕەگەزپەرەستییە فەرەنسییەکان کە ئەگەر بە بۆنی ناخۆشی بزانن گشتیان ئەکوژن، نیشاندەری ڕەفتاری نابەرابەر نامرۆیی دژ بە کەمینەکانە. ئەو کەمینە بێ-وڵاتەی لە شەڕی ناوچەوی خۆی پەنای بۆ ئاشتی بیانی بردووە بەڵام هێشتا گیانی لە مەترسیداتە و مافەکانی نەپارێزراون. شێوازی دووهەم، ستایشی شارستانییەتی ڕۆژاوایی لە هەڵسەنگاندنی لەگەڵ ئەزموونی خۆیان لە کوردستانە. ئەویش بە دوو جۆری خودئاگا و ناخودئاگا لە دەقەکەدا بەدی دەکرێت.

خودئاگاکەی دەکرێ زۆر ئاشکرا لەو کاتەدا ببیندرێت کە باس لادێی بوونی(دواکەوتووی ڕۆژهەڵاتی) خۆیان دەکەن کە قەت ناتوانن بە شار(پێشکەوتووی ڕۆژاوایی) بگەن. بە زگماکی و خۆڕسک زانینی دواکەوتوویی و نەگۆڕبوونی ئەم دۆخە، یەکێک لەو بەڵگاندنەی تایبەتانەی ڕۆژاواییەکانە بۆ بەڕەوا کردنی داگیرکاری لە ئاست وڵاتانی دیکە کە بەیان کردنی لە دەم کاراکتێرەکی داگیرکراو لەخۆنامۆیی ستایشکارانە دەگەیەنێت. لە درێژەی ئەو باسەدا کە بارام دەپرسێت بۆ مەگەر ئێمە ئێستا لە پاریس(شار) نین، سیروان وڵامەکەی سەرەنجڕاکێشە: "بە مێشک هەر لەناو شاخ و داخەکانی خۆماندا دەژین"(پیربال، 2000، ل 118) ئەمە سەرەڕای نیشاندانی دۆخی ڕەوەندی شوێن و شوناس، مەحاڵ بوونی گۆڕان و ڕزگار بوون لە دەست هزری ئەو وڵاتەی بەجێهێڵێدراوە نیشان دەدات. فەرەیدوون وەک کاراکتێری سەرەکی کارەکە کە زۆربەی قسەکان و کردەوەکانی شانۆنامەکە سەبارەت بەو چندراوە، لەسەر شانۆ نییە و بەس دەنگی کۆکە، ئێش و ئازاری و بۆنی پیساییەکەی دێت، هەروەک ئەو کوردستانەی وێڵیان کردووە و ئێستا بوونی نییە بەڵام دەنگ و بۆنی لێیان ناگەڕێت. ئەمە بەس وادەکات پەنابەران پێیان لە وڵاتی خۆیان ببڕێت و نەیشتوانن لە وڵاتی نوێدا وەتوێن. لە نێوان دوو وڵاتدا دەژین، ڕقیان لە هەردووکیانە و هەردووکیشیان خۆشدەوێت. ئەم دۆخە سەرەڕای ئەوەی دارمانی دەروونی و مالیخولیا ساز دەکات– هەر ئەو جۆرەی بۆ کاراکتێرەکانی و خودی نووسەریشی ساز کردووە– دەبێتە هۆی ڕزگاری لە سنوورەکان و توانایی ڕخنە لە هەردوولا ساز دەکات. کەسی هیبریدی بە هۆی بێ–وڵاتییەکی دوولایەنە کەسێکی ئازاد بەڵام شێتە، یاخی و ڕادیکاڵە، بەڵام ناسەقامگیر و دارماویشە. جۆری ناخودئاگای ستایشکارانەی بەرانبەربوونەوە لەگەڵ ئەویدی سەردەستدا، خۆی لە هەندێک ئیرجاعاتی ئەدەبی دەردەخات کە لێکۆڵەر–ی ئەم دەقە– هەرچی هەوڵی دا نەیتوانی لە کتێبخانەکاندا وەیاندۆزێت وەکوو: «قورسایی سەر باڵی پەپوولە» و «چیرۆکی سۆلۆمۆن» کە پێدەچێت یان هەر بوونیان نەبێت یاوەکوو بەرهەمگەلێکی لاواز و ون بن کە وا وەرگێڕانیان بۆ نەکراوە، گریمانەشمان وایە کە ئەمە هەوڵێکی ناهوشیار بووە لە لەیان نووسەرەوە بۆ لاسایی(میمیکری) لە وێژەی نێواندەقی ڕۆژاوایی یان بۆ بایەخ دانی بە دەقەکەی خۆی بە پەیوەست کردنی بە دەقە ڕۆژاواییەکانەوە بە ئیرجاع دان.

## 5. ئاکام

لەم لێکۆڵینەوەدا هەوڵمان دا ڕەنگدانەوەی دراماتیکی بێوڵاتی لە جیهانی شانۆیی فەرهاد پیربال وێنا بکەین. نووسراوەکی ئێدوارد سەعید، هۆمی بابا و گایاتری سپیڤاک و چەمکەکانی خود و ئەویدی، هیبرید، لە–نێوان، میمکری، ژێردەست و دیاسپۆرا، ئامرازەکانی شیکاریمان بوون.
شانۆنامە نموونەکان هەر کامە و لە قۆناخێکی تایبەتی ژیانی پیربال نووسراون و سەرەڕای ناوەڕۆکی هاوتا، جیاوازی تایبەتییان هەیە؛ بە تایبەت لە تێگەیشتنیان لە بێوڵاتی و ڕەنگدانەوە تایبەتەکەیدا جیاوازن. لە شانۆنامەی یەکەم بێوڵاتیەکەی لە قەیرانی دەسەڵاتی مۆدێرنی کوردیەوە سەرچاوە دەگرێت بەڵام کاراکتێرەکان هێشتا لە کوردستانن؛ ڕاستە تووشی دابڕان بوون لە واتاکانی نیشتمان و سنوور و دۆخێکی ئاڵۆزیشیان هەیە بەڵام هێشتا هیوایەک بۆ ڕزگاری و ژیانی خۆش و ئاسوودە هەیە: کۆچ و ڕۆژاوا. لە شانۆنامەی دووهەمدا دەکرێ بڵەین سوژە تووشی بێوڵاتی دووقات دەبێت؛ سەرڕای قیرانی دەوڵەت و یاسا، پەیوەندی فیزیکی و فەرهەنگی لەگەڵ چاند و فەرهەنگی زێدی خۆی دەبڕێت، بێ ئەوەی کە بتوانێت بچێتە ناو چاندێکی نوێوە، بەڵام هێشتا زەین و هزری لە کوردستانە.

ئەمە دۆخی ناڕوونی و دابڕاوای زۆر زیاتر دەکات و شوناس و شوێن بە تاوێتی تووشی قڵشان دەکات. بەڵام ئەم بێوڵات بوونە دووقاتە شتێکی دیکە ساز دەکات ئەویش ڕزگاری هزری و توانایی ڕخنە گرتن لە هەردوو چاندەکەیە، کە بۆ ساز کردنی شتێکی نوێ کە ڕادیکاڵ و یاخییە بە کەڵک دێت. ئەم دۆخە هزری و ئەزموونەنانەی ژیانی نووسەر، دەبنە ئامرازێک بۆ ساز کردنی شانۆیەکی تایبەت، کە تێیدا شوێن هەمووکات لە سەرحەدێتیدایە، شوناس و کاراکتێر دووڕەگی و لە-نێواندان و تووشی دۆخی ژێردەستین، تانوپۆ و ڕووداوەکانی تنۆک و بێکردەوەن و لە ناڕوونی و بێڕووداویدا کۆتایی دێن، هزر و گوتاریشیان لە ژێر کاریگەری گوتاری داگیرگەیین بەڵام هەوڵی ڕخنەگری ڕادیکاڵ دەدەن و هەوڵیان وایە ژیانی ڕۆژانە و ئەزموونەکانی نووسەر ڤەنواندن بکەنەوە.

لە کۆتاییدا دەکرێ ئەم لێکۆڵینەوە ببێتە دەستپێکیک بۆ گوتارناسی و شیکاری شانۆی کوردی و بنەما دراماتیکە جیاوازەکانی، بە تایبەت بەراوردکای لەگەڵ شانۆی بێوڵاتانی دیکەی دنیا.


سەرچاوە کوردییەکان:

– پیرباڵ، فەرهاد(2000). حەشیشکێشەکان. هەولێر: بڵاوکراوەکانی وەرزارەتی ڕۆشنبیری.

سەرچاوە فارسییەکان:

– کریمی، جلیل(1402). نظریۀ پسااستعماری و کردشناسی. تهران: نشر نی.

– آرنت، هانا(1404). توتالیتاریسم. ترجمه محسن ثلاثی. تهران: نشر پارسه.

–آگامبن، جورجو(1403). هوموساکر. ترجمه مراد فرهادپور. تهران: نشر مرکز

– سعید، ادوارد(1402). شرق¬شناسی. ترجمه محمد غلامی. تهران: نشر علم.

– یانگ، رابرت(1399). اسطورۀ سفید. ترجمه جلیل کریمی. تهران: نشر پژوهشکده مطالعات فرهنگی و اجتماعی.

– دیانت، محسن(1391). نخبگان، ملی¬گرایی و دیاسپورای کرد. فصلنامه دولت¬پژوهشی، مجله دانشکده حقوق و علوم سیاسی، سال چهارم، شماره 51، پاییز 1391.

سەرچاوە لاتینەکان:

- https://www.unhcr.org/what-we-do/protect-human-rights/ending-statelessness/about-statelessness

- Washington University. (n.d.). An introduction to post-colonialism, post-colonial theory, and post-colonial literature [PDF]. Retrieved from https://art.washington.edu/sites/art/files/documents/about/an_introduction_to_post_colonialism_post_colonial_theory_and_post_colonial_literature.pdf

- Arendt, H. (1951). The Origins of Totalitarianism. New York: Harcourt, Brace & Co.

- Bhabha, H. K. (1994). The Location of Culture. London: Routledge.

- Clifford, J. (1997). Routes: Travel and Translation in the Late Twentieth Century. Cambridge, MA: Harvard University Press.

- Said, E. W. (1978). Orientalism. New York: Pantheon Books.

- Spivak, G. C. (1988). Can the Subaltern Speak? In C. Nelson & L. Grossberg (Eds.), Marxism and the Interpretation of Culture (pp. 271–313). Urbana: University of Illinois Press.



# توێژینەوەی پەیوەندییەکی هاوبەش نێوان چیرۆکبێژی یان پەردەخوێنی و شێوەکاری قاوەخانەیی

نووسەر: کەریم خاوەری

لە شانۆ نەریتە¬کانی کۆنەوەی ئێران، چیرۆکبێژی و پەردەخوێنی لە شێوەکاری قاوەخانەیی کەڵکیان وەردەگرت.
شێوەکاری قاوەخانەیی، لەبواری بابەتەوە پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ تەعزیە هەیە، بۆ ئەوەی بابەتی وێنەگەلی قاوەخانەیی حەماسە و ئازایەتی ئایینی و نەتەوایەتی و نەریتیە. ئێستا پرسیار ئەوەیە،چیرۆکبێژانی ئایینی و غەیرەئایینی، کەی و چۆن و بەکاریگەریوەرگرتن لە چ شتێک، چیرۆکبێژی خۆیان لەگەڵ وێنە تێکەڵ کرد؟
لە پێش ئیسلام، جۆرێک چیرۆکبێژی بە ناوی "قەوالی" بووە کە لە تێکەڵاوی گێڕانەوەی چیرۆک و لێدانی یەک ساز پێکهاتوو بوو. بەڵام بەهۆی سنووردرابوونی مۆسیقا لەو سەردەمەدا، ئەم هونەرە لە سازی خۆی دابڕا، و تەنها "گێڕانەوەی ڕووداو"ی لێ بەجێ مایەوە. چیرۆکبێژان، بۆ پڕکردنەوەی ئەم ناتەواویە، بە پشتبەستن بە دەورگێڕان و ڕوونکردنەوەی دەربڕینی وتەکان، دەست بە گەشەدانی وتە و گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان کرد. یەکێک لە شانۆ سەربەخۆکان کە دوای هاتنی ئیسلام، شێوازێکی بەربڵاو و شانۆیی بەخۆی گرت، چیرۆکبێژی بوو.
دواتر چیرۆکبێژی، بە شێوەگەلی جیاواز پەرەی سەند و ڕووناکییەکی نوێی پێدا کرد. وێنەگەڕاندن و پەردەخوێنی جۆرێک چیرۆکبێژی بوو کە لە ناوەرۆکیاندا حەماسە و پاڵەوانییەتیەکان و ئەفسانە و چیرۆکەخەیاڵیەکانی نەتەوایەتی و ئایینی، بە شێوەی وێنەیی لەسەر پەردەیەک نیشان دەدران. پەردەخوێن، بە پاڵپشتی لەسەر شێوەیەکی تایبەتی وتەکان و هەست و هەوڵی بینەران، چیرۆکەکە دەگێڕایەوە. ئەوان پەردەگەلێکیان بەکاردەهێنا کە چیرۆکی گەورە و بچووکی لەسەر وێنەکرا بوو. لە ئەم وتارەدا، هەندێک لە ئەو دیمەن و وێنە بەڵگەدارانە نیشان دەدرێن و بە کورتی بە هەندێک لایەنی ئەم هونەرانە ئاماژە دەکرێت.
**وشەگەلی سەرەکی:** شانۆی سوننەتی، چیرۆک بێژی، پەردەخوێنی، شێوەکاری قاوەخانەیی درووست کردنی خەیاڵ
(شێوەکاری قاوەخانەیی) جۆرێک نیگارکێشیە کە بەهۆی کێشاندنیان لە قاوەخانەکاندا، وەکوو کارگەیەکی ڕەنگ و چیرۆک بەکارهێنراوە و هەروەها بەهۆی ئەوەی کە لە قاوەخانەکان هەڵدەواسران و چیرۆکبێژەکان بەکاریان دەهێنان، بە شێوەکاری قاوەخانەیی ناوبانگیان دەرکردووە. هاوکات لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگاکانی شارەکان، گۆڕەپانەکان و بازاڕەکان و کاروانسەراکان و قاوەخانەکان و تەکیەکان و هەندێتر لەو جێگا قەرەباڵغانەی ناو شار، بوون بە شوێنی گەنگەشە و چیرۆکگێڕاندنەوە. چیرۆکبێژەکان، بە ڕێکخستنی مەعرەکە و بەکارهێنانی دەنگ و هەست، بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ هەست و زەوقی کۆمەڵگا دەستیان دەکرد بە گوتنی چیرۆکەکانیان. لە سەردەمی سەفەویەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی قاوەخانەکان، ئەم شوێنە بوو بە سەرەکیترین جێگای گێڕانەوەی چیرۆک. مەعرەکەگێڕان، دەستفرۆشەکان، چیرۆکبێژەکان، شاهنامەخوێنان و پەردەخوێنان، بە سوودوەرگرتن قەرەباڵغی ئەم قاوەخانانە کە لە قەراخی بازاڕ و گۆڕەپان و کاروانسەرا و ...

درووست بووبوون، دەستیان کرد بە گێڕانەوە و گەیاندنی ئەم بەشە لە دابونەریتی زارەکی.

## پەیوەندی هاوبەش نێوان چیرۆکبێژی و پەردەخوێنی لەگەڵ شێوەکاری قاوەخانەیی

وێنەی ناسراو بە شێوەکاری قاوەخانەیی، بەپێچەوانەی لایەنەکانی نیگارکێشی ئاکادیمی و وێنەکێشی نوێ، لە دەرەوەی چوارچێوەی هونەری فەرمی گەشەی کردووە. ئەم جۆرە نیگارکێشیە، بە سەرچاوەی هونەری گەلی و ئایینی و بە کاریگەری وەرگرتن لەسەر شێوەیەکانی وێنەکردنی سروشتیی ئەو کاتە، لەلایەن هونەرمەندانێکی مەکتەب نەبینراو درووست بووە.

توێژەران، پێشینەی "نیگارکێشی عەـوامانە" ئایینی لە ئێراندا، بۆ سەردەمی سەفەوی دەگەڕێننەوە.

قاوەخانەکان، ناوەندێکن بۆ چالاکی و کۆڕی ئایینی و غەیری ئایینی. (قاوەخانەکان لە ڕاستیدا میوانخانەن و لەکۆنەوە بە قاوەخانەکان ناوبانگیان دەرکردووە. بۆئەوەی لە قاوەخانەکاندا تا نیوەی دووهەمی قەرنی نۆزدەیەم لەبری چایی، قاوەیان دەدا بە خەڵک.)

بە درووستبوونی قاوەخانەکان لەسەردەمی سەفەویە و کۆبوونەوەی خەڵک لەم جێگایە، چیرۆکبێژەکان کە لە کۆڵان و شەقامەکاندا وەک سەرلێشێواو وابوون، وردەوردە چوونە ناو قاوەخانەکان. تا ئەو ڕادەیەی کە تا سەردەمانی دواتریش، زۆر بەدەگمەن قاوەخانەیەک بدۆزرایەتەوە کە نیشانێک لە شاهنامەخوێنەکان و چیرۆکبێژەکانی تێدا نەبێت.

لەپاڵ گەشەکردن و پەرەسەندنی ئەم هونەرەدایە کە شێوەکاری قاوەخانەیی بە تایبەتمەندییەکانی خۆی و کاریگەری وەرگرتن لە چیرۆکبێژی، لەم جێگایەدا ڕووناکی پێدا کرد و یەکەمین بەرهەمەکان کە دەسکەوتی بیستنی دەنگی گەرم و پڕهەستی چیرۆک بێژانە، لەسەر دیوار و دەرگای قهوەخانەکان دەردەکەون کە چیرۆکبێژەکان لەگەرمەی قسەکردندا، جارجارێک ئاماژەیان بەم وێنەکێشراوانە دەکرد.

چیرۆکبێژێک لە ناو قاوەخانە، ڕووبەڕووی وێنە یا تابلۆیەک، دەستی بە چیرۆکبێژی دەکرد و هەندێ جار بینەرانی دەحەبەسان و سەرنجی خەڵکی بۆ بابەتی وێنەکە و تابلۆکە ڕادەکێشا. چیرۆکبێژ، بەهۆی ڕەوانبێژی و وێناکردنی بابەتەکە بۆ بینەران، کەش و جەوێکی تایبەتی بەدیدەهێنا. جوڵە و شێوازی دەربڕینی چیرۆکەکە وەکوو شانۆ بوو.

لە یەکێک لە قۆناغەکانی گەشەی چیرۆکبێژی، وێناکردنی ڕووداوەکان، سەرنجڕاکێشی خەڵکی بۆ لای ئەوان زیاتر کرد بە تایبەتی لە چیرۆکبێژی ئایینی، جۆرێک چیرۆکبێژی بە ناوی "پەردەخوێنی" بەدیهات. پێش پەردەخوێنی، وێنەخوێنی ڕەسمێ لە پەروەردگارێک یان قەدیسێک (کچ یان ژنی خاوەن پێوەندی لەگەڵ خوا و فریشتەکانیدا) نیشان دەدرا و دوای ئەوە، پەردەی گەورە و پڕ ڕووداو درووست کرا. پەردەخوێنی لە سەردەمی سەفەویەوە دەستپێکرد. مامۆستا نەقی سەباغ، کە دوایین بەجێماوی بەرەی پەردەکێش و پەردەخوێنیە، دەڵێت: "هەر پەردەیەک، یەک دەرگای هەیە، کە لەوەوە دەچینە ناو چیرۆکەکە. پەردەکان جیاوازن، هەر پەردەیەک دار و چێوی تایبەتی هەیە. بۆ دەستپێکردنی هەر پەردەیە، یەکەمجار 'ئاریکاری' دەکەین (پێشڕووداوخوێنی)، دوای ئەوە 'تەوجیدییە' دەخوێنرێت، پاشان چیرۆکی سەرەکی، کە دەبێت بنەمای لە ڕاستیدا بێت."

(وتووێژێک لەگەڵ مامۆستا نەقی سەباغ لە قاوەخانەی بەهارستان، شاری هەمەدان، پاییزی 1386) چیرۆکوتن لە زۆر پێشترەوە لە ناو قاوەخانەکاندا بەڕێوە چووە کاتێک شێوەکاری پەردەخوێنی لە ئێران بە شێوەیەکی گشتی بڵاو بوو، قاوەخانەکان لەڕاستیدا گۆڕان بۆ کارگەی نیگارکێشی.

ئەو وێنەکێشەی خەیاڵ هەڵدەخڕێنێ یان بیر و وێنای خۆشی بە زەین‌دا دەهات، ئەگەر لە جۆری وێنەکێشانی بێ‌ماڵ وحاڵ بوو، ماوەیەک لە قاوەخانەیەک دەمایەوە، شەوانە لە هەمان شوێن دەخەوت و بەڕۆژدا، بەبێ ئەوەی خەڵک بێزار بکات یان خۆی

بێزار بێت لە خەڵک، بە ئارامی دەستی بە نیگارکێشی دەکرد. بابەتی وێنەکانە، وەک چیرۆکبێژی، دوو بەش بوو، یەکەم حەماسەی ئایینی و دووهەم حەماسەی نەتەوەیی و نیشتمانی. بابەت بۆ ئەم وێنەگەلە، گرنگتر بوو لە پێبەندی بە ڕێکووپێکی و ڕێکار و شێواز و تێکنیک‌گەلی باو و ئەکادیمی.

**ئاقاسی، لە کتێبی " شێوەکاری قاوەخانەیی" دەڵێت:**

«...ئێمە کارمان نەبوو بە ئەوەی کە بنەماکەی چیرۆکەکە چییە. ئەوەی چیرۆکبێژان دەیانوت و خەڵکی داوایان دەکرد، بۆمان وێنا دەکردن. خەڵک خۆشەویستیان بۆ ڕۆستەم بوو، چونکە پاڵەوانی وڵاتی خۆیان بوو، پەندیان لێوەردەگرت و جوامێری و غیرەتی لێ فێر دەبوون. تەنانەت هەندێ جار داوایان دەکرد کە چەقۆکەی ڕۆستەم نەکەین بە لاپەراسووی سوهرابی کوڕی، چونکوو لە مردنی سوهراب بێزار بوون.» ئەوەی خەڵک بڕوایان پێی بوو دەیکرد بە بنەما، چونکە خۆی یەکێک بوو لەوانە. بۆیە، بایەخی ڕاستەقینەی شێوەکاری قاوەخانەیی، لە خەڵکی‌بوون و ساکاری وتنی بابەتەکەیە.

قاوەخانە بە ئاخێزگەی ئەم جۆرە وێناکێشییە دەزانن (بۆ ئەوەی جگەلەوەی کە پێوەندییەکی نزیکی لەگەڵ چیرۆکبێژی هەبوو، خاوەنانی قاوەخانە، یەکەم کەسانێ بوون کە داوای کێشاندنی ئەم جۆرە وێنایانەیان دەکرد.) نیگارکێش، لەسەر باوەڕ و حەزی خۆی، و لەڕێگەی ئەزموونگەری، فەن و شێوازی پەردەکێشی بۆیە فێر بووبوو.

ئەو، شێوە و ئامرازەکانی دەربڕین، لە سەر زەـوق و کارپێکی و ڕێگای تایبەتی خۆی بەکار دەهێنا. ئامانجی، ڕوونی و ساکاری دەربڕین و کاریگەرییەکی زۆرتر لەسەر بەردەنگ بوو. بۆیە، زۆرجار لە پەردەکانی، ناوی کاراکتەرەکانی لەقەراخ وێنەکەیان دەنووسی. کاراکتەری سەرەکی، گەورەتر لە کاراکتەری ناسەرەکی نیشان دەدا. بۆ نموونە:

پەردەی یەک: "سوهراب بە دەستی ڕۆستەم دەکوژرێت." قەڵایەک بە دارگەلی سەوزەوە لەسەر تەپۆڵکەیەک، لەناوەڕاستی وێنەدا، سوپاییەکان سوار لەسەر ئەسپ، بە ڕمب و کەڕەنا و ئاڵا، لە پاشی چەپ و ڕاستی وێنە، بچووکتر وێنا کراوە و سوهراب، لە پێشەوەی وێنە، بە جۆرێکی درامایەتی، وەک کاراکتەری سەرەکی پەردە، گەورەتر و ڕوونتر نیشان دراوە. نیگارکێش، ڕێسا دیاریکراوەکانی بۆ جەختکردن لەسەر لایەنی باش و خراپی کاراکتەرەکان بەکاردەهێنا. بەڵام، پێبەندبوون بە چیرۆک، هیچکات ڕێگری نەدەکرد لە دروستکردنی هێماکانی چیرۆکبێژ. ئەم خاڵە لە کاری چیرۆکبێژان، گەشەیەکی گەورەی دا بە خوڵقان و کامڵکردنی چیرۆکبێژی. هەست و ڕەفتاری درامایەتی، لە ناو چیرۆکبێژی، ڕووناکی پەیدا کرد. دەتوانین بڵێین لەم قۆناغەدا، گێڕانەوەی چیرۆک، بە شێوەیەکی بەرز، گۆڕدرا بۆ شانۆیەکی تاکەکەسی. بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و هەستیار چیرۆکبێژەکان، لە کاتی گێڕانەوە و نواندن و بەڕێوەبردنی چیرۆک، لە یەک کاتدا، ئەرکی ڕاگەیاندنی بواری هەست و ڕەفتاری باش و خراپی کاراکتەرەکانی چیرۆکیان لە ئەستۆ بوو. چیرۆکبێژ بە ڕوانینی تایبەت بۆ جێگایەکی تایبەت، کاردانەوەکانی، هاوارکردن، ڕاکردن و بەئامێرێکی وەکوو داردەست کە هەندێ جار دەیکرد بە تیر و کەوان یان شمشێر یان پاڵگە یان ئەسپ و ...، نواندنی دەکرد. وشەکان، جەستە، ئامراز، کە ئەوپەڕەکەی داردەستێکە و هەندێ جاریش نووسراوەی لوولدراو، تاکەپێداویستی‌گەلێکن چیرۆکبێژی حەماسەیی بەکاری دەهێنێ بۆ دروستکردنی بەهێزترین شێوەی شانۆی تاکەکەسی، و یەکێک لە گرنگترین ئاخێزگەکانی شانۆی نەتەوەییە. ئەگەرچی شێوەکاری قاوەخانەیی، زۆر و کەم، هەندێک شێوەی بەرزکردنەوە و قووڵڕوانین بەکار دەهێنێت، بەڵام پەردەکان بە شێوەیەکی ئازاد و بەدور لە گەڕانەی ڕاستەوخۆ بۆ مۆدێل، دێنێتە سەر وێنە. جیهانی ئێمە سێ ڕەهەندیە، بەڵام ئەو ئامرازانە هونەرمەندی هونەری وێنایی بەکاری دێنێت، دوو ڕەهەندیە، بەتایبەت ئەو هونەرمەندانەی کە لەسەر دیزاین،

و نیگارکێشی، هونەری چاپی و پەیوەندییەکانی وێنەیی کاردەکەن. یـــەکەمین دیمەنی فەزایی، لەسەر ئاستـــی دوو ڕەهەندی و بە بـــەکارهێنانـــی پرسپێکتیڤ (قووڵنیشاندەر) درووست کراوە.

واتە، هونەرمەند، بە پێی ئاستی کەسایەتی یان گرنگیی بابەت یان شوێنی کاراکتەر، بۆشایی زیاتریان بۆ دیاری دەکات و پێکهاتی دیاریکراو لەسەر ئەو بنەما دادەنێت. لەم کەشخۆڵقێنیانە لە وێنەی قاوەخانەیی ئێران، وێنە ئایینییەکانی وڵاتی ڕووسیا، و وێنەی سەردەمی گۆتیکییەکان لە ئەورووپا، نموونەی زۆریان لێ بەجێماون. پەردەی دووهەم: شەڕی حەوت لەشکر شەڕێ ڕۆستەم و ئەشکبووس. بابەتی ئەم وێنەیە، شەڕی حەوت لەشکرە کە یەکێک بووە لەو بابەتە سەرنجڕاکێشانە کە لە تابلۆگەلی شەڕ، لایەنگری زۆری بووە. لە پێشەوەی وێنە، ڕۆستەم و ئەشکبووس، هەرچەندە لە پێشەوەی ڕیزبەندیی سپایەکانی هەردوو لا، گەورەتر نیشان دەدرێن. لە ناوەڕاستی وێنە، پێچەوانەی ئەم شێوەیە دووبارە کراوەتەوە: سپایەکان بە ڕەنگی سارد و خۆڵەمێشی و بچووکتر لە ڕۆستەم و ئەشکبووس، نیشان دراون.

لە ئەم پەردەیەدا، نیگارکێش، بە پەیوەندی بە شوێن و گرنگیی کاراکتەرەکان، لەسەر ڕووی دووڕەهەندی، قووڵایی و بۆشایی درووست کردووە. چیرۆکبێژیش، لەسەر هەستەکانی بینەر، بە بەکارهێنانی چیرۆکی سەرنجڕاکێش، قسەی خۆش، دەسەڵاتی ڕۆحی لەسەر کۆمەڵ، و نواندنی درامایەتی، قارەمانەکانی چیرۆک ـ کە زۆرجار بە شێوەیەکی سەیروسەمەرە گەورەکراون ـ بە شێوەیەکی هەستیار نیشان دەدات، وەک ئەکتەرێکی تاکەکەسی کە هەموو کاراکتەرەکانی پەردەی شانۆیی لە خۆی دەگرێت.

هەوڵی نیگارکێشی قاوەخانەیی بۆ ڕوونکردنەوەی سەحنە و نیشاندانی تایبەتمەندییەکانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤ، هەمیشە بە کاریگەریی گرتن لەو هێزانەن کە باسمان کرد. ئەو، بەم پاڵنەرە ئەخلاقی و بڕواییە و لەسەر مەنتقی گێڕانەوەی پەردەکانی، گرێبەستگەلێکی تایبەت لە شێوەی نیشاندانی جەستەکان و جلوبەرگەکان و هەڵبژاردنی ڕەنگ و ڕیزبەندی ڕێکدەخات. لە ڕێکخستنی "ناکۆجێ"، هێمانگەلی جیاواز، مرۆڤ، سروشت و کەرەستە ـ لە چەند شوێنی جیاوازدا پەخش دەبن و هەر یەک بە شێوەیەکی تایبەتی، لە ڕووی پێکهاتی گشتیی وێنە، ڕۆڵێکی دیاریکراویان هەیە. لە ئەم جۆرە ڕێکخستنی وێنەییە، چاو لە یەک خاڵی دیاریکراو ڕاناوەستێ و گەشتێکی هاوئاهەنگی بە هەموو وێنەکەدا هەیە. بینەر، لە ناو ئەم جۆرە وێنەگەلەدا دەچێتە ناو ئەزموونێکی بێوێنە لە ڕووی ڕووناکی و ڕەنگەوە کە لە وێنەیتردا بەکەمی بینیویەتی.

یەکێک لە نموونەکانی دیاریکراوی ئەم شێوەی ڕێکخستنە، نیگارگەری نەریتی ئێرانە. نیگارگەری سوننەتی ئێران، هەست و هەڵوەشاندنەوەیەکی ڕەوشتەی هەیە، کە لە یەک ڕوو بۆ ڕووی تر دەچێت، وەک گەشتێکی ڕۆحی، لە بینەر، هەستێکی عارفانە درووست دەکات. شێوەکاری قاوەخانەیی کە خستنەڕووی ژیرانەی ئەو جیهانبینییەیە، بینەر لەگەڵ خۆی دەبات بۆ گەڕاندن لەناو شوێنە جیاوازەکانی وێنەکە و بە هەر جووڵەیەک، چیرۆکێکی نوێ دەگێڕێتەوە. لە پەردەی سێیەم "تێپەڕبوونی سیاوەش لە ئاگری تاقیکردنەوە"، بە پەیوەندی بە ئەو ڕەگەزانەی کە لە ناو پەردەدا پەرش و بڵاو بوون، باسی وێنەکە دەکەین: سیاوەش، لە پێشەوەی چەپ، لە کاتی تێپەڕبوون لە ئاگر، نیشان دەدرێت. سپایەکانی پاشەکەوتی، لە پێشەوەی ڕاست، بەدوای ئەو دەچن. خەڵک، لە سەرەوەی چەپ، لە کاتی سەیر کردنی ئەو ڕووداوە، نیشان دەدرێن. لە پشتەوەی خەڵک، ڕیزەکانی ڕمبەکان و ئاڵاکان، لە سەرەوەی ڕاست، نیشان دەدرێن. ناوەوەی کۆشکێک، بە چوار بەشی وەکیەک دابەش بووە، و خەڵک لە هەر پەنجەرەیەک، بە گۆشەنیگایەکی جیاواز، سەیری بە تێپەڕبوونی سیاوەش لە ئاگر دەکەن.

ئەمەش، هەست و جووڵانەوە لە یەک ڕوو بۆ ڕوویەکیتر نیشان دەدات. چاوی بینەر، لە هەموو ناوەڕاستی پەردەدا، بە گەشتێکی هاوئاهەنگ دەخولێتەوە.

ئەم پەردانە، بەهۆی لەدوای‌یەکبوونی گێڕانەوەی وێنەکان، لەواقیعدا وەکوو پیشاندانی چەند بەش لە یەک شانۆی چیرۆکین. شێوەکاری قاوەخانەیی، چیرۆکبێژییەکی بە ڕەنگ و دەنگە. هەردوو، بە یەکەوە، چاو و گوێی بینەر دەخەنە ناو جیهانی چیرۆک. زۆرێک لە هونەرمەندانی گەورە، "چیرۆکبێژان"، گێڕانەوەی ئەم چیرۆکانەیان لەئەستۆ بوو. بە ئەم شێوەیە بوونە هۆکار و ڕازێنەر بۆ تۆمارکردنی وێنەی زۆرێک لەو چیرۆکە نەتەوەیی و ئایینیانە و هەروەها ڕووداوەکانی ڕۆژانە. ئەوەی لە ڕووی شانۆیی گرنگە، گێڕانەوەی چیرۆکبێژانە لە کاتی چیرۆکگێڕاندنەوە و هۆنراوەگەلی حەماسی، کە لە کاتی گوتن، نواندنێکی درامایەتیان لەخۆیان نیشان داوە و بێگومان ئەو نواندنە درامایانە، هەستێکی وای لە بینەر و بیسەر بەدی‌دەهێنا و وا سەرنجی ڕادەکێشا، وەک فلیمێک ببینێت.

لە هەندێک کاری شانۆیی، فەزای تەجەسسومی بە شێوەیەکی تێکەڵاو لە کەشخولقێنی ڕاستەقینە و دووڕەهەندی نیشان دەدرێت. لە شێوەی فەزای هاوکاتبوون، هونەرمەند، بەبێ پابەندبوون بە یاساکانی سێ‌ڕەهەندی لە هەموو وێنەکەدا، ڕێکخستنی کاری خۆی لە شوێنە جیاوازەکان بە شێوەیەکی هاوکاتی و هاوتەریب درووست دەکات. هەمانکات، هەوڵ دەدات بە نیشاندانی ڕووداوە جیاوازەکان لە شوێنە جیاوازەکان، فەزای ناوەوە و دەرەوە تێکەڵ بکات.

پەردەی چوارەم: "ڕۆستەم، بیژەن لە چاڵ دەهێنێتە دەرەوە".

لە فەزای هاوکاتی ئەم نیگارە، ڕۆستەم بە هاوڕێیی سپایەکانی، لە لەقەراخی چاڵێک، گوریسێکی لەدەستە و خەریکە بیژەن دەهێنێتە دەرەوە، لە لای چەپ نیشان دەدرێت.

منیژە و هاودەمەکەی، لە لای ڕاستی وێنە، تماشای ئەو ڕووداوە دەکەن.

ناو چاڵەکە، بە لاکێشەیەکی ڕەش، لە یەکسێی پێشەوەی تابلۆکە نیشان دراوە کە بیژەن ئەو سەرەکەی گوریسەکەی لە دەستە. نیگارکێش، بە درامایەک، دوو ڕووداو لە دوو شوێنی جیاواز نیشان دەدات: ناو و دەرەوەی چاڵەکە. زۆرجار لە ئەم وێنانە، شوێن و ڕووداوە جیاوازەکان بە هاوکات نیشان دەدرێن، و بە ئەم شێوەیە، وێنەکە نزیک دەبێتەوە بە گێڕانەوەی چیرۆک، و فەزای تەجەسسومی گەشە دەکات.

جوڵەی شانۆیی دژەیەکی لە یەک پەردەدا کە فەزای جیاواز نیشان دەدات و هەروەها نواندنی دوو یا چەن کەسایەتی، لێهاتوویی و کارامەیی تایبەتی دەویست و ئەم بابەتە سەرنجڕاکێشییەکی تایبەتی دا بە کاری چیرۆکبێژان. چونکە چیرۆکبێژ دەبێت بە تەواوی سەحنەی چیرۆکەکە لە خۆی بگرێت. چیرۆکبێژان جگەلەوەی دەبێ خاوەنی زەینی چالاک، بیروزەینی بەتوانا و دەنگی خۆش بن و مۆسیقا و کێشی شیعری بزانن، دەبێ فەن و زانستی هەندێ وەرزشی نیشتیمانی وەک شمشێربازی و زۆرانی پاڵەوانی فێر بوونایەت. درووستکردنی جلوبەرگی تایبەتی و میکیاج و بەکارهێنانی گۆچان، بوو بەهۆی چنمانی تایبەت و هێمایەتی چیرۆکبێژی. فێربوونی مۆسیقا و ئاواز و چۆنیەتیی دەربڕینی دەنگ بە بەرزی و نزمی تایبەتەوە، بوونە بنەمای سەرەکی کاری چیرۆکبێژان. چیرۆکبێژ، وەک شانۆیەکی تاکەکەسی، لە ناو قاوەخانە، دەبێتە ئەکتەر، مۆسیقاژەن، پاڵەوان، و ڕووناکیی چیرۆک. هەموو ئەو شتانەی هەستی بەردەنگ دەبزوێنێت ، چیرۆک بێژ دەبێت لە خۆی بگرێت.

## کۆتایی

وەک پێشتر باسمان کرد، قاوەخانەکان بوون بە ناوەندی چالاکییەکانی ئایینی و کۆڕی ئایینی و غەیری‌ئایینی. نیگارکێشان، وێنەی ئایینی و حەماسییەکانی شاهنامەیان دەکێشا و ئەم وێنەگەلە لەیەک دەچوون و بەهۆی ئەو



هاوشێوەییە، بە ناوی "شێوەکاری قاوەخانەیی" ناسراون. پەردەگەلێکی گەورە لەسەر دیوار یان بووم شێوەکاری، بە بابەتی ئایینی، ئەمڕۆ بە وێنەی مەڵبەند، سادە، عەوامانەی قاوەخانەیی ناویان لێدەبرێت کە لەوپەڕی گەشەکردن، لەقەواری گەورە، لە چیرۆکگەلی درامایی ئایینی سەردەمی قاجارِ وەرگیراون و گەشەی تێدا دیارە. تەعزیە، لە وێنەی گێڕانەوەئاسا لەسەر بووم کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و ئەم وێنەگەلە ڕێگایان خۆش کرد بۆ شانۆی تاکەکەسی بەناو پەردەداری. پەردەداری، چیرۆکبێژی لەسەر شێوەکاریە. شێوەیەک لە پێداویستییەکانی جێبەجێ کردنی چیرۆکگێڕانەوە (چیرۆکبێژی بەکەڵک وەرگتن لە شێوەکاری) یان بەواتایەکیتر دەرهێنەری و کاربەڕێوەبەری شێوەکاری ئایینی و حەماسی کێشراو لە یەک پەردە و گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان لەلایەن چیرۆکبێژ. چیرۆکبێژی، شانۆی تاکەکەسیە و چیرۆکبێژ تاکە ئەکتەری بەرچاوی بینەرانە کە هەم لە ڕوانگەی خاوەن چیرۆک، دەیگێڕێتەوە هەم لەجێگای کەسایەتیەکان نواندن  دەکات و هەم لەڕوانگەی ئەوانیشەوە دەیگێڕێتەوە. لەشانۆ کۆنەکانی ئێران، پەردەخوێنی و چیرۆکبێژی، لە شێوەکاری قاوەخانەیی کەڵکیان وەرگرتووە. شێوەکاری قاوەخانەیی، بەرهەمی هونەرمەندانی کۆڵان و بازاڕەکانە کە زۆر سادە و بێدەمار بوون کە بۆ باسکردنی ڕاستییەکان و ئازایەتی و جوامێریەکان و ناحەزنیشاندانی پیسی و ناپیاوی و بێغیرەتی بە وێنەکانیان لەلای شینگێڕان و چیرۆکبێژان پەردەگەلێکی گەورەیان دروست دەکرد و لە تەکیەکان و کۆڵانەکان و کۆڕەکاندا بەشدارییان دەکرد. هەروەها  لە ڕووی حەماسەی نەتەوەیی و کۆن و ئەوانەیەی خەڵک حەز و باوەڕی پێی بوو، دەیانکێشا. بەدیهێنانی جوڵەی شانۆیی و بەزۆری بەکارهێنانیان لەلایەن چیرۆکبێژ، چیرۆک بێژی لە هونەری گوێگرتن گۆڕا بۆ شانۆی درامایەتی ـ گوێگرتنی. بە پەیوەندی بە ئەو بابەتانەی سەرەوە، دەتوانین بڵێین شێوەکاری، زۆرجار، لەخزمەت زیندووکردنەوەی ئایینەکان و ڕێوڕەسمی ئایینی بووە. بە واتایەکیتر لە هەموو شوێنێ، جۆری شێوەکاری و جۆری دەربڕین لە وێنە زۆرکۆنەکاندا، بەشێوەیەکە وەک ئەوەیە وێنەکێش، بە هەموو توانای درامایەتی، هەوڵی داوە بۆ تۆمارکردنی ئەو بابەتانە بۆ داهاتوو.






پرده 2) جنگ هفت لشکر






پرده 4) رستم بیژن را از چاه بیرون می آورد



## داخوازییەکی ستراتیژیی کەلتووری بەناو  ماڵی شانۆی کوردی :

■ عەلی سوهرابی

وادەگاتە بەرنەزەر کە دوای 20خولی کارامەی فستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز،دامەزراندنی دەزگایەکی سەربەخۆ و ناوەندی بۆ هونەری شانۆی کوردی، پێویستییەکی حاشا هەڵنەگربێت. ئەم دام و دەزگایە، کە لێرەدا بە "ماڵی شانۆی کوردی" ناوی دەبەم، دەبێتە ناوەندێک بۆ ناسنامە، گەشەپێدان و پەرەپێدانی شانۆی کوردی.

### پێویستی دامەزراندنی ماڵی شانۆی کوردی

پێویستی دامەزراندنی ماڵی شانۆی کوردی لە چەندین ئاڵنگاری و دەرفەتی بنەڕەتییەوە سەرچاوە دەگرێت:

ئەلف) پاراستن و پەرەپێدانی ناسنامەی کەلتووری:

شانۆ وەک ئاوێنەی کۆمەڵگە، ئامرازێکی بێهاوتایە بۆ پاراستن، نوێنەرایەتیکردن و دووبارە بەرهەمهێنانەوەی زمان، نەریتەکان، ئەفسانەکان، مۆسیقا و مێژووی پڕبایەخی کورد. ماڵی شانۆ دەتوانێت بە تەرکیزکردن لەسەر نووسینی شانۆنامەی خۆجێیی و وەرگێڕانی داهێنەرانە لە ئەدەبیاتی زارەکی و نووسراوی کوردی، ڕەسەنایەتی کەلتووری مسۆگەر بکات.

ب) ڕێکخستن و پشتیوانیی سەندیکایی:

هونەرمەندانی شانۆی کوردی زۆرجار ڕووبەڕووی کێشەی سەندیکایی، دارایی و نەبوونی شوێنی هەمیشەیی و گونجاوبۆ بەرهەمهێنان و نمایش دەبنەوە. ماڵی شانۆ وەک ڕێکخراوێکی سەندیکایی سەربەخۆ، دەتوانێت پارێزەری مافە مادی و مەعنەوییەکانی ئەندامەکانی بێت، ئاسایشی پیشەیی دروست بکات و پێکهاتەی پیشەگەریی ئەم هونەرە بەهێز بکات (هاوشێوەی مۆدێلی "خانووی شانۆی ئێران").

ج) ستانداردکردن و بەرزکردنەوەی کوالیتی:

بۆ پێشبڕکێکردن لەسەر ئاستی نەتەوەیی و نێودەوڵەتی، شانۆی کوردی پێویستی بە ناوەندێکی خوێندن و توێژینەوەی پرۆفیشناڵ هەیە. ئەم ناوەندە دەتوانێت ستانداردەکانی بەرهەمهێنان، نمایش و فێرکردن بەرز بکاتەوە و بە بانگهێشتکردنی مامۆستایانی جیهانی، نەوەیەکی نوێ لە دەرهێنەر، ئەکتەر و دیزاینەران پەروەردە بکات.

د) پردی پەیوەندیی جیهانی:

شانۆی کوردی، بەتایبەت لە چوارچێوەی فێستیڤاڵە ناوچەییەکاندا (وەک فێستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقز)، پۆتانسێلێکی بەرزی بۆ پەیوەندی لەگەڵ هونەرمەندان و بینەرانی دەرەوەی سنوور هەیە. ماڵی شانۆ وەک دەنگێکی یەکگرتوو، ئاسانکاری دەکات بۆ بەشداریکردن لە بۆنە نێودەوڵەتییەکان و ئاڵوگۆڕی هونەری.

چۆنیەتی دامەزراندنی ماڵی شانۆی کوردی دامەزراندنی ماڵی شانۆی کوردی دەبێت پرۆسەیەکی "خوارەوە بۆ سەرەوە" (Bottom–Up)بێت و پشت بە بەشداریی کۆمەڵگەی هونەری ببەستێت: قۆناغی یەکەم: داڕشتنی ناوکی سەرەتا

پێکهێنانی دەستەی دامەزرێنەر کە پێکهاتوو بێت لە پێشەنگان، ئەکادیمییەکان و هونەرمەندانی چالاک و لاو لە هەموو ناوچە کوردنشینەکان. ئەرکی ئەم دەستەیە، داڕشتنی پەیڕەوی ناوخۆیە بە ناسنامەی کەلتووری کوردی و پێکهاتەیەکی یاسایی سەربەخۆ و قازانج نەویست.

قۆناغی دووەم: دابینکردنی ژێرخانی فیزیکی لابی کردن لەگەڵ دەزگا دەوڵەتییەکان و خێرخوازە کەلتوورییەکان بۆ دابینکردنی بینایەکی مێژوویی یان کەلتووری گونجاو وەک شوێنی هەمیشەیی. ئەمە دابینکردنی شوێن و ئامادەکردنی هۆڵەکانی نمایش، وۆرکشۆپەکان و کتێبخانەی تایبەتیی شانۆ دەگرێتەوە. قۆناغی سێیەم: تۆمارکردن و شەرعییەتپێدان تۆمارکردنی فەرمی وەک دام و دەزگایەکی کەلتووری–هونەریی ناحکوومی لای لایەنە پەیوەندیدارەکان. بەدەستهێنانی مۆڵەتە یاساییەکان، داڕشتنی پێکهاتەیەکی دارایی شەفاف و سیستەمی ئەندامێتیی سەندیکایی. قۆناغی چوارەم: ئەنجامدانی یەکەمین هەڵبژاردن بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی گشتی بە بەشداریی زۆرینەی هونەرمەندان بۆ هەڵبژاردنی یەکەمین دەستەی کارگێڕی و پشکنێرەکان. جێگیرکردنی پایەکانی بەڕێوەبردن و جێبەجێکردن لەسەر بنەمای دیموکراسیی سەندیکایی.

ئامانج و ئەرکەکانی ماڵی شانۆی کوردی ئەرکی ماڵی شانۆی کوردی گەورەترە لەوەی تەنیا شوێنێکی نمایش بێت؛

ئەلف) ئامانجە باڵاکان

1. بەهێزکردنی وتاری هونەری: دروستکردنی کەشێک بۆ ڕەخنەگرتن، توێژینەوە و گفتوگۆی بنیاتنەر سەبارەت بە تەوەری، شێواز و ڕێبازە نوێیەکانی شانۆی کوردی.

2. ڕەنگدانەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان: گۆڕینی سەکۆی شانۆ وەک مەتەرێزێک بۆ دەربڕینی هونەرییانەی ئازارەکان، ئاواتەکان و کێشە ڕۆژانەییەکانی کۆمەڵگەی کورد (ڕامیاری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی).

3. جیهانیکردنی هونەری کوردی: هەوڵدان بۆ وەرگێڕان و نمایشکردنی شانۆنامە کوردییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و بەشداریکردن لە فێستیڤاڵە ناسراوەکانی جیهان.

4. خوێندنی پرۆفیشناڵ و ئەکادیمی: دامەزراندنی ئەکادیمیای تایبەتمەندی شانۆی کوردی بۆ پەروەردەکردنی ئەکتەر، دەرهێنەر و شانۆنامەنووس بە ڕێبازی نوێ و خۆجێیی.

ب) ئەرکە سەرەکییەکان (جێبەجێکردن) بەرهەمهێنان و نمایش: پشتیوانیی دارایی و جێبەجێکردن لە بەرهەمەکانی گرووپە شانۆییەکان بە پێشینەدان بە زمانی کوردی، دابینکردنی هۆڵەکانی مەشق و نمایش، و بەڕێوەبردنی فێستیڤاڵی ساڵانەی شانۆی کوردی. توێژینەوە و بڵاوکردنەوە: دامەزراندنی کتێبخانە و ناوەندی بەڵگەنامەیی تایبەت بە شانۆی کوردی، بڵاوکردنەوەی کتێب، شانۆنامە و گۆڤاری تایبەت (بە زمانی کوردی و فارسی و ئینگلیسی)، هاندانی تێزە زانکۆییەکان.

سەندیکایی و پشتیوانی: دابینکردنی مافە سەندیکاییەکان (وەکو بیمەی تەندروستی، خانەنشینی)، ناوبژیوانی لە کێشە هونەرییەکاندا، پێشکەشکردنی ڕاوێژی یاسایی و دارایی بە ئەندامان. پەیوەندییەکان و ئاڵوگۆڕ: ڕێکخستنی گەشتی هونەری (نمایش و فێرکردن) بۆ کوردستان، ئێران و جیهان، دروستکردنی پەیوەندیی بەردەوام لەگەڵ یانەکانی شانۆی وڵاتانی تر و دەزگا کەلتوورییەکان.

«ماڵی شانۆی کوردی» تەنها بینایەک نییە، بەڵکو ژێرخانێکی هونەرییە کە دەتوانێت پۆتانسێلی گەورەی بەڵام پەرشوبڵاوی شانۆی کوردی کۆبکاتەوە، ڕێکی بخات و پرۆفیشناڵی بکات. ئەم ماڵە بە ناسنامەی کەلتووریی بەهێزی خۆیەوە، دەتوانێت شانۆی کوردی لە پەراوێزەوە بێنێتە ناوەڕاست و بیکاتە دەنگێکی کاریگەر لە نەخشەی کەلتووریی وڵات و جیهاندا.



## فستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی کوردیی سەقز؛ پێوەندی هونەر، زمان و شوناس

■ سەید سۆران حوسێنی

فستیڤاڵی نێونەتەوەیی شانۆی کوردیی سەقز، ڕووداوێکە کە هاوکات خاوەن دوو ناوەڕۆکی بنەڕەتی و هاوکات تەواوکەریشە: شانۆیی و کوردی. لە ڕوانگەی هونەرییەوە، ئەم فستیڤاڵە بوارێکی پسپۆڕییە بۆ نمایش، ئەزموون و گەشەی فۆڕمەتازەکانی پێشکەشکردن. ئامانجیشی بەرزکردنەوەی کوالێتی و ستانداردەکانی شانۆییە. هاوکات لە ڕوانگەی کەلتووری و شوناسییەوە، ئەرکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی لە ئەستۆدایە. پاراستنی زمانی دایکی و شوناسی کەلتووریی کوردەکان. پێوەندیی ئەو دوو تایبەتمەندییە، واتە تێکەڵکردنی هونەری بێخەوشی نمایشی بە داڵغەی پاراستنی زمان و شوناس، جەوهەری داڕشتن و بەردەوامیی فستیڤاڵەکە پێک دێنێت.

شانۆی کوردی لەم ڕوودانەدا، نەک کەرەستەیەکە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکان و ئوستوورەکان، بەڵکوو وەک دەستپێکەری مەکتەبێکی دەورگێڕ لە شانۆی هاوچەرخی ئێران و ناوچەکە چالاکی دەکات.

ئەم مەکتەبە، خاوەن ئەزموون، بەشداریی فیزیکاڵی و جەستەیی لە ئاڕاستەکردندا، کەڵکوەرگرتن لە فۆڕمی نوێی شانۆیی و تێکەڵکردنی کەلتووری خۆیی بە تەکنیکەجیهانییەکانی، جێگای شانۆی کردووەتەوە. بە واتایەکی تر، شانۆی کوردی، هەم پێگەی کەلتووری هەیە، هەم ڕێچکەی تەکنیکی و ئاڕاستەکردنێکی نوێی لە هونەری نمایشی پێک هێناوە کە ئەتوانێ ئیلهامبەخشی هونەرمەندانی هاوچەرخ بێت.

لایەنی مێژوویی و کۆمەڵایەتی فستیڤاڵی شانۆی کوردیی سەقز، ئەبێ لە بەستێنی مێژوویی کەلتووریی ئەو خەڵکانە تێبگەین کە چەندین سەدە زمان و گێڕانەوەی خۆیان لە ڕەوتی کەلتووری زارەکی پاراستووە. ڕەوایەتەکان و ئوستووورە زارەکییەکان کە لە دڵی کۆمەڵگای کوردیدا ژیاون، هەمیشە لە مەترسی لەبیرچوونەوە و بەلاڕێداچوون بوون. شانۆی هاوچەرخ بووەتە یەکێک لە گرینگترین کەرەستەکانی تۆمارکردن، بەڵگەسازی و بەرهەمهێنانی دووبارەی ئەم حافزە کەلتوورییە.

فستیڤاڵی سەقز، هەر لەو خاڵە مێژووییەدا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە و بووەتە پردێک نێوان نەریتی زارەکی و ئەدەبی نمایشیی مۆدێرن. ڕەوایەتە زارەکییەکان لە چوارچێوەی درامای نووسراوە، ئاڕاستەکردنی دیمەنی و فۆڕمی تازەی نمایشی پێشکەش دەکرێن و هەر بەو شێوازە، زمان، کەلتوور و شوناسی گشتیی خەڵکی کورد لە حافزەی هونەرییدا تۆمار دەکرێت. ئەو بەستێنە نەک حافزەی مێژوویی بەڵگەسازی دەکات، بەڵکوو یارمەتی خولقاندنی ئەدەبیاتێکی نمایشیی سەربەخۆ ئەدات و شێوەی ڕەوتی هاوچەرخی شانۆی ناوچەکە پێک دێنێت. گرینگی فستیڤاڵەکە بۆ هونەرمەندانی کورد بەدرێژایی دوو دەیە بەڕێوەبردنی بەردەوام، فستیڤاڵی سەقز بووە بە یەکێک لە گرینگترین تریبونی فەرمی نمایش بە زمانی کوردی لە ئێراندا و یەکێک لە متمانەپێکراوترین ڕووداوە پسپۆڕییەکان لە ناوچەکە. بەشداریی گرووپەنمایشییەکان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و وڵاتە کوردنشینەکانی دراوسێ، بەستێنێک بۆ گۆڕینەوەی ئەزموون، هاوتەبایی کەلتووریی و پێوەندیی هونەریی پێک هێناوە. ئەو فەزا ڕۆڵێکی گرینگی لە دۆزینەوەی جەوهەرەی نوێ، ناسینی بەرەی تازەی هونەرمەندان و پەرەپێدانی ئەدەبیاتی نمایشی کوردی، گێڕاوە. زۆرێک لە نمایشەکان و ئاڕاستەکان، کە ئەمڕۆ بە بەشێک لە ڕەوتی هاوچەرخی شانۆی کوردی دێنە ئەژمار، هەر لەو فستیڤاڵەدا شکڵی گرتووە یان چووەنەتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەو بەرهەمانە بەشێکی گرینگ لە فولکلۆر، مێژوو، ئوستوورەکان و ڕەوایەتە مرۆڤایەتییەکانی خەڵکی کورد، لە چوارچێوەی فۆڕمی تازە و داهێنەرانە تۆمار کردووە و لە ئاکامدا هەم ڕەوتێکی ئەدەبی و هەم ڕەوتێکی ئاڕاستەکردنی شانۆی کوردییان دەوڵەمەند کردووە.





لایەنی فێرکاری و لێکۆڵینەوە یەکێک لە لایەنە جیاوازەکانی فستیڤاڵی سەقز، کاردانەوەی فێرکاری و لێکۆڵینەوەکەیەتی. بەڕێوەبردنی کارگای پسپۆڕی، دانیشتنەکانی لێکۆڵینەوە و وتووێژ نێوان چینەکانی مامۆستایان و هونەرمەندانی لاو، فستیڤاڵەکەی کردووەتە قوتابخانەیەکی زیندوو. لەم شوێنەدا ئەزموونی کاری و فێرکاریی تیۆری هاوکات پێکەوەیەو بەرەی نوێی هونەرمەندان، لەکاتی بینین و ئاراستەکردندا، لێهاتوویی پرۆفیشناڵی و داهێنەرانەی خۆیان پەروەردە ئەکەن. ئەم لایەنی لێکۆڵینەوە، نەک بۆ گواستنەوەی لێهاتوویی و ئەزموون گرینگە، بەڵکوو دەرفەتی شرۆڤە و دووبارەخوێندنەوەی فۆرمە نمایشییەکان و خولقاندنی ڕەوتە نوێکان لە شانۆی خۆییدا پێک دێنێت. هەر لەم ڕوانگەیەوە فستیڤاڵی سەقز وەک ناوەندێک بۆ بەرهەمهێنانی زانستی هونەری و خوێندنەوەی ئیجرایی لە شانۆی کوردیدا دەناسرێت.

لایەنی دیپلۆماسیی کەلتووری بەشداریی گرووپە نمایشییەکان لە وڵاتە جیاوازەکانی کوردنشین، فستیڤاڵی سەقز دەکاتە فەزایەک بۆ دیپلۆماسیی کەلتووریی لەسەر بنەمای هونەری. ئەم دیپلۆماسییە بەپێچەوانەی ڕەوتە ڕامیارییەکانی نەریتی، لە ڕێگای وتووێژ و ئەزموونی هونەری شکڵ دەگرێت و هاوکات بەهێزکردنی پێوەندە شوناسییەکان نێوان کۆمەڵگای کورد، وێنایەکی مرۆڤایەتی و هونەرمەندانە لە کەلتووری پێشکەشی جیهان دەکات.

فستیڤاڵی سەقز ئەو دەرفەتە دەرەخسێنێت تاکوو هونەری شانۆ وەک زمانێکی هاوبەشی کەلتووری و کۆمەڵایەتی چالاکی بکات و تۆڕەکانی هاوکاری، گۆڕینەوەی ئەزموون و ئافراندنی ناوچەیی شکڵ دەگرێت. ئەم ڕەوتە، سەرەڕای بەهێزکردنی ڕەوتی هونەریی خۆیی، گونجایشی هاوکاریی نێونەتەوایەتی و گەشەی ڕەوتی نوێی نمایشی پەرە پێ ئەدات.

بیستەمین خول و تایبەتمەندیی نارکەبەرایەتی بیستەمین فستیڤاڵی نێونەتەوایەتی شانۆی کوردیی سەقز بە سکرتێری ئوستاد قوتبەدینی سادقی بەڕێوە دەچێت و تایبەتمەندییە بەرچاوەکەی، نارکەبەرایەتیی فستیڤاڵەکەیە. ئەم ڕوانگەیە، هەڵبژاردنێکی وریا و کەلتوورییە کە فستیڤاڵەکە لە درێژەی متمانەپێکراوترین ڕوودانە نێونەتەوەیییەکان دادەنێت؛ ئەو فستیڤاڵانەی وەک ئاوینیون (فەرەنسە)، ئەدینبرو فرینج (ئێسکاتلەند)، وینرفەست ووخن (ئوتریش) و سانتیاگو ئا میل (شیلی) کە هەموویان بەبێ پێکهاتەی ڕکەبەرایەتی بەڕێوە دەچن. سڕینەوەی ڕکەبەرایەتی بە واتای کەمکردنەوەی بایەخی فستیڤاڵەکە نییە؛ بەڵکوو پێداگرییەکە بۆ چۆنیەتی ئازاد، داهێنەرانە و ئەندێشەیی هونەری نمایش. نەبووی گوشاری هەڵسەنگاندن و سەرپشکدان، دەرفەتی ئەزموونگەراییی زۆرتر بۆ هونەرمەندان پێک دێنێت تاکوو وەفادار بن بە بنەڕەتی جوانیناسی و دەربڕینی سەربەخۆیی خۆی بمێنێتەوە. بەرهەمەکان نەک لە بەرامبەر یەکتریندا، بەڵکوو لە تەنیشت یەکدا واتا دەگرن و بەستێنێکی ڕاستەقینەی وتووێژ، ئافراندن و گۆڕینەوەی کەلتووری شکڵ دەگرێت.

تێڕوانین و کۆی بابەتەکە تێڕوانینی فستیڤاڵی سەقز، بوون بە سەرچاوەیەکی زانستی، لێکۆڵینەوە و ئاڕاستەکردنی شانۆی کوردی لە خۆراوای ئاسیادا؛ پێگەیەک کە هەم زمانی دایکی دەپارێزێت، هەم شانۆی کوردی لەگەڵ ڕەوتە نوێکانی جیهانیدا پەیوەست دەکات. بەردەوامیی ڕوانگەی نارکەبەرایەتی، پەرەپێدانی هاوکاریی نێونەتەوایەتی و بەهێزکردنی بنەماکانی فێرکاری، فستیڤاڵەکەی کردووە بە یەکێک لە گرینگترین جەمسەرەکانی کەلتووری و هونەریی ناوچەکە.

فستیڤاڵی نێونەتەوایەتیی شانۆی کوردیی سەقز، زیاتر لە ڕووداوێکی ڕێکەوتی، چرکەساتێکی گشتییە بۆ دووبارە بەرهەمهێنانی شوناس، پاراستنی زمانی دایکی و هاوئاهەنگی هونەر و کەلتووری نەتەوەکە.

بیستەمین خولی ئەم فستیڤاڵە، بە ڕوانگەیەکی نارکەبەرایەتی و سکرتێری ئوستاد قوتبەدینی سادقی، نموونەیەکی ڕاستەقینەیە بۆ جووڵەی کەلتووری لەسەر بنەمای ستانداره پرۆفیشناڵە جیهانییەکان. بزووتنەوەیەک کە ئامانجەکەی نەک هەڵبژاردنی براوە و دۆڕاو، بەڵکوو گەشەی جێگیری شانۆی کوردی، ناساندنی دەنگی تازەی هونەری، پتەوکردنی زمان و ئەدەبیاتی دایکی و پاراستنی ڕۆحی کۆمەڵایەتیی هونەری نمایشە. ئەم ڕەوتە، فستیڤاڵی سەقزی کردووە بە یەکێک لە سەرمایە نەگۆڕەکانی کەلتووریی خەڵکی کورد و هێمایەکی زیندوو لە پێوەندیی هونەر و شوناس.



## سەرەتای پەیمانێکی فەرهەنگی: چیرۆکی لەدایکبوونی فستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز

**نووســـــەر: نێسا خانی**

ئەگەرچی جەنگ وێرانکەری نیشتمانەکانە و ژیانەکانی مرۆڤ دەگرێت و هاوسەنگی ژیۆپۆلیتیکی دەشکێنێت، بەڵام نیشانێکی نەسڕاو دەهێنێتەوە لە بیرەوەری گەشتی و تاکەیی. زیانی جەنگ تەنها بە ژیانە مرۆڤ و خەسارەی ماددی نییە، بە شێوەی ئەزارە نادیار و بیرەوەری شکراو و گیانەفڕێنەی نیشتمانەکان لە نێوان نەسلەکان دەگوازرێت.

لە سنگەرە گڵییەکانی جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا وێنەی خەمگینەکانی شارە وێرانەکانی ئەوکران، لە جەنگەکانی فەلەستین و تێکشکانی ناوخۆیی و ئایینیی خاورمیانە تا شکافە ژیۆپۆلیتیکییەکانی ئەفریقای ڕەش، جەنگ هێشتا هێزێکییە کە مرۆڤ شێوە دەدات، دەگۆڕێت و دەبشێنێت.

بەپێی ئەوەی کە پێشتر باسکرا، وێناسکردنی هەموو ئەم تۆقیانە و ترسییە پێویستی بە تێۆرییەکی بەهێز و ڕوونبیرانەیە. من لێرە تەنها دەربارەی جەنگ قسە ناکەم؛ قسە دەکەم لەسەر ڕووداوێکی دڵتەزێن و ناخ هەژێن بەناوی ئەنفال و کیمیابارانی کوردستان، لەبارەی کوشتنی 184 هەزار مرۆڤی بێگوناه کە هەر یەک چیرۆکێکی تایبەتی هەیە.

شانووی کوردی دەبێت قەبارەی فاجیەکە بگاتە و هاوتاک بێت لەگەڵ تێۆرییەکانی بوارە شانووی جەنگ. تەنها لەو کاتەدایە دەتوانێت چیرۆکێکی هەرمان و بەگریمانەی دراماتیکی لەسەر سەحنە دروست بکات.

بە باوڕی من، شانووی سپیرو و ئەو نیشانەیە هاوشێوەیەی، تا ئەم ئێستە لە توانای گواستنەوەی دراماتیکی ئەنفال بە شێوەیەکی ژیر و ئەستێرەیی نەگیشتوون.





## کۆتا قسە

ئەم نووسراوە ڕەخنە لە نمایشنامەی «سپیرۆ» دەکات و پرسی کەمیی تیۆری شانۆی جەنگ لەنێو هونەرمەندانی کورددا دەورووژێنێت. نووسەر بە پشتبەستن بە قسەی بێرتراند ڤیستفال (کە دەڵێت: "کاتێک جەنگ دەچێتە شانۆ، شانۆ ناچار دەبێت لەبارەی خۆیەوە قسە بکات")، پێیوایە زۆربەی کارە کوردییەکان لەسەر جەنگ، وەک «سپیرۆ»، تەنها پەرچەدانەوەی ڕووداوەکانن و دەبن بە "گریا و نینۆک"، و زانیاریی ڕۆژنامەوانی دەگوازنەوە، نەک ئەوەی وەک بەرهەمێکی درامای ڕاستەقینە کار بکەن.

ڕەخنەی سەرەکی ئەوەیە کە شانۆی کوردی، سەرەڕای ئەزموونی دڵتەزێنی وەک ئەنفال و جینۆساید، لە دۆزینەوەی زمانی درامایی و جیهانی بۆ باسکردنی جەنگ، کێشەی هەیە. نووسەر پێیوایە «سپیرۆ» زیاتر وەک "ڕێوڕەسمێکی پرسە" وایە نەک شانۆگەرییەکی کارلێکراو. بۆ چارەسەر، پێویستە شانۆکاران زیاتر گرنگی بە مەجاز، مێتافۆر و کنە بە دەرەوەی سنوورەکان بدەن بۆ ئەوەی پەیوەندییەک لە نێوان ناوەوە و دەرەوەی شانۆدا دروست بکەن و لە جێگەی ڕاپۆرتێک، کاریگەر و دراماتیک بن.وەک ئەوەی لەو پێداچوونەوەیەدا بۆ شانۆیی «سپیرۆ» بینیمان، تێگەیشتن لە قووڵی و گەورەیی کارەساتەکانی وەک ئەنفال و کیمیابارانی هەڵەبجە، تەنها بە ڕووداوگێڕانەوەی سادە ناکرێت. شانۆگەریی کوردی لە ئێستادا لە خاڵێکی گرنگدایە؛ دەبێت لە قۆناغی تەنها نیشاندانی ئازارەوە، بەرەو قووڵبوونەوەی تیئۆریی و تەکنیکیی گەورەتر بچێت. پێویستە لە خەزێنەی تێڕامانەکانی وەک (تادئۆش کانتۆر) و فەلسەفەی شانۆی جەنگ، وەرگرین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو مێژووە پڕ لە دەردە بە شێوەیەک پێشکەش بکەین کە وەک کارەساتێک، نە وەک نمایشێکی کورت، لە یادەوەری بینەردا بمێنێتەوە. تەنها بەم شێوەیە دەتوانین شانۆی کوردی لە ئاستی هونەریی نێودەوڵەتییەوە جێگیر بکەین و ئەو پەیامە مێژووییە بە تەواوی بگەیەنین.



# «ڕووح لە «ماڵە بچووکی شکسپیردا

## لە مدوساوە تا پرسئوس:

### میتا شانۆ وەک ڕێگایەک بۆ ڕوبەروبونەوە لەگەڵ نەریتی شکسپیردا



ئیبراهیم ئیبراهیمی

"کلاسیک، لە کۆتاییدا، ئەو شتەیە کە بە شێوەیەک قسە دەکات کە نە تەنیا ڕاپۆرتێکە لە شتێکی کۆن و ڕابردو، نە تەنیا بەڵگەیەکە لە سەر بابەتێک کە دەبێت دووبارە شیبکرێتەوە؛ بەڵکو ئەوەیە کە لە هەر ئێستایەکدا لە بابەتێک وا دەخاتە ڕو وەکوو تەنیا بۆ ئەو ساتە وتراوبێت

ـ گادامێر

تەنیا کاتێک دەتوانین شکسپیر بدۆزینەوە کە دەستبکەین بە دۆزینەوە.

ـ پیتەر بروک

«فقط وقتی شکسپیر را فراموش کنیم می‌توانیم شروع کنیم به پیدا کردنش.» پیتر بروک

تەنیا بە تێپەڕین بەناو سەردەمەکاندا بو کە ئۆتۆللۆ توانی شوێن و پێگەی بەرهەمێکی کلاسیک بەدەست بهێنێت. لە سەردەمی ڕۆشنگەری دا ڕەخنەگران ڕەخنەیان لە درێژبونی دیمەنی کوشتنی دزدە مۆنا دەگرت لە ژانیوەری 1822 دا بینەران خەریکی تەماشاکردنی ئەم تراژیدییە بون کە لە لایەن گروپی پورت سن مارتنی بریتانییەوە نەمایش دەکرا، دانیانە بەر بەردو پەتاتە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەردەمەوە تا ئێستا تراژیدیای ئۆتۆللۆ بە یەکێک لە ستونە سەرەکییەکانی ڕیپوارتواری گەورەی ڕۆژئاوایە: ڕێک وەک سۆناتاکانی شکسپیر، ئێستا وەک بەرهەمێکی نەمرودرەوشاوە لە ناو بەرهەمەکانی سەیری دەکرێت.
ژمارەیەکی هەرە زۆر لە ڕاڤەو نەمایش تائێستا بۆئەم بەرهەمە کراوە، هەم وایکردوە ببێتە بەرهەمێکی مەزنی حاشاهەڵنەگرو هەم بوەتە بوەتە پەیکەرێکی بەردین، پەیکەرێک کە هەر دەرهێنەرێک بۆ کارکردن لەگەڵ جەوهەری دەقەکەدا دەبێت ئەبێ بەناو ئەهەموو توێکارو ڕەڤەو ڕەهەندە زۆرانەدا بڕوات کە بۆی کراون.هەر بەهەمان شێوەی هاملێت و شالیر، ئۆتۆللۆش هەرهەمان کاریگەری قوڵ و نهێنی ئامیزی لەسەر دەرهێنەران هەیە: بەرهەمێکی وەک مدوسا ناکرێ لە ڕادەبەدەر ڕاستەوخۆتەماشای بکەیت، نە با بینەرەکەی ئەو سونەتەی کە مەزهەرو نیشاندەرێتی بێ جوڵە بکەوێ وببێتە بەرد. لە م ڕەوە ئەو چالینجە لەبەردەم دەرهێنەری ئۆتۆللۆدا یە_ئەڵبەتە کۆی بەرهەمەکانی شکسپیر_ئەوەیە: باشترین پرسئوس ، مومکین بێیت، واتە لە ڕیگای ڕاستەو خۆوە لەگەڵ بەرهەمە کەدا ڕوبەڕو نەبێتەوە، بەڵکو لە ڕێگای دەنگدانەوەی قەڵغان ئاسای خۆیەوە نزیک بێتەوە بۆ ئەوەی بەرهەمەکە بەو شێوە ببینێت کەهەیە، بەڵام بێ ئەوەی دادوەرییە فەلەجکەرە کانی تێڕوانینە کۆن و لە پێشینەکان کە کەڵەکەبون لەسەری لە پێی بخەن. هەمان چالینجیش لەبەردەم هەردوو هونەرمەند مونیر ڕازی و کاروان سیلۆدایە.ئەوان یەکێک لە پڕخوێنەرترین و دژوار ترین بەرهەمی شکسپیریان هەڵبژاردوەو لە پرۆسەیەکی تا ڕادەیەک نائاسایی دا ناچار بون بەرهەمەکەی شکسپر ڕوت بکەنەوە. پرۆسەیەک کە ئامانجی گفتوگۆیە لەگەڵ دەقەکەی شکسپیردا و هەروەها لەوەش زیاتر کارێک لەسەروئەوەی کە چندین و چەند جار وتراوەو نەمایش کراوە.

ئەم ڕوبەڕوبونەوەیە لەگەڵ دەقێکی یاسامەند جێکەوتەوە لەگەڵ ڕیپرتوارێکی نوێ دا. یک رپرتوار آیکونوکلاست، است. شانۆیی ڕوح لە ماڵە بچوکەکەی شکسپیردا، لە بینایەکی بچوکی لە پەراویزی شاردا ڕوودەدات، بینایەک کە شکسپیری هاوچەرخ کە تیایدا شکسپیری هاوچەرخ بە وێنەگەلێکی ماخپلانی یان ڕەنگە دەرگیری خەونەکانی زەینی خۆیەتی. لەم بەرهەمە دا کەسێتی یەکانی چیرۆکەکە بونیان نیە هەموویان سێبەری زەینی خودی شکسپیرن. کارەکتەرەکان گەرچی لە سێ کەسێتی سەرەکی ئۆتۆللۆی ڕەشی مەغریبیی شکسپیرەوە وەرگیراون بە بڵام هەندێک جار دەڕۆنە ناو هەندێکی تر لە شانۆنامەکانی شکسپیرەوە. ئێمە تارادەیەک سەروکارمان لەگەڵ نوسەرێک دەرون پەشێوو شێواو داهەیە کە بۆی هەیە تەنانەت شکسپیرش نەبێت. لە هەمووی گرنگ تر ئەوەیە کە یاگۆیەکمان هەیە کە بەتەواوی فەیلەسوفە. دزدەمۆنا هەموو ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ دەسترەکەی و لێپێچینەوە لە شکسپیر دەکات ، هەروەها ئۆتۆللۆیەک کە دەیەوێ بۆیەک جاری تریش بوە دزدەمۆنا بەدەستبهێنێت. ئەوان لە بەرامبەر ئەو چارەنوسەدا وەستاونەتەوە کە نوسەر بۆی داناون.

بەڵام نوسەر پێیوایە ئەوە کاری چارەنوسە نەک ئەو. لە دیمەنێک دا کە تەنانەت ناتوانی متمانە بە ئامادەبونی نوسەرلەسەر تەختەی شانۆ بکەیت، ئێمە نائامادەبونی گەورەی کە سانێکی گرنگ و تایبەت دەبینین، کەسانی وەک ئۆفیلیا، لیدی مەکپیس و و...ئەو نائامادەبونانەی کە هەر ساتەبۆی هەیە دەرکەوتنیان شکسپیری ناو چیرۆکەکە توشی قەیران و ترومای ڕوحیبکات. لە ڕاستی دا ئێمە لاپەڕەیەک لە هەزاران لاپەڕەو ڕوبەرو بونەوەیەک لە هەزاران ڕوبەڕو بووونەوەی هەریەک لە کەسێتییەکانی شکسپیر لە شانۆیی ماڵە بچوکەکەی شکسپیردا دەبینین، زیرەکی شانۆنامەنوس لە وەدایە کە چی دەبێت گەر ڕۆژێک کەسێتییەکانی شانۆنامەکانمان لەبەرامبەرو دژی ئەو چارەنوسەی بۆمان دیاری کردون بوەستنەوە؟ ئێمە لەوێدا دەرگیری جیهان و ڕوح و چارەنوسی ئەو کەسێتییانەین کە شکسپیر خولقاندونی. بەڵام ئەم ڕوحە سەرگەردانانە هاتون جارە نوسیان بگۆڕن. ئەوان وەک کەسێتییەکانی شانۆنامەی ، شەش کەسێتی پیراندلۆ لە پڕ دێنە سەر تەختەی شانۆ داوا لەنوسەر دەکەن چارە نوسیان لە ڕێگای دەستڕێکەوە دیاری کراوە، بگۆڕێت، گۆڕانێک کە مەحاڵە و لە دواجاردا بە میزانسێنێکی جوان کە تێیدا سەر تەختەی شانۆ گڕی تێبەر دە درێت دیمەنەکە کۆتایی دێت. لە ڕاستی دا ئێمە لەم شانۆیە دا لەگەڵ یەکێک لە چەشنەکانی میتا شانۆدا ڕوبەڕوین کە نوسەرودەرهێنەر بە هوشیارییەکی باڵاوە کارەکەیان ئەنجام داوە. میتادرام شێوەیەک لە نەمایش کە سنورە باو ئاساییەکانی تەختەی شانۆ، ئەکتەر، بینەر، تێکدەشکێنێت و ئامادەبونی بینەر دەبێتە بەشێک لە پێکهاتەی نەمایش. ئەم تێڕوانینەی کە بینەرچاودێرێکی ناچالاک نیە و بەڵکو بەشداربویەکی چالاک و بەهێزە، نزیکایەتی لە تەختەی شانۆو تەنانەت جوڵەی لە هۆڵدا دەتوانێت بەشێک لە لۆژیکی نەمایش بێت. لە میتا درام دا نواندن لە سەروی ڕۆڵەکەیەوە ڕۆڵ دەگێڕێت و کایە دەکات و دەبێتە بەشێک لە هوشیارکردنەوەی بینەر بەرامبەر بە " نەمایشی بونی شانۆ". شانۆ ئاماژە بە خۆی دەکات و پرۆسەی دروست بونی خۆی دەکاتە بابەی شانۆکەی. ئەم بابەتە ئەزموونێکی دولایەنە بەرهەم دەهنێت: بینەرهەم لە ناو جیهانی چیرۆکەکەدایە، هەم لەدەرەوە ئاشنا دەبێت بە پرۆسەی شانۆکە. پێشینەی مێژویی ئەم شێوازە کردکردنە لە شانۆیی کۆندا هەیە، بەڵام لە شێوازی هاوچەرخی دا میتادرام شانۆکە داکات بە فەزایەکی هاوبەش کە تێیدامانا پێکدێت لە پەیوەندی نێوان ئەکتەرەکان و تەختەی شانۆو بینەران. هەروەها ئەم شێوەیە دەتوانێت بە بێ ئامادەبونی فیزیکی بینەر و لە ڕێگای پێکهاتەی گێڕانەوەوە " ئامادەبون" نەمایشی بکاتەوە و نیشانی بداتەوە. بینەر لە شانۆیی روح لە ماڵەبچوکەکەی شکسپیردا لە ناکاو خۆی لە نێوان چیرۆکی سەرەکی ئۆتۆللۆو چیرکەکەی مونیر ڕازی دا دەبنێتەوە.

له ڕاستی دا روحی بینەر نائاگایانە دیتە ناو ماڵە بچوکەکەی شکسپیرەوە و لێی دەپرسێت ئەگەرئەودەسترەی هاوسەرەکەی یاگۆ نەبوایە چی ڕوی دەدا؟ بینەر لەگەڵ ئەکتەرەکان دا هاوڕێ دەبێ و ئەو هاوڕابونەش دەگەڕێتەوە بۆ نواندنی باش ئەکتەرەکان ، ئەکتەرەکان لەگەڵ ئەوەی کە دەزانن خەریکن نواندن دەکەن ، هاوکات بینەر دەبینێت هاوڕایی دەکەن لەگەڵ ڕەگەزێکی هاوبەشدا کە دەتوانرێت و دەکرێت ناوی بنێین " نواندنی دراماتیک بە فۆرمی ڕەنگدانەوەیی" . ڕەنگدانەوەیەک کە تایبەتمەندییەکەی ئەوەیە لە ئاستە جۆراو جۆرو جیاوازەکان دا دەردەکەوێت و خۆی نیشان دەدات. ئاسەتەکانی دەرکەوتنی گەورەو فراوانەو پانتایی یەکی کراوەی هەیە: لە شانۆنامەیەکی کامڵ و تەواوەوە کەلە ناو شانۆنامەیەکی تردا جێگای خۆی کردوەتەوە تا پۆلێنبەندی بابەتی یان ئاگایی و هوشیاری لەحزەیی ئەکتەرەکان لە کاتی ڕۆڵبینین دا و جیاکردنەوەو جیاوازی نێوان ئەو دوانە هەندێک جار دەگاتە زیادەڕەوی و هەندێکجار ئاستێکی دژواروئەستەم. ئەم دوولایەنە بونە بەهایەکی ڕەخنەی هەیە و ئەوەیش ئەوەیە بینەر بەرەو بیرکردنەوەیەکی ئینتیزەعی و دەرە کی و ئاڵۆزدەبات. بەڵام چی لە شانۆیی کلاسیک دابێت چی ڕەنگدانەوەی بان شانۆیی ، کەم تا زۆر هەمیشە لانیکەم لە دوو ئاستدا سەروکارمان لەگەڵ دوو ئاستی شانۆیی جیاوازدا هەیە. لە ڕوی پێکهاتەییەوە ئامانجی ئەم شێوازە ئەوەیە کە بینەر بەرەو ڕوانگەیەکی دوولایەنە بەرێت : لە راستی دا بینەری راستە قینە لەسەرەتا دا بینەرە و لەگەڵ ئەوەشدا شاهیدی نەمایشێکە بە نواندی خۆی یان ئەوانی دی.

ئەنجام

نەمایشی " ڕوح لە ماڵە بچوکەکەی شکسپیر دا " لە کۆتایی دا هەڵ دەدات تا لە ژێر گوشاریی قورسایی نەریتی شکسپیر دا دەرچێت و تێپەڕێت، نەک بیسڕێتەوە یان بەلاوەی بنێت، بەڵکو نیشاندەرەوەی بێت لە ئاوێنەی خودی نەمایشەکەدا. نەمایشەکە بە کەڵک وەرگرتن لە تایبەتمەندییەکانی میتا شانۆ کەسێتییە کلاسییەکانی لە پلەو پایەی بەرزوجێگرییان دەهێنێتەخوارەوە و دەیان کات بە سوژە گەلێک کە ئاگایانە لەگەڵ چارەنوسی لەپێشەوە دیاری کراویان دا دەرگیردەبن. ئەم یاخی بونە بونیادو کرۆکی سەرەکی ئەزمونە نەمایشێکە پێکدەهنێت و دروستی دەکات و بینەردەباتە ناو قەیرانەکەوە، ئەو قەیرانەی کە لە نێوانی دا سنورەکانی دەق و نەمایش، ڕابردو ئێستا، نوسەرو کەسێتی بە بەردەوامی دەگۆڕێت. ئەم ڕوبەڕو بونەوەو نیشاندانەوەو بەرهەمهێنانەوەیە هەمان " ڕوانینی پرسئوسی" یە: ڕوانین لە سونەت و نەریتی شکسپیر نەک بە شێوەی ڕاستەو خۆو وشک و مردو، بەڵکو لە ڕێگای ڕەنگدانەوەو سەرلەنوێ نیشنادانەوەی ئەگەری ڕاڤەکردنێکی نوێوە. ئاکامەکەشی ئەوەیە بەرهەمەکە لە بری دوبارەکردنەوەیەکی وەفادارانەی ئۆتۆللۆ دەگاتە پرسیارێکی فراوان تر: ئەگەر کەسێتییەکان بیان توانییایە چارەنوسی خۆیان سەر لەنوێ بنوسنەوە دەسەڵاتی دەق و نوسەر چی بەسەر دەهات و چی ڕوی دەدا؟ وەڵامی نەمایشکە لە ساتی داگیرسانی ڕووناکی سەرتەختەی شانۆدا بە شێوەی وێنەیی و تەسویری دەردەکەوێت و خۆی نیشان دەدات، وینە و تەسویرێک کە کۆتایی نییە و بەڵکو کرانەوەیە و سەر لەنوێ بەرهەم هێنانەوەی مانا یە .

## مۆنۆلۆگ و پەرسی دەرون: ڕەهەندی فۆرمی و ناوەڕۆکی «تۆو سوورە»



■ ئیبڕاهیم ئیبڕاهیمی ■



لە زیندووبوونەوەی حەز و ئارەزووی مۆنۆلۆگ لە دەیەکانی ڕابردوودا، ڕەخنە ڕەهەندە مێژووییەکانی پشتگو نەخستووە. ئەم شێوازە بەڕاستی سەرنجی توێژینەوە شیعرییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، کە تەکنیکەکانی نوێنەرایەتیکردنی ژیانی دەروونی و گواستنەوەی قسەی ناوەوە بۆ نووسین شی دەکاتەوە. جگە لەوەش، لە ڕەخنەی ئەدەبی ئەنگلۆساکسۆندا، کە لە بەرکەوتن لەگەڵ مێژووی کولتووری و ئەنترۆپۆلۆژیای مێژووییدا نوێ بووەتەوە، مۆنۆلۆگی دراماتیک جێگەیەکی گرنگی لە شیکاریدا داگیرکردووە.

لە ڕاستی دا دوای بینینی شانۆی توو سوورە ئەو بیرۆکەیە لای من دروست دەبێت کە مۆنولوگ دەتوانێت چ ڕۆڵێکی لە شانۆی ئەو ڕۆی کوردستان دا هەبێت.من وەک نووسەری ئەو ڕخنەیە هەر دەم ئاوام بیر کردۆتەوە کە مۆنۆلۆگ بە تەنیایی نە دراماتیکە و نە دەشتوانێ مۆرکێکی شانۆیی پێوە دیار بێت,لە بیر و ذێهنیەتی منی نوسەر دا مونولۆگ سێ دەستەیە کە یەکێکیا مونولۆگێکە هەوڵ دەدات باس لە دەرونی مرۆڤکان بکات,دوهەم مۆنۆلۆگێک کە لە هەمانکات دا کە ڕۆڵ گێرەکەی تاکە ئەکترێکە بەڵام لە ناو خۆی دا جۆرێک لە دیالۆگ ساز دەکات کە ئەو دیالۆگە لە ڕویی شانۆییەوە دراماتیکە;جۆری سێهەم لە مونۆلۆگ ئەو جۆرە مونولۆگەیە کە لە نێو دیالۆگ گەلێکی تر دا دروست دەبن و شوێنەواری قورس لە سەر شانۆکە دادەنێت ( وەک هەملێت).بەڵام مۆنۆلۆگ مێژوویەکی هەیە: یەکەم، وەک وشە و پۆلێنێکی دراماتیک؛ پاشان وەک کردەیەکی شانۆیی، کە بەپێویستی دەزانێت لە پەیوەندی نێوان شانۆنامەنووس و ئەکتەر و بینەر جیا نەکرێتەوە و لە چوارچێوەیەکدا هەڵکەوتووە؛ لە کۆتاییدا، وەک بەرجەستەکردنی قسەیەکی ناوەکیە کە فۆرم و تەحەددیاتەکانی بە قووڵی لە ژێر کاریگەری زانین و نوێنەرایەتییەکانی سەردەمێکدان. بەستنەوەی ئەم سێ ڕەهەندە پێویستە بۆ ئەوەی وەهم جێگەی خۆی بە ئۆبژەکە بدات. بۆیە ئامانجی ئەم کارە بنیاتنانەوەیە.

بە گشتی من تەواو ئەو کارە ئێستا لە پێشم دایە لە فستیڤاڵی شانۆی کوردی دا روون کردنەوە و لێکدانەوەی شانۆکانە,هەر بۆیەش بە پێویست دەزانم ڕخنەکانم جگە لەوەیکە ئاراستەی شانۆکان بکەم هەوڵێک بدەم بۆ ئاوڕدانەوە بۆ ئاوڕدانەوە لە ژانر و مێژویی ئەو شانۆگەلەی کە پێش ئەو کارانە لە شانۆی کوردی سەقز چونەتە سەر شانۆ.لە راستی دا من شانۆی توو سورە وەک هەوڵێکی ناتواو دەبینم بۆ نزیک بوونەوە لە جوری دوهەمی مۆنۆلۆگ کە لێرەدا باسم لێک کرد..شانۆی توو سورە بە چاو خشانێک بە سەر شەڕیی 24 ڕۆژەی سنە دەچێتە ناو شەڕێک کە ژنانی کورد لە دەرونی خۆیان و جستەیان و هەروهەا لە کۆمەڵگەدا بۆیان درووست دەبێت.بە ڕای من کارکتەری سەرکی ئەو کارە لە مناڵیدا کە توشی روداوێکی ناخۆش دەبێت و باوکی لە ژێر دارێکی توو سورە بە دەست کەسێک سەری دەبڕدرێت توشی جۆرێک نارێکی لە کەسایتی دا دەبێت کە لە مەڕ دەروونناسیەوە پێی دەوترێت نارێکی کەسایەتی سنوری.نارێکی کەسایەتی سنووری چۆنە؟



نارێکی کەسایەتی سنووری یەکێکە لە نارێکییە کەسایەتییەکان کە تایبەتمەندی سەرەکییەکانی بریتین لە:

نابەجێبوونی هەستەکان و خەڵەتە جێژیرانەی عاطفی

تەواو نەبوونی هێمای خۆخواز لەسەر خۆ

ئامادەبوونی زۆر بۆ پەیوەندیی توند، ناهاوبەش و پڕ لە تێکچوون

ترسێکی زۆر لە تەنهاییدا و واز لێهێنان

کردارە بێدەنگاوەکان و خەطرەدار (لەلایەن هەندێک کەسەوە)

ئەو کارەکتەرەی کە لە تۆ سوورەدا دەبینرێت ڕێک زۆربەی ئەو شت گەلەی کە لە سەرەوە باسمان کردن تیای دایە.

ئەوە دەتوانرێت یەکێک لە بابەتە هەرە سەرەکییەکان ئەم شانۆنامەی بێت لە واقیع ئەمڕۆی کۆمەڵگای ئێمەدا ئەو دیاردەیە حاشاهەڵنەگرەو زۆربەی هەر زۆری ژنان تووشی ئەو نارێکیە دەرونییە دەبن.هۆکارەکەشی ڕێک دەگەڕێتەوە بۆ بیرەوەری ناخۆش و تاڵی منالی.نوسەری توو سوورە ڕێک دەست لە سەر برینێکی قوڵی کۆمەڵگای پیاو سالار دادەنێت.کۆمەڵگایەک کە شەڕ و دەستدرێژی کردن بۆتە کارێکی ئاسایی.ئەو بیرۆکە ناخۆشانەی منالی دەتوانێت کار لە سەر تەمنێک ژیانی مرۆڤێک دانێت.بە داخەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا ژنان لەم بوارەدا زیاترین مەترسیان لە سەرە.بە داخەوە ئەو کەسانەی تووشی ئەو جۆرە نارێکییە لە دەروون دادەبن زۆرینەیان کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن و تەنانە مەترسی ئەوشیان هەیە کە هەر دەم کەسێک ببێتە قوربانی دستی ئەوان.لەو بابەتەوە توو سوورە هەوڵێکی باشی داوە کە بتوانێت سرنجی خۆی بخاتە سەر ئەو ترۆما رووحیانە,کە من پێم وایە هەوڵێکی درووست و بە جی بووە.ئەما من وەک فۆڕم کێشەم لە گەڵ دەقەکە هەیە,کێشەکەشم دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بیر و بۆچونەی من دەربارەی مۆنۆلۆگ هەمە.

لە بواری نووسیندا من پێم وایە شانۆکە لە نێوان مۆنۆلۆگی داستانی و مۆنۆلۆگی دراماتیک گیر خواردوو,بە جۆرێک کە ئەو شانۆی منی بەردەنگ توشی جۆرێک سەر لێ شێواندن دەکات. سەبارەت بە شیکاریی ڕەخنەیی پێدەچێت ئەم جۆرە مۆنۆلۆگانە ، لە نێوان ڕوونی بابەت و ئینکارییەکەیدا و هەر وها  فۆرمێکی بێ کات و هەڵە، دەربڕینی جەوهەری ناوەوەی کارەکتەر، یان پۆلێکی ناپەیوەندیدار و میتۆدێکی پەرشوبڵاوی فەرمی گیر خواردبێت. ئەو بەرهەمە کە سەر بە بەشی یەکەمی ئەم فەڕزیەکەی منە تا ڕادەیەکی زۆر بە دیل دەمێننەوە  و بۆ چەمکێکی دوای ڕۆمانسی کە مۆنۆلۆگ وەک شوێنی ئاشکرابوونی "خۆ"، خۆڕاگری و تەنانەت ڕژێمی هۆشیاریش دەبینێت. ئەم دیاردەیە کە بە وەستانێک لە کرداردا دەناسرێتەوە، لە ڕاستیدا "دراماتیک" نییە و بوونی لە دەقەکاندا ئاماژەیە بۆ شانۆیەک کە هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە. ئەم گریمانانەی هەمان شتە کە برۆکی سوورە تووی گرتووە.هەرچەند ئەو دیاردەیە لە ئێستادا لە ناو شانۆکارانی ئەو ناوچەیە گشت گیر بووە تەنانەت پێوەندی بەس بە توو سورەوە نییە.کاتێک تەواو هەوڵی دەرهێنەر و ئەکتەر دەبێتە ئەوەی خۆی دەرونی کارکتەر دەربخەن لە یەکێک لە فاکتەرە سەرکیەکان کە هەمان بەردەنگە لە کیس دەدەن,بەو هۆیەی کە بەردەنگە کارکتێرێکی کارایەو ئەو کەسەیە کە لە مۆنۆلۆگ دا دیالۆگ لە گەلیدا دروست دەبێت.لە ئەدەبیاتی ڕەخنەیی کە دراما دەکۆڵێتەوە، مۆنۆلۆگ بە فۆرمێکی پێشوەختە دادەنرێت. دیالۆگ توخمە پێکهێنەرەکەی درامایە، بنەمای ململانێی نێوان سوبژێکتیڤە، وەک لە زاراوەی سزۆندیدا پێناسە کراوە، لەنێو ئەوانی تردا. پاشان مۆنۆلۆگ هەڵگری ئەرکی تایبەتە کە کردارە دراماتیکەکە لە دیالۆگدا ئامادە دەکات، سەرنجی لەسەر دەدات، یان درێژ دەکاتەوە. لە دراماتۆرگیا کلاسیکییەکاندا وەک وەستانێک لە کردارەکەدا لێکدەدرێتەوە.

بەڵام وەک نواندن لە شانۆی توو سورە ئەکتەر کە ڕۆڵی کەسایەتیکی سنووری دەبینێت لە گەڵ هەر چەشنە ڕووبەرو بونەوە لە گەڵ دەرونیاتی خۆیەوە بەرپرچدانەوەیەکی هیستریک هەیە کە ئەو برپرچ دانە هیستریکە یارمەتی دەدات بەردەنگ یا بینەر ڕاکێشی کارەکە ببن بەڵام هەر چەند جوڵەی جوان لە جستەی ئەکتەر دا دەبینرێت ئەما ئەو جوڵانە تێکەڵاوی لەحنی ئەکتەرەکە نابن,لە زۆر شوێن ئەکتەر تووشی هەناسە بڕکیەکی نائاسایی دەبێت,هەر چەند ئەو شتە لە کەسایەتییە سنوورییەکان دا ئاساییە و زۆر جار تووشی ترۆمای خنکان دەبن بەڵام لە ئەکتەری توو سوورەدا زیاتر دەکرێت بڵێین کە خنکان بە جێگای ئەویکە کردوەیەکی جوانی ناسانە بێت جۆرێک کەم ئەزموونی لە نواندن دایە,ئەو چەشنە دیالۆگ ووتنە شوێنەوارێکی خراپ لە سەر بینەر وەک لایەنی سێهەمی شانۆکە دادەنێت.و دەبێتە هۆی دابڕانی بینەرەکەی. بنەمای ئەو دابڕانەش دەتوانرێت هەمان ووتەی داریوفۆ بێت کە دەڵێت: ئەکتەرێک کە دەکەوێتە هەناسە بڕکێ دان; لەبەر ئەوەیە کە دەمی وشک بووە، مەبەستم ئەو مەلەوانە تازەپێگەیشتووەیە کە لە کاتی مەلەکردندا بە دەست و پێیەکانی پەلە قاژە دەکات و شەپۆلێکی ئاو فڕێدەداتە هەوا و دەوروبەری. لە شانۆشدا هەمان شتە. کەسێک کە نەتوانێت مامەڵە بکات هاوار دەکات، بە پێی زەوی و ئاسمان درز دەکات و شەق دەداتە دەرەوە؛ چونکە ناتوانێت کۆنترۆڵی هەستەکانی بکات، هەناسە دەدات، دەنگی دەبێتە هاوار یان زەق، ڕیتمەکەی لەدەست دەدات... کەسێک کە دێتە سەر شانۆ پێویستە هەمیشە ئەو هەستە لە بینەردا ورووژێنێت کە ئاسوودەیە. مەبەستم ئەوە نییە کە بێباکانە و بێخەم بێت، بە پێچەوانەوە: هەموو ڕەفتار و قسەکانی ئەکتەر کۆنترۆڵ و هەماهەنگ و هاوسەنگ بێت.هەرچەند بێ ئینسافیە کە بڵێین ئەکتری شانۆی توو سوورە تەواوی ئەو تایبەتمەندیانەی لە سەرەوە لە زار داریوفۆ ووترا تێیدایە بەڵام لە لێواری ئەم پەرتگایەدایە.

لە کۆتادا شانۆی توو سورە بە هەوڵگەلێکی نا دراماتیک هەوڵی داوە کێشەیەکی دراماتیک بخاتە روو کە ئەو بۆتە هۆی بەڕزەخێک بۆ بینەر و ڕخنەگر.

## ئەنجام

لێکدانەوە و ڕەخنەی شانۆی «تۆو سوورە» ڕوون دەکاتەوە کە کێشەی سەرەکی کارەکە ـ یان هەوڵی دروستکردنی جۆرێکی دیاریکراوی مۆنۆلۆگ ـ لە نێوان دوو بواری جیاواز گیر دابەستووە: لە یەک لایەوە مۆنۆلۆگی داستانی کە سەرنجی لەسەر دەرون و ناوخۆدانەوەی کاراکتەری سەرەکی دەدات، و لە لایەنی تردا مۆنۆلۆگی دراماتیک کە هەوڵی دروستکردنی دیالۆگ لە نێوان ئەکتەر و جیهانی ناوەڕاستی شارۆمانەکە دەدات. ئەم دوو ڕەهەندە، بەجای ئەوەی یەکدی پشتیوانی بکەن، ڕاپەچان لە نێوانیان دروست دەکەن و فۆرمەکە دەتوانرێت بە شێوەیەک بینرێت کە نەتوانیوە تەواوی تەلەفیقی پێویست بگات.

بە تێگەیشتنی ئەدەبی و دراماتیک، مۆنۆلۆگ ـ وەک پۆلێنێکی مێژوویی و شانۆیی ـ پێویستی بە چوارچێوە، پەیوەندیدانی سەرنجدار لە نێوان نوسەر، ئەکتەر و بینەر و ئاهەنگی فۆرمی هەیە. لە شانۆی «تۆو سوورە»دا، ئەم ئەستێتیکییە لەم چوارچێوەدا بە تەواوی جێبەجێ نەبووە. کاراکتەری سەرەکی ـ کە بە جوانی وەها نیشانەگانی ناڕێکی کەسایەتی سنووری پیشان دەدات ـ لە دەرونی خۆی دا هەوڵی قسەکردن و "خۆناسینی" هەیە، بەڵام ئەم مۆنۆلۆگە ڕوونی دیالۆگی دراماتیک دروست ناکات. لە کاتێکدا ئەکتەر بە هەناسە بڕکێ و تووشی بەهێزی عاطفی دەبێت، ئەم جووڵانە بۆ خۆمان بە جای ئەوەی بگاتە جێگری دراماتیک، دەتوانرێت بگاتە نیشانەی کەمئازموونی لە فۆرم.



بەرزکردنەوەی تراوما، گەردڵی کۆمەڵگای پیاوسالار و ناوەکانەی ئاوی نارێکی کەسایەتی سنووری،
هەموویان نیشان دەدەن کە شانۆکە بە باشی توانای دەربڕینی نێخۆشیە ناو کۆمەڵگایەکان دامەزراندووە.
هەروەها نوسەر و دەرهێنەر بە دڵنیایی دەستیان لەسەر ئەو زەخمە کۆمەڵایەتییە گرتووە. بەڵام ئەو فاکتورانە
کە شانۆکەی "تۆو سوورە"یان بەرزی دادەنێن، هەمانان ئەوانن کە لە فۆرمی مۆنۆلۆگ کارەکەیان تێکدراوە کردووە.
هەوڵی یەکێکردنی تراوما، مۆنۆلۆگ و دیالۆگ، لەبەر قەبارە و تیپی دەرهێنراوەکە، لە بنچینەی دراماتیکدا
نەتوانیوە هەڵامەتێکی دروست بدات.

لە کۆتاییدا، دەکرێت بڵێین شانۆی «تۆو سوورە» کارێکە پڕ لە ئارەزووی دراماتیک و هەستە درووست و
تەواو، بەڵام لە هەمان کاتدا نارادەگەی فۆرم و نابژاربوونی جۆری مۆنۆلۆگ هۆی ئەو بووە کە بینەر لە چەند
قۆناغدا "دابڕان" هەست بکات. کارەکە لە ڕووی ناوەڕۆک، سماو و چالاکە، بەڵام لە ڕووی فۆرم و نووستن، دڵنیایی و
کۆنترۆڵی پێویست بۆ مۆنۆلۆگی دراماتیک و پێتاندنی قەبارەی دیالۆگ نەبووە. هەوڵی شانۆکە بۆ بەرزکردنەوەی
ترۆما ڕێزی گەورەی خۆی هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا کار پێویستی بە بنیاتنانەوەی فۆرمی و زانستی هەیە تا بتوانێت
لە نێوان داستان، دراما و تراوما، هێمای یەکگرتوو و هاوسەنگی دراماتیکی دروست بکات.



## تاسانن؛ خەوێکی ئەفسانەیی لە ناو کێشەی شانۆیی دا

■ ئیبراهیم ئیبڕاهیمی ■

ئەگەر بڵێم هەموو ئارەزووەکانم بەدەست هێناوە، ئەوا تەواو بووم. هێشتا هەوڵ دەدەم باشتر بم، باشتر بنووسم، باشتر کار بکەم، باشتر پەیوەندی لەگەڵ خەڵکدا بکەم، بۆیە ناتوانم بڵێم گەیشتوومەتە، لە ڕێگادام."هواس پلوک"

ئەو رستە جوانە لە هواس پلووک دەبێ دەرسێک بێت بۆ تەواو ئەم گەنج و تازە لاوانەی شانۆکار دەکەن.دونیای شانۆ هونەر هیچکات کۆتایی نییە و بێ بنە.نووسین لە بارەی کارێک کە هواس پلوک ڕۆڵ گێر و نوسەری بووە تۆزێک سەختە و وەک هەنگاو هەڵێنانەوەیە لە ناو میدانی مین. لە راستی دا هواس پلوک ساڵیانێکی زۆرە هەوڵێکی بێ وچانی هەبووە بۆ زیندوو کردنەوە و توژینەوەی چیرۆکە کۆنەکان و کایەکانی کوردەواری. و پێش نوسینی ئەو ڕخنەی وەک ڕێز لێنانێک بۆ هواس پلووک بە پێویستم زانی ماندوو نەبوونی ساڵیانی ساڵ هەوڵی بێ وچانی بدەم .لە گەڵ ئەوەش دا لە سەر ئەو بڕوایەم کە کاتێک شانۆیەک دەچیتە سەر شانۆ پێویستی بە لێکدانەوە و لێکۆلینەوە هەیە بێ ئەوەیکە داهێنەرەکە لە بەر چاو بگیرێت.لە شانۆی تاسانن ئێمە لە گەڵ چیرۆکێک تەڕەفین کە دەکرێت بڵێین زیاتر وەک چیرۆکی زێهنی نوسەر دەچێت تا چیرۆکێکی لە مێژینە.ئەو چیرۆکە باس لە ئەکوانی دێو دەکات کە چۆن تەڕلان کە نیشانەی;هێز و ئازادی و ڕەنج و خۆ راگریە لە خەو دەکات.هەر بۆیە نووسەر بۆ گەڕاندنەوە ئەو گشت شتەی باسمان کرد پێویستی بەوەیە کە هەقایەت خوێنێک تەواو ئەو هەقایتانە زیندوو کاتەوە و رای گوێزێت بۆ ئەو ڕۆ تا نەفسی خۆراگری و ئازادی لە بەرامبەر ئەکوان دێوەکان کە بە کیماو گرتن و بڕین تەڕلانەکانیان گرتووە زیندوو کاتەوە.بۆ ئەو کارە هواس پلووک کەڵکی لە ئەفسان و دێو و پەری وەرگرتووە بەڵام دارشتنەوە ئەو جۆرە شانۆیانە بە زمانێک کە زمانی دراماتیکی فارسی و حەقایت خوێنی ئەوانە و سەراسەر شانۆکە بەو زمانە نوسراوە ئەو پرسیارە دێنێتە ئاراوە کە پرسیارێکی زۆر هەست یارە ;بۆ ئێمەی کورد ئەو چەشنە زمانەمان نییە لە حاڵەتێک دا ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک چیرۆک و بەیتی ئەفسانەیین کە دەکرێت زمانی شانۆیی تایبەت بە خۆیان هەبێت.لەو رووە و کارەکەی هواس پلوک نیلوفەر قلعە شاخانی کم و کۆڕێکی دیکە لە هونەری شانۆی کوردی دا دەخاتە ئاراوە.بەڵام من پێم وایە شانۆی تاسانن خۆشی لە ناو خۆی دا توشی کێشەگەلێکی دراماتیکی و تکنیکیە کە بینەر مانوو دەکات و دەبێت هۆی دور بوونەوەی ئەو .ئێمە دەبینین کە شانۆکە تەقریبا 45 دەقە لە ژێر رکیفی حەقایت خوانێک دایە کە بە یەک دەفعە نامێنێت,هەر ئەوە خۆی کێشەیەکی گەورەیە لە بواری مەنتقی شانۆیی و دەبێتە هۆی ئەوەیکە بە تەواویی مەنتقی شانۆکە بچێتە ژێر پرسیار.لە دوای 45 خولەک بە یەکجار دەڵێی پێ دەنیین ناو شانۆیەکی ترەوە کە هیچ بۆنێکی لە بەشەکەی پێشەوە پێوە دیار نییە.بۆیە بینەر تاقەتی نامێنی و ساڵۆن چول دەکات.هات و چوی ئەکتەرەکان بۆ ناو شانۆ هاتوو چویەکی پێناس کراو نییە و دەبینی لە ناکاو تەڕلان بە هیچ چەشنە منتقێک لە ئاسمانەوە دەکوێتە ناو شانۆکە .ئەو شانۆیە کۆمەڵە بازیگەرێکی زۆر توانای تێدایە بەڵام لە ژێر سایە لاوازی مەنتقی شانۆیی وە بەر چاو نایەن و دەبن قوربانی.

شانۆکە هەروەها توشی جۆرێک بێ ناسنامەیی کلتووری.چیرۆک وەک فۆرم بۆن و بەرامەی کوردی پێوە دیارە بەڵام وەک ناوەرۆک زۆر سەر لێشێواوە.

## ئەنجام

لە کۆتایی‌دا، شانۆی تاسانن وەک هەوڵێکی جددی و جەسورانە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەفسان و مەعنای ئازادی و خۆراگری دەتوانرێت هەڵسەنگێنرێت، بەڵام ئەم هەوڵە لە ئاستی جێبەجێکردنی شانۆیی دا توشی کێشەی بنچینەیی بووە. بێ گومان ئیدێی هێرشکردنە سەر ئەکوانی دێو و زیندووکردنەوەی ڕۆحی ئازادی لە ناو کێشەی مرۆڤی دا، توانای مەعنایيدا هەیە؛ بەڵام لاوازی لە بنیاتنانی مەنتقی دراماتیکی، هێما و گواستەوەی بێ پێشەکیی نێوان بەشەکان، و نادیاریی زمان و ناسنامەی کلتووری، بووە هۆی ئەوەی ئەم توانایە لە سەر شانۆ بە تەواوی نەدرخشێت. ئەنجامەکە ئەوەیە شانۆی تاسانن زیاتر وەک مانفێستێکی بیرکاری و زێهنی دەرکەوتووە تا وەک شانۆیەک کە بتوانێت بینەر لە ڕێگای دراما و فۆرم گرتوو بگرێت و لەگەڵی هەنگاو بدات. بۆیە ئەم کارە هەروەک هێمایەک لە بوونی پۆتێنسیال لە شانۆی کوردی دادەنرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاگادارکردنەوەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی کە بێ بنچینەی دراماتیکی و ناسنامەی زمانی ڕوون، هەر ئیدێیەکی قووڵیش لە مەترسی دووربوونەوەی بینەر نائاسوودە نابێت.





# شانۆ نامە ی شەوێک لە بیر نەکراو

دیاکۆ ئەحمەدی

کارێکی سیاسی–دەروونییە کە لەگەڵ سادەیی شوێن و کاراکتەرەکان، چینە چین واتا و پرسیاری ئەخلاقی، سیاسی و مرۆڤایەتیی قووڵ لەخۆ دەگرێت. چیرۆکەکە  سەبارەت بە دیل کردن و ئەشکەنجە دەرچووە و هەنگاوێک بۆ دیموکراسی هەڵگرتووە.

شانۆ نامەکە تەنها سێ کارەکتەری سەرەکی هەیە: زریان:ژنێکی تەمەنی ناوەڕاست، قوربانیی ئەشکەنجە و تێکدانی سیاسی لە سەردەمی دیکتاتۆریە و هێشتا برینە دەروونییەکانی تازەن. کاوات:هاوسەری، پارێزەرێکی میانەڕەو و رووناکبیرکە تازە ئەندامی کۆمسیۆنی دۆزینەوەی ڕاستییەکان بووە سەبارەت بە تاوانەکان. پزیشک: خوشڕەفتار و بە ڕووخساری بێتاوان، کە بە ڕێکەوت دەکەوێتە نێو ژیانی ئەم دوو هاوسەرە.

دەستپێکی شانۆنامە:چیرۆکەکە لە ماڵێکدایە کاوات لە کاتی گەڕانەوە بۆ ماڵ، ئۆتۆمبێلەکەی کێشەی پێ دەهێنێت. پیاوێک نەناسراو یارمەتیدەری دەبێت و دوای ئەوە تا ماڵ هاوڕێی دەکات. لە هەمان چرکەی چوونەژوورەوەی دوکتور، زریان بە توندی دڵتەنگ و نیگەران دەبێت. قسە ناکات، سەیری دەکات، گوێ دەگرێت و ڕەفتاری ئاسایی نییە.

گۆڕانکاری یەکەم: گومانی زریان دوای ئەوەی دوکتور بۆ ژوورێکی تر دەچێت، زریان دڵنیادەبێت کە دەنگی ڕۆبێرتۆ دەناسێت.باوەڕی وایە ئەو هەمان پزیشکە کە ساڵانێک پێشتر، لە سەردەمی دیکتاتۆریا، لە کاتی ئەشکەنجە دەستدرێژی، پێ کردووە.

خاڵێکی گرنگ ئەوەیە زریان هەرگیز لە زیندان چاوی بە دوکتور نەکەوتوە و ئەشکەنجەکەری خۆی تەنها بە دەنگ، بۆن و میوزیک دەناسێتەوە کاتێک دوکتور لە ماڵەکە دەمێنێتەوە، زریان بە کردارێکی توقینەردەست و پێی دەبەستێت و دەیخاتە بەندیخانەیێک کە لەوە پیش یەکەی دەروونی(سەگ) خوێی تێدا بە دیل کردوە. دانپێدان یان دادپەروەری؟ زریان ڕادەگەیەنێت:«تۆ ئەو کەسەی کە منت ئەشکەنجە دا.» دوکتور بە ترس و تۆقینەوە ئەم تۆمەتە ڕەت دەکاتەوە. کاوات کە دەهێنرێتە ناو دۆخەکە، دەکەوێتە بارودۆخێکی زۆر ئاڵۆز: لە لایەک هاوسەری، قوربانیی ئەشکەنجە لە لایەکی تر پیاوێک کە هیچ بەڵگەی فەرمی دژی نییە و  هەوڵدەدات بە عەقڵ و یاسا دادوەری بکات: دەڵێت کۆمسیۆنی ڕاستییەکان تەنها لەسەر کوشتنەکان کاردەکات، نە لەسەر ئەشکەنجە .دەڵێت وڵات پێویستی بە ئارامی هەیە، نە بە تۆڵە. بەڵام زریان باوەڕی وایە دادپەروەری فەرمی شکستی هێناوە ئەشکەنجەدەرەکان بە ئازادی ژیان دەکەن،گۆڕانکاری دووەم: تۆمارکردنی دانپێدان زریان داوا دەکات دانپێدانەکەی لەسەر کامێرا تۆمار بکات وردەکارییەکانی ئەشکەنجە باس بکات و ڕۆڵی خۆی قبوڵ بکاهەڕەشە دەکات کە ئەگەر دانپێدان نەکات، دەکوژرێت.



کاوات دەبێتە ناوەندگێر ، یارمەتی دوکتور دەدات دەقێکی دانپێدان ڕێکبخات هەوڵدەدات ڕاستی لە درۆ درێژ بکات بەڵام خۆی هێواشهێواش دەکەوێتە گومان.

گومانی گەورە: ئایا دۆکتۆر بەڕاستی تاوانبارە؟

هەندێک جار دوکتور وردەکارییەکان بەو شێوەیە دەڵێت کە گومان دروست دەکا ، هەندێک جار وا دیارە تەنها ئەو شتانە دەڵێت کە زریان حەز دەکات ببیستێت کاوات لە نێوان عەقڵ ، ئەخلاق ، خۆشەویستی و ترس گیر دەکەوێت

دوکتور بە ئەنقەست هیچ دڵنیاییەک بە بینەر نادات.ئایا زریان بەڕاستی دەنگی ئەشکەنجەکەری ناسیوە؟ یان برینی دەروونی وای لێکردووە هەڵە بکات؟ ئایا دانپێدان ڕاستە ، یان ڕێگایەکی رزگاربوونە؟

لوتکەی نمایش: دەسەڵات لە دەستی قوربانی لەم بەشەدا تێکچوونی هێز تەواو پێچەوانە دەبێت قوربانیی پێشووتر ، ئێستا دادوەر و جلادە تاوانبار ، بێهێز و داواکار یاسا ، نادیار زریان لە کۆتایی دا پێویستە بڕیار بدات: تۆڵە؟ لێخۆشبون؟ یان ئازادکردن بەبێ وەڵام؟ زریان بڕیار دەدات کاوات لە کاتی دروشم نوسینی لە کوێ بوە ئەویش تاوانباری پلەی دوهەەم بێت تا هەرسێکیان بە گازێک بخنکێن. ئەکتەرەکان بە جوانیەکی تەواو نزیک بونەتەوە بە کاراکتێر دەرهێنەر بە دابین کردنی بەندیخانەیێک کە زریان تێیدا کاوات و دوکتوری بە دیل کرد تا سەگی دەرونی ڕزگار بێت ، بە بە کار هێنانی کامێراو بلاو کردنەوەی هاوکاتی بە جوانی ئامێرە کانی بە کار برد.





## کورتەی چیروکی هەملێتماشینی مولێر



دیاکۆ ئەحمەدی

هەملێتماشینی شانۆنامەیێکی کورتە سە بارەت بەو حەرەکەتە سیاسیە ی غەربەوە، ناسراوە بەوەی کە هەملەت لە شێوازی کلاسیک دەبڕێتەوە و دەگۆڕێتە ئاوێنەیێک بۆ تێکچوونی مرۆڤ، سیاسەت، ژنان و کلتور. هەملێت لە کارەکەدا شازادە نییە، بەلکو کێشەیەکی شەخسی–سیاسی کە وەک مێشکێکی تیکچووئەنجام دەدرێت.ئەوبەرنامەیە کات و چیرۆک تیکدەشکێنێت وێنەیێکی پۆستمۆدێرن لە ناتوانی مرۆڤ بۆ گۆڕانە. ئۆفێلیا بڕیار دەدات دژ بە سیستەم،دژ بە ژنستێژی بێت.هەملێت دەگۆڕێتە دابنامیتی دەرەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە خۆی لە ناو تێکچوونی جیهان دەبینێت بێ ئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت.شانۆنامەکە بە شێوەی پاشتێکچوونی شۆڕش و شکاوەی ئیدئۆلۆژی کۆتای پێ دێت.

لە پێشەکی دا دەبینین چەن دانە ئەستونی نیوە تێک شکاو و تابوتێک کە باوکی هەملێتی تێدایە دەرهێنەر دەیەوێت ئەو وێرانەی کە نوسەر ئەیەوێت سازی بکات. بە ئەنیمەیێک چیرۆکەکە بۆ ئێمە دوبارە بخولقێنێتەوە و هەر وەکو ئەو کارە ی کە مولێر دەیکات لە جێگەیێکیش دا دولایەنییێک لە رەوایەت و تەسویر بو ئێمە دەخولقێنت.

هەملێت سوژەیێکە هەوڵ دەدا بە جێی تۆلە، ناکارایی تێفکرینی قەرنی بیستی ئوروپا تیکشکێنێت. ئوستوورەکان وەکو هەملێت ئیتر نایانەوێت تۆلە بگرێتەوە و قوربانی دەورانی ماشین بێت.

لە ئێجرا دا دەرهێنەر بە تەواوی وەفادار بە شانۆنامەیە.

«هاملێتێ ماشین» یەکێکە لە رادیکالترین نوسینەکانی شانو لە دوای جەنگی جیهانی دووەم بانگەوازێک دژ بە مێژوو، توندوتێژیە. مۆلێر لەم کارەدا نە شکسپیێر دەنووسێتەوە و نە ڕەدی دەکاتەوە؛ بەڵکو پاشەکەوتی دەکا تا بتوانێت لە وێرانەی مانابیەکانیەوە تێکستی نوێ دروست بکات. ڕووداوەکان و زمانەکان لە شانۆنامەکەدا زۆر گۆڕاو و ناهاوسەنگە، ئەوەی ئەکتەرەکان زۆر هەوڵ بدەن بۆ ئامادەکردنی کەسایەتیەکان و ڕووداوەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و بەرزبوونەوەی خەیاڵ. پەیوەندی دیالوگی فەلسەفی و جیاوازی ژینگەکانە، ئەمە دەکات سەرجەم تێگەیشتنەکان و هەستەکان بۆ بینەر قورستر بێت و پێویستە ئەکتەر ولە گشتی ئێحرا ڕەوشی تایبەتی هەبێت بۆ وەرگرتنی مانای زانستی و نەتەوەییە هەملێت ماشینی ڕووداوەکان و سکانسەکان بەشێوەی نایاسایی و فلاشبەکی نوسراون. ئەوە کێشەیەکی گەورە بۆ پێکهێنانی هارمۆنی و ڕوونکردنەوەی سکانسەکان بۆ پێشکەش کردن دەکات.

زۆربەی هەڵسوکەوت و جەستەکاریەکان بە شێوەی نایاسایی و سمبۆلیکن، بۆیە ئەکتەرەکان و ڕێژیسۆر پێویستە توانای بەکاربردنی ژەست و کاراکتێرەکان لە ڕووی مەعنای فەلسەفی هەبێت چەندمەدیاییـە، وێنەو ئارشیوی جەنگ،پەخشی هەواڵ ونیشان دانی بەرخۆدان وەکو ئاودان(رژێستور) کردنەوە دێتە یاریەی دەرهێنەر و بە کاری دێنێت.



## شانـــــۆی نازی ئابـــــــاد

■ دیاكۆ ئەحمەدی ■

جەعفەر برای گەورە ی خانەوادە لەگەڵ موشتەرییک (موهەندس) و بونگا دار، بۆ فرۆشتنی ماڵەکە دێنە ژورەوە.

شانۆ بە دو لایانییک دێتە چاو، خانم موهەندس(خەریدار)، بونگا دار(موتەرجم ) و جەعفەر، هەرسێ بە یەک زبان بەڵام نیازێک بە موتەرجم. لە جەعفەر دەپرسێ بە چ زبانێک قسە دەکات؟ جواب ئەداتەوە: کوردی، مەگەر نەتبیستووە کوردی ئاوارە. ئاوارەبوون و چەمەدان وەک دوو بنەمای هاوسان لە پەردەی ئەوەل دا، شان بە شانی یەک سەرنجی ئێمە رادەکێشن، بەو جورەی کە لە دوایی دا ئێمە دەبینین چەمەدان ئەتوانێت مۆبل، کۆمۆد یان تەنانەت درگاو هەر شتێکی تربێت.

قەراردادێکی رێک و پێک کە دێتە کومەکی دەرهێنەر و لە لایەن ئەکتەرە کان و بنەمای تەختی شانۆ بە جوانی رەعایەت کراوە، ئێمەش وەکو بینەر باوەڕی کەین چەمەدان ئەتوانێت هەمویان بیت وو نیشانەیەک لە ئاوارە یی. لێرە دا هەموشتێک وەکو چەمەدان ئاوارەیە.

ئێزافەکردنی تونگی ماسی لێرەدا وەکو ماسیێکە کە لە تۆنگە کەی زیاتر ناتوانێت بڕوا. دەر هێنەر لێرە دا پێش ئاگادارییێک بە بینەر دەدا بێ ئەوەی شتێک لە شانو بدرکێنێت. بێهزاد و تەهمینە (تی تی) خۆشکو برای جەعفەر، ئێلهام، هاوسەری و دوو کەسی نادیار (تا کو کۆتایی شانۆکە) ، باوکی خانەوادە و هاوسەرەکەی (مەهوەش).

کاراکتەری بێهزاد لەو جێگە ی قسە لە ئەفسانەی زەبانی سومێر دەکا: زبانەکان لە یەک ڕیشەوە دێن و هەروەها کاراکتێرێ ئێلهام کە فارسە و شوێنی چیرۆک کە تارانە، دوو زبانەبوونی شانۆ بۆ ئێمە ئەگونجێنیت. لەو جێگەی سەبارەت بە کۆمەڵناسی باس دەکات شتێک کە کەس (کاراکتەرەکان) شایەد تێ نەگا بەڵام بە جۆرێک دەربرینی دەرونیە: دایکی لەوشتەی کە بۆ مەهوەش وەکو خاتونێک پێش هاتوە لە لایەن باوکیەوە بێ بەش بوە.

ئەو خۆ دەربڕینە لە تی تی کاتێ کە قسە لە شێر و بیرەوەریەکانی لە مێترۆ دەکا، یان لە هاتو چوی لە تاران بە متۆڕ دەگێرێتەوە، روو ئەدا(بو ئێمە کاراکتێرێک بە فکرو ڕای سورێالیسمێکی دەرونی دەر دەکەوێت).

لە کاراکتێری ئێلهام دا، بە بەرگری لە جگەرە کێشانی جەعفەر، خەبەرە ناخۆشەکانی کاتی قەیران، بانگ کردنی ناوی تەهمینە بە جێگەی تی تی و حوکمدانەکانی لە سەر بێهزاد سەبارەت بێ دەرەنجام بوونی کارەکانی و نەڕۆشتنە دەرەوەی لە ماڵۆی خۆی پیشان دەدات.



کاتی قەیرانی شانۆ: ئەو کاتەی تێ دەگەین ماڵەکە بە ناو مەهوەشەوە کراوە، بە سێ جار دووپات کردنی بە دوای یەک دا دەرهێنەر ڕاوەستانێک لەو کاتە وەکو وەستان بو ئێمەی بینەر کە لە راستی دا لە قەیرانی شانۆ ئێمەی بینەر ئاگار دەکاتەوە.

لە پەردەی ئاخر: بێهزاد ڕوشتوەتۆ بۆ بیجاڕ، ئێلهام دیتە ژورەوە و خەبەرێکی پێیە کە قەیرانی ئاخر بۆ سەرئەنجام نەگرتنی کارو ساتی فروشتنە، سێ جار وەکو وەستان لە سەر قەیرانی ئاخر کە مەهوەش دێت بەلام هێزێکی گەورە تر بەری پێ دەگرێ، ئەو شتەی کە لە ناچاریەوە دێت، بۆ نەتوانینی فرۆشتنی ماڵەکە. بێهزاد بە دیل کراوە بە ژێر خاکیێکی دەس سازی خۆی، کە بە ڕەسەن ناسراوەو مەهوەش سەنەدی ماڵەکەی بردە بۆ ئازادی بێهزاد.

هەمو شتێک دەسپێکی ئەوەیە کە ماڵ نەفروشریت. لێرە دا ئەگەر قارەمان جەعفەر بێت وەکو کەسێک کە هێزێکی زۆری لێدا بو گۆڕانێک بە واتەی فرۆشتنی ماڵ، بتوانێت شتێک بگۆڕێت. کاراکتێرەکانی دیکە هەرکام بە کەم و زۆر وەکو هێزی بەرگر، یان دژە قارەمان دێنە چاو. بەلام بە جوانی دەبینین کە هیچ کاراکتێرێک وەکو چاکی تەواو یان خراپی تەواو نیە، بەڵکو ئەتوانێت هێزێکی گەورەتر وەکو چارەنووس هێزی بەر گر بێت.

ئەگەر ماسی جەعفەر بێت، باقی هێزەکان تونگەکەن کە نایێلن ماسی لە تونگەکە زیاتر بروا.

لە نازی ئاباد تەواوی ئامێرە کانی تەختی شانۆ لە ئاگادارییێکی جوان وەرگیراون و دەگەڕێنەوە بۆ شانۆنامە، تاکوو تام و چێژی تێگەیشتن بە ئێمەی بینەر خۆش تر بکات و هەروەها لە خزمەتی یەکیەتی ئێجرا بێت بۆ نواندن.





## لێکۆڵینەوە لە سەر شانۆی بە ساڵاچویی

ئارام ئەمینی

با لە دوو ڕوانگەوە باسی یەکێک لە سەرنجڕاکێشترین بەرهەمەکانی فێستیڤاڵەکە بکەین:

١. لەڕووی ناوەڕۆکەوە:

ئەم بەرهەمە لێکدانەوەیەکی ئازادە بۆ کتێبی شاە لیر لە نووسینی شکسپیر.

٢. کورتەی چیرۆکی لیرشاە:

پاشا بۆ دامرکاندنی غرورەکەی، لە سێ کچەکەی دەپرسێت کە بیروڕایان چییە لەسەری؟

دوو کچی پاشا ستایشی دەکەن و بەشێکی وڵات وەک خەڵات بەدەست دەهێنن. لە بەرامبەردا، پاشا ئەو کچە ڕاستگۆیە دوور دەخاتەوە کە خۆ ئەپارێزێ، لە 'خۆنواندن" (نەوەک ئەوانی تر). بەڵام لە کۆتاییدا ئەم کچە ڕاستگۆیەیە کە لەگەڵ پاشادا دەمێنێتەوە.

سەرەتا با بڵێم دەقی شاە لیر نموونەیەکی زۆر باشی ئەم ڕستەیە: "مەرج نییە ئەو کەسەی ستایشت دەکات هاوڕێت بێت و ئەو کەسەی ڕەخنەت لێدەگرێت، دوژمنت بێت" من بۆخۆم ئەو ڕوانینەم زۆر بە دڵە.

بەر لە هەرشتێک هەڵبژاردنەکەی دەرهێنەرم بەدڵە.

یەکێک لەو شتانەی کە پێم خۆشە جەختی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئەکتەر و دەرهێنەران هەندێک جار لە کارەکانیان ناچن و ئەوەش تۆزێ هەستێکی ناخۆشم پێدەبەخشێت کاتێک کارەکانیان پیشانی خەڵک دەدەن).

گەڕینەوە سەر کارەکە! ئێستا نووسەر چ گۆڕانکارییەکی لە دەقەکەدا کردووە؟ ئایا ئەم دەقە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی ئێستەمانەوە هەیە؟ بۆچی دەرهێنەر هەڵیبژاردە؟ چ شتێکی تێدا بینیوە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کارەکە خۆگونجاندنێکە، لە کوێدا بەهێزی کردووە و لە کوێ ئەوانی لابردووە؟ بۆ نموونە پرسی باسی "خیانەت" لەم شانۆگەرییەدا جەختی لەسەر کراوە. دواتر ئایا ئەم دەقە هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی ئێستامانەوە هەیە؟ بۆچی دەرهێنەر هەڵیبژاردە؟ چ تەوەرێکی تێدا بینیوە؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە کارەکە چاولێکردنێکە لە بەرهەمی شکسپیر، کوێی بەهێزی کردووە و لە کوێ سڕیویەتەوە؟ (بێ گومان، توێژەرێکی شکسپیر باشتر دەتوانێت ڕەهەندەکانی ئەم لێکدانەوەیە ڕوون بکاتەوە) (ئاگاداری سپۆیلەر) نووسەر "ڕیگان" و "ئێدمۆند" وەک خوشک و برا دەناسێنێت و ڕیگان دوای ئەوەی زانیاری لەسەر ڕووداوەکە دەبێت (کە لەگەڵ براکەی خۆی خەوتووە) خۆی دەکوژێت. بۆ ئەوەی سزایەکی توندتر بە خیانەتکار بدرێت. شاید گەورەترین دەست بردنەی ناو دەق، لابردنی کاراکتەری گلاستەر بێت، چون ژیاننامەی ئەو نموونەی عینی ئەو ڕووداوەیە کە بۆ لیر ڕوودەدات.

ئەمەش وایکردووە کارەکە زۆر کورتتر بێت. (کارەکە ٥٥ خولەکە) بەڵام ڕەنگە ئەگەر بمانویستایە چاوێکی باشتر و قووڵتر بدەین بە، (بۆ نموونە) گۆڕانی باری دەروونی پاشا، پاڵنەری کارەکتەرەکان، کچەکان، کۆردێلیا، زاواکان، یان تەنانەت خودی گاڵتەکەرەکە، ئەوا دەکرا کارەکە لانیکەم ١٠، ٢٠ خولەک زیاتر بوایە و ببێتە کارێکی سەربەخۆتر. ڕەنگە! نازانم. یان پێوەندیەکەی چەندلایەن تر و خۆش تر درووست ببوایێ لە نێوان مۆنۆلۆگەکان گاڵتەکەرەکە و حاڵ و وەزعی نەمایشەکە.

(ڕەنگە من بە شێوەیەکی ناخودئاگاە بەرهەمەکە بەراورد بکەم بە دەقی سەرەکی کە دەکرا نزیکەی دوو کاتژمێر و نیو بخایەنێت، لە بیریش مان نەچێ کە خەڵکی ئەمڕۆ بێتاقەت ترن)

چارەنووسی گلۆستێر ئاوێنەیەکی بابەتیی ئەو ڕووداوە ناوەکییەیە کە بەسەر لیردا دێت. وە پرسیارێک کە دێتە گۆڕێ ئەوەیە کە: ئەگەر کەسێک دەقەکەی شکپیری نەخوێندبێتەوە یان کورتە چیرۆکەکە نەزانێت، کارەکتەرەکان نەناسێت، ئایا بە تەواوی لە ڕەوتی چیرۆکەکە ئاگادار ئەبێت؟ بە واتایەکی تر ئاخۆ لە چیرۆکەکە تێدەگەن؟ بە تایبەتی کاتێک باس لە کۆتایی دەکرێت کارەکە جێی بیرکرنەوی هەیە. (بۆ وا تەواو ئەبێت؟) (ئاگاداری سپۆیلەر) لە دەقەکەی شکسپیردا، کۆردێلیا کارەکتەری ئەرێنییە کە دەگەڕێتەوە بۆ یارمەتیدانی باوکی. بەڵام لێرەدا کۆردێلیا هەر کە لە شەڕەکەدا سەرکەوت، لەگەڵ گاڵتەکەرەکەدا وەک پێویست هەڵسوکەوت ناکات، (هاوسەرەکەیشی هەروا)، هەمان چەمکی "لەخۆبایی بوون" لە کاتی هاتنە سەر دەسەڵاتدا. وە گاڵتەکەرەکە دەکوژێت. (هەرچەندە نەمایشەکە ئێژی، تۆزێ بە پەلە تەواو ئەبێت)

ئایا خۆی شێت دەبێت؟ باوکی شێت دەبێت؟ (تراژیدی) پێم سەیرە کە نووسەر کارەکتەری کۆردێلیای لە کەسێکی تەواو ئەرێنییەوە گۆڕیەتی بۆ "کەسێک کە کاتێک دەسەڵات بەدەست دەهێنێت ڕەفتارەکانی دەگۆڕێت." ئەویش بەهەڵە ئەچێت لە کاتی دەسەڵاتیان بەدەست هێنان. پاشا لەو خۆش نەبوو ئەو لە گاڵتەکەر. سووڕی هەڵەکان بەردەوامە. (زۆرم بە دڵە) لە ڕووداوی کۆتایی نەمایشدا، ئەو کاراکتێرەی کە زیاتر لە هەمووان دەتوانین تەکیا ببین، گاڵتەکەرە. تەنیا کەسێک کە چاک بوو و چاک ما. ٢. لەمەوردی فۆرمی کارەکەوە: "دەڵێن شانۆ بۆ دیتنە و نە بۆ گوێگرتن." بڕۆین بۆ ماجرای کوریئوگرافی، ( شێوازدانان بۆ جووڵە/سەما) یەک دوو ساڵ لەمەوبەر لە فەستیڤاڵەکەدا کەسێکم دی کە کەمێک تووڕە بوو و ئەیوت: "ئەمان هێشتا نازانن ناوی ئەم کارە چییە؟ پێی ئەڵێن فۆرم!" وە ڕاستیشی ئەوت. کاتێ شانۆکەم دەبینی تا خولەکی ٤٠ بازەمۆ لە خۆم پرسی: "ئەمە چ جوڵەیەکە؟ بۆ چی؟ چی دەتوانن زیاد بکەن بۆ دەقەکەی شکسپیر؟" کە لەناکاو

لە چارەکی کۆتایی کارەکە، ئەکتەری نەقشی گانێریل، جووڵەیەکی کرد، کە زۆر قورس بوو بۆ من بەگومانم ناوی حەرەکەتەکە "قەلی یەک پا " بوو (وێسان لەسەر دەست لە کنارەوە). کە پێویستی بە هێز و هاوسەنگی و نەرمی و تەرکیز هەبوو. هەمان شتانەی کە لە جەستەی یەک ئەکتەر چاوەڕێی دەکەین (بە بێ خۆنواندن). لەوکاتە کە هاتم بە خۆما، دیم کە :گانێریل لە هەڵسوکەوتی خۆی لەگەڵ باوکی نائارامە. لە شوەکەیشی بێ هیوا بووە. سەردەردی هەیە. دۆخی سنوورەکان نادیارە. دۆخی خۆیشی نادیارە. لەوێدا تماشاکردنی من بۆ ئیجرا گۆڕا. لەهەمان کات دۆخی جەستەی ئەکتەر نیشاندەری دۆخی کاراکتەر (واتە گانێریل) بوو. پێ لە هەوادا، هەڵواسراو، بێبڕیار.

لە ئەویٚ بوو کە قسەکانی مایێرهۆڵدم وە بیر هاتەوە. "ئەگەر دەتەوێت خۆشی بگەیەنیت، یەک بازیگەر دەتوانێت لە سەر خلیسکێنێک بخزێتە خوارۆ. جەستەی بازیگەر دەتوانێت لە کەمترین کات زۆرترین زانیاری یان هەست بگەیەنێت بۆ تەماشەوان". ئەمە بۆ من کلیلە بۆ تێگەیشتن لە ئەم شانۆیە. ئەڵبەت نیمەی کار بەو شێوەیە. نیمەی تر بازیگەرەکان تەواو بە شیوەی ڕێئال ڕەفتار دەکەن. بەڵام کاتێک کار فیزیکاڵ دەبێت، جەستەیەکی پڕ، مایرهۆڵدی، ...(هەر ناوێک کە دەتانەوێت بۆی دابنێن) ئێرە جەستەی بازیگەر ئامێرێکی بیانکردنی هەست یا ڕیتم یا ناوەڕۆکی کارەکەیە. (ئاگاداری سپۆیل) کاتێک لیرە دەفەهمێت کە کچەکەی کوشتووە، ریتمی جەستەکەی تێک دەچێت. (کە ئەویش لە بەر چاوم لا ناچێت، هەندێک لە بەشەکانی) کە ئەمە کەمتر بوو لە تەئاتر کوردی دا، ئەگەریش بوو لێرە تەرکیز لە سەر کەیفیەتی ئەنجامە. (بە دڵنیاییەوە کۆریۆگرافەرێک دەتوانێت باشتر باس لە لایەنە جیاوازەکانی ئەم کارە بکات.) وە بەڵام باسێکی کەسی، سەبارەت بە سەماکردن: هەمیشە ئەو پرسیارە لە مێشکمدا بوو کە ئایا دەکرێت سەماییک شێوەسازی (دیزاین) بکرێت کە نە زۆرئێرۆتیک بێت، نە خۆنیشاندان بێت (وەک ئەوەی ئەنجامدەر بڵێت: بمبینن کە لەشەم چەند بەهێزە، یان بمبینم کە چەند تەوازنم هەیە؟ بمبینن کە...، بمبینن ...)، و نە گاڵتەجاڕانە بێت.(بۆ نموونە کاتێک باوک چەپڵاخەی دا لە کوردێلیا، یەک دوو جووڵەی گروپی ئەکتەرەکان لە فیملە هێندیەکان دەچوو. کە ئەگەر مەبەستی دەرهێنەر پێکەنینی بینەر نەبێت، جێی ئیرادە) (بە دڵنیاییەوە کۆریۆگرافەرێک دەتوانێت باشتر باس لە لایەنە جیاوازەکانی ئەم کارە بکات.) من بە سەلیقەی خۆم دەڵێم کە جووڵەی جەستەیی ئەکتەرەکانم لە چوار شوێن سەرنجڕاکێش بینی:

١. کاتێک گۆنرییڵ باسی سەرئێشەی دەکرد و پەشیمان بوبووەوە

٢. ئاخری شانۆکە، کە وەکو ئەنجامی دوو ساڵی لەمەوبەری ئەم گرووپە لە بیرم دەمێنێت ("بووکەکەم کوا")، تەنها کۆتاییەکە (بەهۆی خێرایی کۆکردنەوە)، تۆزیٚ گێژم دەکات.

٣. کاتێک ئاغاکان بە تەماحەوە نان دەخۆن.

٤. کاتێک جووڵەکان بە جۆرێک ئاماژەیان بە پەیوەندی نێوان ئێدمۆند و گۆنرێل دەکرد. (جووت بوون و خەیانەت) لەم کاتانەدا بەدەن لەگەڵمان قسە دەکات. بەشیٚ لە هەستە کە، (ڕەنگە زۆرتری) لە ڕێگای بەدەنۆ، کاریگەری دەکا لە سەرمان. ئەکتەری نەقشی گانێریل بە نەزەرم نواندنێکی جوانی بوو (سەحنەی سەرئێشەکە) وە دوای ئەو پاشا (لە ئاخرۆ) بەڵام ڕەنگە لە شوێنەکانی تردا بە هۆکاری جۆراوجۆر کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووبێت. یان ئاماژەی خۆنمایشکردنە (وەک کاتێک گۆنێریل یاری بە دەستکێشەکان یان بە ئاگر دەکات.)

یان سەمای ئاور و دەسماڵەکان هەر بەو ئەکتەرە لە سەرەتای نەمایش دا جوانە بەڵام پەیوەندییەکەی بە چەمکەکەوە لاوازە. کاتێک شاە لیر لە سەرەتای نەمایش دەڵێت ئەسپکەم بۆ بێنن، ئەو جوڵانەوانەی گروپی ئەکتەر کە (ناشیرینیش نەبوو) چیان دەستنیشان دەکرد بۆ گەیاندن؟ ئەگەر لە کۆتایی نەمایش، هەمان جوڵەکان بە شێوەیەکی توندتر ببواییٚ، دەیتوانی ڕۆژەکەی شەڕی پێمان بگەیانایی، بەڵام ئەگەر هەڵە نەکەم، لەوێدا شاە دەیەویست فەقەت بچێت بۆ میوانی. (کوێی دڕاماتیکە؟ کە ئەو هەموو حەرەکەتەی بۆ دروست دەکەن؟)

یان ئەگەریش جوانی زۆر تر بەرچاوە، نازانم بۆچیٚ ئەم خەیاڵە دێتە مێشکمۆ کە ئەگەر هەموو بازیگەرەکان یەک ئەسپی گەورەیان دروست بکردایی بە جەستەیان، ئەو دۆخە دەیتوانی شایەد سەرنجڕاکێش تر ببوایی.



بە هەر شێوە، بۆ من لە ڕووی فیزیکاڵۆ، دەتوانرێت زۆرتر باس لە سەر ئەم کارە بکرێت لە هەمان فێرکارییەکانی مێیرهۆڵدا باس لە زیادەڕەوییش کراوە، بەڵام هەست دەکەم ئاماژە و بنەما و ئاهەکانی ڕیگان کەمێک زۆر بوون. واتە کەمێک زۆر، زۆر.

بەڵام ئەوە تەواوی باسەکە نییە. لە هەندێک کاتدا تەواوی دیمەنەکە عەقڵی پاشا ئاشکردەکات.(Expressionism)

حەقلی مەقۆکە: بیر کۆنستراکتیویسزمم (Constructivism) دەخاتۆ. وەسیلەیێ کە کەڵکی زۆریان لێ وەرگرت ئەم تێگەیشتەنانەیان بەو پێ گەیاندین: بەرزی و نزمی قودرەت، شەهوەت بە ئاسایی، نەهاوسەنگی نێوان کوشتن و ژیان، ڕۆشتن و نەگەیشتن، ...

دەرهێنەر خەریکە لە هەر شێوەیێ کەڵک وەرئەگرێ کە ئێمە تەک ماجەرا کە هاوفاز بکات.

ئەو خەلاقیەتەی درهێنەر و گروپەکەی، لە هەندێک شوێن بەتەواوی یارمەتی چەمکەکە یان هەستەکە یان دۆخەکە دەدات، و لە شوێنەکانی دیکە کەمترهەستم بە مانایەک دەکرن یان هەستێکمی ئەجوڵاند. یان جوانیەکەی سەرنجمی ڕادەکێشا. ئەکتەری نەقشی گانێریل بە نەزەرم نواندنێکی جوانی بوو (سەحنەی سەرئێشەکە) وە دوای ئەو ئەکتەری نەقشی پاشا (لە ئاخرۆ) وە ئەوەش بێژین کە زەحمەتی گروهو ئەکتەرەکان بە کارەکەوۆ دیارە.



# وێنەکان



The 20th Saqqez International Kurdish Theater Festival




The 20th Saqqez International Kurdish
Theater Festival




Saqqez International Kurdish
Theater Festival




Festival






نوسینگەی داێمی فیستیڤاڵی شانۆی کوردی سەقز




the 20th Saqqez International Kurdish
Theater Festival



































